

چیرۆک

# تارماییەك لەم ماڵەدا

نوسەر: زانیار محەمەد حەمە ئەمین

٢٠٢٠

# تارماییەك
# لەم
#ماڵەدا

زانیار محەمەد حەمە ئەمین

٢٠٢٠

## ناونیشانی کتێب


ناوی کتێب: تارماییەك لەمماڵەدا

جۆری کتێب: چیرۆك

ناوەرۆك: لە ڕێگایەکی هەڵەو بێئاگاییەوە ڕووەو ڕێگایەکی ڕاست

نوسەر: زانیار محەمەد حەمە ئەمین

دیزاین: جەمال دەروێش

پێداچوونەوە: چاوان عطا

چاپخانە: ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپی یەکەم: ٢٠٢٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی ( ١٥٨٩ )ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێ دراوە

## پێشەکی:

### بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

یەکێــک لەبــونەوەرە خەیــاڵی و ئەســتورەیەکانی کەلتـوری گشـتی و بـاوەڕی خـورافی گەلانـی جیهـان بەتێکڕا و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەت شتێکە کە ناویان لێناوە"جنۆکە". جن وشـەیەکی عەرەبییەو مانـای شاراوەو نادیارە، پەنـابردنە بەر ئەم بونەوەرە خەیـاڵی و خورافیــانە لەهــزری دواکەوتــوو خواســت وحەزی دەرونـی ناتەندروسـتی مـرۆڤەوە سـەرچاوە دەگرێـت، لەسـەردەمی نەزانـی و کـاڵ و کرچـی زانسـتدا مـرۆڤ نەیـدەزانی هۆکـاری ڕاسـتەقینەی ڕوداو و گیروگـرفتە جەســـتەیی ودەرونیەکـــان چـــین؟ هێشـــتا مـــرۆڤ نەگەیشـتبوو بەو ئاسـتە لەزانسـت کەهۆکـاری ڕوداو وکارەساتە سروشتیەکان تێبگات بۆیە بەناچاری تـرس و خەیـاڵ وخورافـات زاڵ دەبـوو بەسـەریداو دیـاردە نادیارەکان بەهۆکاری نەخۆشـی جەسـتەیی و دەرونـی مرۆڤ و ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان دەزانرا!

زۆرێک لە ڕای جیاواز بوونی هەیە سەبارەت بە جن لەم پەرتوکەدا هەوڵ دەدەم ڕاست ترینیان بۆ ئێوەی خوێنەر بخەمەڕوو چەند دیاردەیەکی ناشرین کە بۆتە کلتورو خەڵکانێک ئالودەی بوون هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی ئاسان باسیان لێوە دەکەم.

مرۆڤ بە چی ڕێگایەک دەتوانێت لە جن خۆی بپارێزێت، جنەکان نەتوانن نزیکی بکەونەوە بەئاسانی بتوانێت خۆی لەو نەبینراوانە بپارێزێت.

## تـــارمایـیەک لەم مـــاڵەدا

لە ناوچەیەکی دوورە دەست دەژیم کە هیچ کەسێک لێرە ناناسـم، خۆشـم بە نـامۆ نـازانم چـونکە سـاڵانێکی زۆرە لێرە دەژیم، هەتا دەتوانم بڵێم لە هەندێک مرۆڤی ئەم نــاوچەیە کـۆنترم، کەس لەگەڵــم پەیوەنــدی نیــیە بەدەر لە چـراکەم کە هـاوڕێیەکی باشــی مـنە و نە ئەو لێم دەڕەنجێ نە منیش تورە دەبم لەو، دوو هـاوڕێین بڕوا ناکەم هاوشێوەمان هەبێت بەڵام نایشارمەوە جار بە جار دەیەوێ تورەم کات و هەڵبچم. نازانم شـەماڵی شوم دەیکوژێنێتەوە یان یاریم لەگەڵ دەکات دەیەوێ تورەم بکات.

زستانێکی زۆر سارد بوو، کەسەرقاڵی بابەتێکی نـاو مێشکم بووم دەمنووسـی هێندە چوبوومە نـاو خەیـاڵی بابەتەکە ئاگاداری پێنوسـەکەم بووم کە هەڵە نەکەم لە نووسین.

تەواو پەیوەندیم لەگەڵ دنیـای ڕاسـتی نەمـابوو مـن کاتێک دەنووسم بە شێوەیەکی وا دەچمە نـاو بـابەت و

نووسین هەرگیز بڕوا ناکەی کە بانگم بکەی ئاگادارت نیم.

با باسی بابەتەکە بکەم دەزانم بیردەکەیتەوە چی بابەتێک بووە؟ ئەو باسەی هاتبووە ناو مێشکم بابەتی خەیاڵ بوو! دەمویست بزانم و بنووسم کە خەیاڵ بەشێکی گرنگی دونیای مرۆڤەکانە لەگەڵ بابەتەکەدا بەردەوام بووم لە پڕ لە دەرگای ماڵەکەم درا چەند جارێکبوو لێی درا بوو بەهۆی ئەوەی ویستم بچم پەرداخە ئاوێک بێنم. گوێم لێبوو بەهۆکاری ئەوە زانیم دەرگایەو چەند جارێکە لێی دەدرێ، لەبەر ئەوەی سەرەتا کە لە دەرگا دەدرێ زۆر بەڕێکی دەنگەکە دێتە بەرگوێت کە دووبارە بۆوە چەند جارێ ئەو کەسەی لەدەرگا دەدات ناتوانێت بەو شێوازە ڕێکە لێی بدات و دەنگێکی بەرز و ناڕێکی هەبوو بەوە درکم کرد کە چەند جارێکە دوبارە بۆتەوە، پێم سەیر بوو کەسێک لەدەرگای ماڵەکەم دەدات، کەمن پەیوەندیم لەگەڵ هیچ کەسێک نیە و کەس نامناسێت و کەسیش ناناسم، ئەگەر کەسێک بیبینیمایە وای هەست دەکرد کە تاوان

بارم و پۆلیس لەودیوی دەرگاکەوەیە! بەو شێوازە پەشۆکاو و شپرزە ببووم بەبێ هۆ! ناهەقم نەبوو نەدەچومە میوانی کەس و نە کەسیش دەهات بۆ میوانیم ناچار چووم بەرەو دەرگاکە و پرسیم کێیت بەڕێزت، وەک بڵێی بێزمانە وەڵامی نەدامەوە، ترس دایگرتم لە بێدەنگی ئەو و لەدەرگادانی لە جێگای وەڵامدانەوەم کەمێکی دەرگاکەم کردەوە کە ئەگەر کەسێکی خراپ بێت نەتوانێت بێتە ژورەوە بینیم کەسێکی هەتا بڵێیت ڕێکپۆشوو نورانیە عەبایەکی سپی پۆشیوە کە من وامدەزانی عەبا بەس ڕەشی هەیە. بەڕێزەوە

– پێم وت: – بەڕێز گیان بمبوورە درەنگ دەرگاکەم کردەوە بفەرموو وەرە ژورەوە.

– لە وەڵامدا بەکوردی وتی: – سوپاس بەڕێز زانیار!

ئەوەی ناوی هێزبێت لە گیانما نەما، ترس وای لە دەستەکانم کرد بوو جڵەویم بۆ نەدەکراو دەلەرزی بۆ ئەوەی ئەو هەست نەکات وەک ڕێزێک دەستم گرتبوو

بەیەکەوە، هەروەک بڵێــــــی کەســــــێکی زۆر گەورە میوانــداری کــردووم هــاتە ژورەوەو مــن لەخەیــاڵی ئەوەی چۆن ناوی من دەزانێ چۆن ئاوا کەسێک من بناسێ و من نەیناسم ئەمە زۆر سەیرەو تا ڕادەیەک ترسێنەرە!.

دانیشت چووم ئاوم بۆ هێنا.

- وتی:- سوپاس ناخۆمەوە.

هەر سەیری نـاو ژورەکەی دەکـرد، هەنـدێ کەس شێوازی وایە کە بچێتە شوێنێک و پێشتر نەیبینیبێ هەر سەیری دەوروبەری خۆی دەکات،

- زانیـار:- بەڕێـز گیـان چـۆن ئەتـوانم خزمەتـت بکەم؟ کارێکت هەبوو بیخەمە سەر چاوانم؟

- لە وەڵام دا بزەیەکی کردوو وتی:- بێگومـانم کە داوام ڕەت ناکەیتەوە

- زانیار:- لە دڵی خۆمدا وتم زۆر خۆی بە گەورە دەزانێت، وتم فەرموو؟ بەڵام پێش ئەوە بمبوورە تۆ چۆن من دەناسی؟ من بەڕێزتان ناناسم.

- وتی:- نانا دەزانم تۆ من ناناسی.

- زانیار:- قسەکەم پێبڕی ئەی باوکم یان براکانم دەناسی وایە؟

- وتی:- ئەوان من ناناسن، بەڵام من هەمووتان دەناسم.

- زانیار:- ڕاست دەکەی دیارە بە پێی ئەوەی ئێمە عەشیرەتێکی گەورەین پێدەچێت ناوبانگمانت بیستبێ یان لە دوورەوە بمان ناسی.

- پێکەنیو وتی:- عەشیرەتەکەی ئێمە هەزار ئەوەندەی ئێوەیە، ئەبوایە تۆ دۆستی خۆتت بناسیایە. یان لە باڵا دەستی ئێمە شارەزابوویتایە.

- زانیار:- عەشیرەتەکەت ناوی چیە؟

- وتی:- عەشیرەتی مەرجان.

- زانیار:- نەمبیستووە!

تا ڕادەیەک تورەیم لە ڕوخساری بینی، بمبوورە دیارە من زانیاریم کەمەو عەشیرەتی بەڕێزتان ناناسم دڵگران مەبە لە من.

- وتی:- کوڕی دەمسپیەکەمان باوکمە. دەمسپی واتا سەرۆک عەشیرەتەکەمان من کە هاتووم بە

کەسێکی بەڕێز و باش و شایستەمان زانیوی بۆیە منیان ناردووە.

- زانیار:- لە خەیاڵی خۆمدا وتم، بەخوا من کەس ناناسم لەو عەشیرەتە تۆ بڵێی هەڵە نەبێت وتم پێدەچێت هەڵە هاتبی بڕواناکەم کەسێک من بناسێ.

- وتی:- بابا چۆن ناتان ناسین هەڵەش نیە هاتنەکەم تۆ کوڕی کەژاڵی کچی فاطمەنیت؟

- زانیار:- ڕاستە، بەڵام ئەم کابرایە بۆ نەیوت کوڕی محمدی واتا زانیار محمد، خۆ باوکم زۆر کەس دەیناسێ و پەیوەندی لەگەڵ زۆر کەسدا هەیەو تەنانەت شارەکانی ئێران و بغداد و تورکیا دەیناسن بەهۆی ئیشەکەی نەک عەشایەری، ئەم کابرایە بۆ ناوی دایکمی هێنا؟ وتم فەرموو ئەڵێی چی؟

- وتی:- ئەم کتێبەم بۆ هێناوی کە لە چەند پەڕەیەک پێک دێت.

- زانیار:- جا ئەوە کەی کتێبە وەک دەفتەری ڕۆژانەیە.

مەبەستم ئەو دەفتەرە بچوکە بوو کە چاوپێکەوتن و کاتە گرنگەکانی تیا دەنوسی.

- وتی:- ئاوا باسی مەکە ئەم کتێبە زۆر پیرۆزە!

- زانیار:- ڕاستە موسڵمانم ناوە بەڵام ئەوەی نوێژو خواپەرستی بێت نەمدەکرد. عەرەبیم نە دەزانی ئەوە وای کردبوو کە ساردبم تێیداو، پاپەند نەبوونی خۆشم بە دینەوە وای کردبوو کە پەیوەندیم لەگەڵ دیندا کاڵ و سارد بێت. بەڵام زانیم قورئان نییە دڵنیابووم لەوەی کە باسی قورئان ناکات بەڵام واهەستم کرد وەک بانگەشەی مەسیح بێت، ئەوەی لە ئەورپا بێت دەزانێت کە مەسیحیەکان لەسەر شەقام چەند پەڕەیەک کە پێکەوە نوسراوە بڵاوی دەکەنەوە و دەیدەنە خەڵکی لە ئەڵمانیا زۆر دیارن و کاراشن، بەڕێزتان مەسیحین؟

- وتی:- نا من مەسیح نیم. بەڵام تۆ ئەم کتێبە بخوێنەوە چوارشەممەی داهاتوو دێمەوە بۆ لات.

- زانیار:- ئەی ئەو کارە گرنگە چی بوو کە وتت بۆ ئەوە هاتوم.

- وتی:- با ئەوە بۆ دوای خوێندنەوەی کتێبەکە بێت من ئەڕۆم و دێمەوە چوارشەممە واتا حەوت ڕۆژی تر.

چووە بەر دەرگاکەو دەستی کرد بەگیرفانی ڕۆبەکەی شتێکی دامێ، نەتەسبیح بوو نە ملوانکە، زۆر وردوو بریقەدار بوو، وتی با ئەمەشت لابێ ئەوە دیاری سەرۆکە بۆتۆ واتە دەمسپی عەشیرەتەکەیان.

- زانیار:- زۆر سوپاس، سڵاو ڕێزم بگەیەنە.

- وتی:- گەیشت.

ئەو ڕۆشت لە هەمووی گرنگتر چراکەم وەک بڵێی لەبەر هەوا دامناوە ئاگرەکەی یاری دەکرد، کەئەو قسەی دەکرد چاوم لەسەری بوو نەشمدەویست بکوژێتەوە. من زۆر بەکەمی کارەبا بەکار دێنم چراکەشم بە غاز ئیش دەکات لە بری نەوت بۆ ئەوەی غازەکەش بڵاو نەبێتەوە و قسەکانمان پێنەبڕێ، نەمدەویست بکوژێتەوە کە ناچار دەبووم هەستم و ئیشی پێبکەمەوە.

سەیری ئەوکتێبەم کرد کە دە پەڕە بوو ئەو ناوی نابوو کتێب. وتم بەخوا لێی گۆڕاوە فەقیرە دەفتەری منداڵەکانی هێناوە لە جیاتی کتێبە پیرۆزەکەی ئەتوت ئەو دەفتەرانەیە کە منداڵ بەکاری دێنێ. ئەوەنە شێواوبوو هەر پیتەو کەوتبووە سوچێکەوە بە شێوەیەک نوسرابوو نە عەرەبی بوو نە کوردی نە ئەڵمانی، ئەگەر عەرەبیش بوایە نەمدەزانی بیخوێنمەوە، وە کەمێک فارسیش ئەزانم بەڵام ئەوەش نەبوو. زۆربەی پیتەکانی ناو پەڕەکان ئەمانە بوون ( ج/م /ل/ث/ط/ة/ذ/ص/ظ/ء )، ئێ من خۆ لە دەزگای نهێنی نیم تا بە وشەی نهێنی شتم بۆ بنێرن و تێبگەم. بە خۆمم وت: باشە ئەم کابرا چی بوو هات و منی خستە ئەم دوودڵیەوە بەخوا توشی نەگبەتی خۆم بووم.

ئەو شەوە زۆر بیرم دەکردەوە بە جۆرێک کە خەوم لێنەئەکەوت خەوی لێزڕاندبووم شێوەو هەڵسوکەوتی ئەو کابرایە لەگەڵ نوسینی ئەو پیتانەی ناو لاپەڕەکان، هەر چۆنێ بوو شەو ڕۆشت و ڕۆژ بۆوە چومە دەرەوە بۆ ئەوەی بازاڕێک بکەم و دواتر

بچمە سەر کار لە ڕێگا هات بە خەیاڵم دا کەسێک بدۆزمەوە کە عەرەبی بزانێ یاخود لەم شتانە تێبگا کە بۆم هاتووە، پێی بڵێم ئەمانە چیە و مەبەست چیە لەم پیتە نوسراوانە، شتەکانم کڕیو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام نەمامەوە لە ماڵ چونکە کاتی کار بوو کە ئەبێ بڕۆمە سەر کار. لە ڕێگا بووم لە ناو شەمەندەفەر، کەسێکم بینیو هاتە بەرچاوم شێوەو ڕوخساری هەر وەک ئەو کابرایە بوو کە دوێنێ شەو هاتبووە ماڵەوە هەستام و بچمە لای و پێی بڵێم ئەوە تۆیت و بڵێم من لەم پیتانەی ناو ئەم لاپەڕانە تێناگەم بابدەمەوە. کە هەستام لەو کاتەدا شەمەندەفەرەکە وەستا. خەڵک سەردەکەوت هەتا خۆم دەرباز کرد لەو خەڵکە، کابراکە لەویا نەمابوو، لەبەر خۆمەوە وتم: کوڕی باش نە ڕۆشتیتایە با منیش ئەم دوودڵیەم نەمایە.

لە شوێنی کارکردنم کوڕێکی فارسی لێیە تەنها سڵاومان هەیە ناوی مورادە کە چووم بینیم، قاوە دەخوات وپشوو وەردەگرێ

- زانیار:- سڵاو

- موراد:-سڵاو لە تۆش

- زانیار:-ئەوەی ڕاستی بێت پرسیارێکم هەیە ئەگەر بتوانی هاوکاریم بکەی!

- موراد:- فەرموو

- زانیار:- لەم لاپەڕانە تێناگەم چی نوسراوە، بزانە تۆ هیچی لێدەزانی ئەم پیتانە چین؟

- موراد:- ئەی ئەڵمانی نازانی تۆ؟

- زانیار:- ئەمە بە ئەڵمانی نە نوسراوە نازانم چ زمانێکە وا گومان ئەبەم عەرەبی بێ بەڵام من نازانم و تێناگەم، لێی وەرگرتم سەیری دەکرد و وا لێی دەڕوانی وەک بڵێی باسێکی زۆر گرنگ بێت.

- زانیار:-چیە ئەتوانی تێمگەیەنی؟

بە زمانێکی زۆر ڕەق و ناشرین و ناخۆش وەڵامی دامەوە.

- موراد:- من شتی وا نازانم تکایە جارێکی تر ئەمەم مەدەرەوە دەست و پرسیار مەکە.

زۆر لام ناخۆش بوو وەڵام دانەوەکەی تورەی کردم من کە تورە ببم خۆشم ڕقم لە خۆم دەبێ. هێندە

تورە دەبم، وتم بۆ خۆت تورە دەکەی نەفام من هیچی هەڵەم نەوتوە، ویستی درێژە بدات بە قسە کردن، وتم یەک وشە نەڵێیت ئەم ویست ئەوەی قسەی خراپە پێی بڵێم. بەڵام هیچم نەوت و بە تورەییەوە کەمێک لێی دورکەوتمەوەو وردە وردە ئارام بوومەوە و تورەیم نەماو باش بووم. لە دڵی خۆمدا وتم تۆ بڵێی لێی تێگەشتبێت یان وای زانیوە گاڵتەی پێدەکەم ئەم هەموو پیتانەم پیشان داوە ئەڵێی منداڵ نوسیویەتی. بەڵام ئەی بۆ وا بە وردی سەرنجی دەدا! لەسەر کارەکەم هەر مۆرەم لێدەکرد لە دڵم دەر نەدەچوو کە بەو شێوە ناشرینە وەڵامی دامەوە، هات بۆ لام

- موراد:- بمبوورە من لەوشتانە نازانم.
- زانیار:- باشە گرنگ نیە.

کارم تەواو بوو ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە هێندە کەلەڕەق بووم دەمویست بیخوێنمەوەو بە کەسی تر نەڵێم هاوکاریم بکات. بەڵام ئەو جیم و لام و میمە لە کەلە ڕەقیەکەی من سەخت تربوو. پەیوەندیم کرد بۆ شوێنی کار کردنەکەم وتم ناتوانم بێم بۆ ئیش

سبەینێ لەبەر ئەوەی ناساخم و پێموابێ توشی پەتای زستانە بووم ڕۆژی هەینیم کردە پشوو بە بیانووی نەخۆشــیەوە کە ناچــار بــووم درۆ بــکەم. هەتــاوەکو بتــوانم مێشــکم ئــارام بــکەمەوە لەم بــابەتە، کە تەواو بێزاری کردووم ئەگەر نا من زۆر ڕقم لە درۆیە پێم وایە درۆ مرۆڤەکان لەناو دەباو وردە وردە ئالودەی دەکــا بە ناڕاســتی لە ژیانیــدا، پــلانەکەم وابــوو کە شەممەو یەکشەممەم هەیەو دەرفەتێکی باش بوو بۆم کە کەسێک پەیدا بکەم سێ ڕۆژم لەبەر دەستە بۆ کاتی چوونەوەم بۆ ئیشەکەم.

دەگەڕام بەنــاو ســەنتەری شــارەکەدا بــۆ ئەوەی بتوانم کەسێک بدۆزمەوە بەڵام جارێکی تر ئەو کابرایە هــاتەوە بەر چــاوم و هەوڵــم دەدا بــگەمە لای نەدەمــا زۆر ســـــەیر بـــــوو ئەمـــــوت بەو قەلافـــــاتەوە خۆیدەشارێتەوە، بەدەستی بەتاڵ ڕۆشتمەوە ماڵەوە لە دوای نان خواردنم هەوڵمدا هەندێک بابەتی خەیاڵ بنووسم کە بابەتێکی زۆر بە سودو گرنگ بوو دەبوو تەواوی بکەم، من پێم وایە خەیاڵ کاریگەری لەسەر

خۆشـــــبەختی مرۆڤەکـــــان هەیە بەو ڕادەیەی کە لە ڕاستیدا دەگوزەرێ، ئەگەر خەیاڵی مرۆڤەکان نەبوایە ئەوا پێم وایە سەختی و نالەباری دونیا کارێکی دەکرد هــیچ مرۆڤێــک نەتوانێــت بگــات بە جوانییەکــان، بە ئاواتەکانیــان. بـۆیە مـرۆڤ گەلێـک دەسـتکەوتەکانیان بەهۆی خەیاڵەوەیە، بۆیە بابەتێکی باش و بە سود هیچ کەسێک ناتوانێت دامبڕێ لە نوسین یان هەر بابەتێکی ژیان کە ببێتە هۆی ئاستەنگ من بە بەردەوامی و بە وردی لەسـەر بابەتەکـانی نـاو مێشـکم دەنوسـم بـۆیە بـابەتی ئەم کـابرایەش کـار ناکـاتە سـەر ژیـانم، هەوڵـم دەدا زیـاتر بنوسـم. باشـترین کـارکردن بـۆ ئاسـودەیی نوســـین و خوێنـــدنەوەیە. ڕۆژانە دەچـــوومە نــــاو سەنتەری شـارەکەوە تـا بتـوانم کەسێک پەیدا بکەم بە ئومێــدی ئەوەی لەم دوودڵــیە ڕزگــارم بێــت و لەم کــابرایەش دەربــازم بێـت کە نــامەوێ بیبیــنمەوە. لە خــۆمەوە هەســـتم وایە کە کەســێکی بــاش نیــیە هەرچەندە ڕێک پۆش و نورانیە بەڵام وا هەست دەکەم کابرایەکی فێڵبازو ناڕاستە واتە (درۆزن)ە.

بۆیە من سەرگەرمی دۆزینەوەی کەسێک بووم کە هەرگیز بە دوای کەسدا نەگەڕاوم و هەوڵم نەداوە پەیوەندیم لەگەڵ مرۆڤەکانی ئێرە و دەرەوەی ئێرە هەبێت وەک هاوڕێ، چونکە لەلای من باشترین هاوڕێ کتێب و نووسینە کە سەرقاڵت دەکات بە دونیایەکی باش و بەسودەوە. هەر بۆیە دۆزینەوەی کەسێک گران و ناڕەحەتە بۆ من، چومە شیشە بارێک (میوان خانە)کە نێرگەلەی تیادا دەکێشرا و قاوەو چای تیادا دەخورایەوە. کەسە بیانییەکان زیاتر لەم شوێنانە کۆدەبنەوە هەستمکرد دەستکەوتێکم دەبێت و ئەو کەسەی دەمەوێ دەیدۆزمەوە. کە چوومە ژوورەوە دانیشتم شاگردێک هاتوو وتی: بەخێربێیت، شاگردەکە شێوەی زۆر لە کورد دەچوو. وتم قاوەیەکی سادەی بەبێ شیرم بۆ بێنە، بۆی هێنام لەگەڵ کێشانی جگەرەکەم و خواردنەوەی قاوەکەدا خەیاڵ دەهاتە مێشکم و نەمدەزانی چیبکەم تا تەماشام دەکردو چاوم گێڕا بۆ کەسێ کە لە کورد بچێت کەسێک سەیری دەکردم وەک بڵێی قەرزی شتێکی لام بێت چاوی

لێنەدەبڕیم، بەبێ ئەوەی من بانگی بکەم هات بۆ لام. لە ئەوروپا زیاتر بە زمانی ئەو وڵاتە قسە دەکرێ هەتا دڵنیا دەبن کە هاوزمانە یان بێگانەیە بە زمانەکەی خۆی، بۆیە ئەویش بە زمانی ئەڵمانی وتی ڕوخسەت هەیە دانیشم.

- زانیار:- فەرموو بەڕێز لە خزمەتدام بەخێر بێیت.

خۆی ناساندوو لێی پرسیم خەڵکی کوێی؟

- زانیار:- خەڵکی کوردستانم، واتا کوردم.

خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕیم.

- وتی:- منیش خەڵکی عێراقم، واتا عەرەبم ئەم میوانخانەیە هی منەو تۆ کەسێکی نامۆ دیار بووی. ببورە زۆر شپرزە و شڵەژاو دەرەکەوتی و دەترِوانیە میوانەکان، ترسم لەوە هەبوو کەسێکی خراپ بیت، چونکە ڕۆژانە توشی خەڵکانێکی خراپ و کێشە لەسەر دەبینەوە بۆیە هاتمە لات دووبارە بمبوورە.

- زانیار:- ڕاستە زۆر ئاساییە من زۆر خۆشحاڵ بووم ناوت چییە؟

- وتی:- أبو زەید (باوکی زەید).

- زانیار:- منیش ناوم زانیارە دووبارە خۆشحاڵم، ببوورە پرسیارێکم هەیە باوکی زەید من چەند لاپەڕەیەکم پێیە کە هەندێ نوسراوی لەسەرە ناتوانم لێیان تێبگەم پێم وابێ عەرەبیە چونکە من عەرەبی نازانم، گفتوگۆکەمان بە زمانی ئەڵمانی بوو ئەگەر بۆم بکەیەتەوە بە زمانی ئەڵمانی سوپاست ئەکەم دامە دەستی وتم فەرموو.

چاوەکانی بە شێوەیەک کرایەوە کە وەک بڵێی گرنگترین نوسین لەسەر ئەو لاپەڕانە بووە.

- باوکی زەید:- ئەمەت لە کوێ بووە؟ لەکوێ پەیدات کردووە؟

- زانیار:- شەوێک کابرایەکی شێوە ڕێک پۆش و نورانی هاتبوو بۆ ماڵەوە بۆ لام ئەو بۆی هێنابووم کە من نایناسم و نەشمدیوە پێشتر، بەڵام ئەو ئەمەی پێدام پێشی وتم کە من دەناسی! ئیتر نازانم چیە؟ بەڕاستی توشی ڕاڕایی و دوودڵیەکی زۆری کردوم.

- باوکی زەید:- نانا بەڕێز زانیار، ئاسودەبە من دەتوانم هاوکاریت بکەم بە دۆزینەوەی هاوڕێیەکی

کورد کە بتوانێت هاوکارمان بێت لەم لاپەڕانەدا، لێت ناشارمەوە من دەزانم چییە. بەڵام ڕاستییەکەی نازانم چۆن بە ئەڵمانی تێتبگەیەنم و بتوانم کارێک بکەم کە ئاسودە بیت و ئەو دوودڵیەت نەمێنێت، ئەم چەند لاپەڕەیە ڕاستە کەمە بەڵام بەداخەوە زیانی هێندە زۆرە بۆتۆ و بۆ دەوروبەر هێندەی دوودڵیەکەی بەڕێزتان. بەڵام خەم مەخۆ چارەسەر هەیەو تۆ کەسێکی بەبەختی کە زیرەکانە بە دوای کەسێکی شارەزادا گەڕاوی. من دەمەوێ پێشنیارێکت بۆ بکەم.

- زانیار:- فەرموو برام؟

- باوکی زەید:- پێم باشە ئەم چەند ڕۆژە بێیتە ماڵەکەی من و بەیەکەوە بژین تەنها بۆ چەند ڕۆژێک هەتا چارەسەر دەبێت و ئەم بابەتە کۆتایی پێدێت.

- زانیار:- بەڕێز باوکی زەید من هێندەی کە دەخەیتە دوودڵی و ترسەوە کە دەڵێیت وەرەوە بۆ لای من و بەو شێوەیە گوزارشت لەو چەند لاپەڕە نەفرەتیە دەکەی. بڕوام وابوو کە کەسێکی زۆر باشە وەک وتم نورانییە، بەڵام قسەکانی تۆ بەڕاستی

ترسێنەرە! ئەم پیاوە کێیە هاتۆتە ناو ژیانی من چی دەوێ بە ڕای تۆ؟

- باوکی زەید:- بڕوانە من نەدەمەوێ زیاتر دوودڵت بکەم و نەدەشمەوێ درۆت لەگەڵ بکەم و بە ناڕاست بابەتەکەت بۆ باس بکەم. من هێندە دەتوانم کە ڕاستیەکانت پێبڵێم لەبەر خوای گەورە.

- زانیار:- سوپاس بمبورە من مەبەستم ئەوە نەبوو کە تۆ ناڕاستی لەگەڵم، بەڵام تۆ تێدەگەی لەمن کە زۆر گرانە بە ئومێدەوە بڕوانیتە بەرامبەرەکەت ئەویش کەسێکی فێڵبازو ناڕاست بێت لەگەڵت. لەو بڕوایەدام کە تۆ باش تێبگەی لە من.

- باوکی زەید:- بەڵێ.

- زانیار:- باشە لە شوێنی ئەوە دەکرێ کارێک بکەین کە دەربازم بێت؟

- باوکی زەید:- بێگومان دەربازبوون ئاسانە ئەویش بە قورئان و ئەو یاسایانەی کە دەبێت پێڕەو بکرێت.

- زانیار:- باوکی زەید قورئان چ پەیوەندیەکی بەم کابرایەوە هەیە. وا باسی یاسا دەکەی کام یاسا؟ ڕاستە من هەندێک لەسەر دین دەزانم کە هەموو دینەکان یاسای خۆیان هەیە بەڵام من نازانم قورئان و یاساکانی ئیسلام پەیوەندی چییە بەم بابەتەوە؟

- باوکی زەید:- باشە دیارە تۆ ئیسلام نیت!؟

- زانیار:- بەڵێ بیڕێزی نەبێت تەنیا بە ناو موسوڵمانم، واتە نە نوێژ و نە ئەو کارانەی کە موسوڵمانەکان دەیکەن هیچ لە خۆمدا شک نابەم.

- باوکی زەید:- بەڕاستی سەیرە!

- زانیار:- چی سەیرە براکەم؟

باوکی زەید:- هیچ!

من لە دوایدا زانیم کە باوکی زەید بەسەر سوڕمانەوە وتی سەیرە مەبەستی ئەوە بوو کە چۆن ئەو کابرایە کارێکی نەکردووە زەرەرم پێبگەیەنێت.

- باوکی زەید:- باشە پرسیارێک دەمەوێ ئاوا بە ڕاستگۆیانە بەردەوام بین هەتاوەکو کارێک بکەین کە سودمەندانە بێت.

- زانیار:- فەرمــوو بــرا پرســیارەکەت چیــیە؟ بێگومـان مـن ڕاسـتگۆیانە هەڵسـوکەوت دەکەم و قسـە دەکەم فەرموو؟

- بـاوکی زەیـد:- سـوپاس، باشـە تـۆ هەتـا ئێسـتا دژایەتـی ئیسـلامت کـردووە؟ ڕوونتـر قسـە بکەم واتە بەرهەڵسـتی بـۆ نمـوونە وتبێتـت کە قورئـان یـان ئەو یاسـاو قسـەی نـاو ئیسـلام و قورئـان هەڵەیە یان ڕەوا نییە، هەر وەکو ئەو بێدینانەی ڕۆژانە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن و وشـەی ناشـرین و نە شـاز و بوختـان دەکەن بە پیرۆزیەکانی ئیسلام؟

- زانیــار:- قــومێکم لە قــاوە ســارد بــووەکەی بەردەمـم دا و وتـم: بەڕێـز بـاوکی زەیـد مـن هەرگیـز لەگەڵ بێڕێــزی کردنــدا نیمــو نەشمویســتوە نەک بە دینەکـان بە هـیچ مـرۆڤێکیش بێڕێـزی بـکەم، لە ژیـانی خۆمدا. ڕاستە هەتا ڕادەیەک پێم باش بووە کە دین لە دنیـای ژیـان کردنـی مرۆڤەکـان دوربێت. واتـا سـەرەتا مرۆڤ بـوون ئەوکات لەدڵی خۆت و تـایبەت بە خۆت دیـنەکەت هەڵبژێریـت واتــا نەبێـتە هـۆی بێزارکردنــی

کەس و ئـــــازازاردانی کەس بەڵام وەک وتـــــم نەخێـــــر سـوکایەتی بە هـیچ شـتێک نـاکەم و ئەو کـارە لەمـن ناوەشێتەوە.

- بـاوکی زەیـد:- دڵ خۆشـم بەوەی هەسـت ئەکەم ڕاستگۆیت لەگەڵم بێئەوەی بترسی قسە دەکەیت.

- زانیار:- بێگومان من بەو شـێوەیەم هەمـوو کـات. چـــونکە ڕاســـتی نە شـــەرمی دەوێ نە تـــرس و نە شـاردنەوە ڕاسـتی جـوانییەکە لەم گەردوونەدا هەنـدێک لە مرۆڤەکان شەرمی لێدەکەن یان دەترسن لە وتنی،

کات درەنگی کردووە پێویستە بڕۆم باوکی زەید من سوپاست ئەکەم بۆ ئەو هاوکارییەو ئەوکاتەی بە منتدا.

- بـاوکی زەیـد:- نانـا بـرام بە پـێچەوانەوە مـن ئومێـدەوار بـووم خـودا کـارێکی ئـاوام پێبسـپێرێ و بتوانم خزمەتی دینەکەم بکەم بە هاوکاری تۆ، مـن زۆر ئاسـودە دەبـم هیـوام وایە خـودا هاوکـارم بێـت لەم کارەداو بتوانم ڕێنیشاندەری بەڕێزت بم.

- زانیار:- دووبارە سوپاس.

- باوکی زەید:- ژمارەکەتم بەرێ بە ئەرک نەبێت تا هەواڵت بدەمێ چونکە کوردەکان جار جار سەردانی ئێرە دەکەن بۆ میوانخانەکەم.

- زانیار:- باشە، ئەی نێرگەلە کێشان لە دینی ئیسلام دا حەرامە؟

- باوکی زەید:- بڕوابکە من هاوبەشم هەیە لە کارەکەدا ئەو ئەم شتە پیسانەی هێناوەتە ئەم ناوە سەرەتا تەنیا قاوەخانەیەکی باش و جێگەی پشوودان بوو نەک خۆکوشتن بەڵام بڕیارمداوە و پێم وتووە یان لایان دەبەی یان جیا دەبینەوە لە هاوبەشی ئەوە زۆر دوورو درێژە هەر بۆت باس دەکەم بە پشتیوانی خوا، با ژمارەکەت لە بیر نەکەم.

- زانیار:- ژمارەکەم پێداو ماڵئاوایمان لە یەکتر کرد، ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە هەستم ئەکرد هەندێک لەو شتانەی لەسەر مێزەکەم دامنابوو جوڵابوون جا من زۆرم حەز لەو بوکەڵە گەچ و سیرامیکانەیە کە بۆ ماڵ دەبن ترسم هەبوو بشکێن بۆیە لە قەراغی مێزەکە دوورم خستنەوەو بردمنە سەر تاقی پەنجەرەکە کە

دەرەوەم لێ دیار بوو لەوێوە گوڵەکانم ئاو دەداو بە ڕوانینم لە لقی گوڵەکانم بیریشم دەکردەوە و دەموت چەند جوانن گوڵەکانی من چوار وەرزەن هەر بۆیە هەموو وەرزەکان سەوز و جوانن، دەمویست خۆم خەریک بکەم و ئەو بابەتە لەبیر بکەم. سبەی یەکشەممەیە و پشووە زۆربەی شوێنەکان دادەخرێن تەنها هەندێک لەو چێشتخانە و میوانخانەو یانە شەوانییەکان نەبێ کراوەن. بەڵام ئەوانی تر دادەخرێن منیش کارم بە دەرەوە نیەو پشوو دەدەم لە ماڵەوە.

ویستم چراکەم دابگیرسێنم بە هۆی سەرقاڵیم بەو باسەوە لە یادم کردبوو، بە ڕاستی هاوڕێیەکی بێدەنگ و ئازیز بوو هەر هیچ نەبێ لەم کابرا شومە باشترە کە ویستی ببێت بە هاوڕێم! چراکە غازەکەی تەواو ببوو دەبوایە پڕی بکەمەوە کە بە چەند ئیرۆیەک بوو بەڵام ئەو شوێنەی کە چراکە پڕ ئەکاتەوە لە غاز تا ڕادەیەک دووربوو نەمئەتوانی زوو زوو بچم بۆیە وازم لێهێناو گڵۆپی تەنیشت سیسەمەکەمم داگیرساند

ئـێ وا باشـتره چـونکه زۆر تاریـک بـوو هەر بیـرم دەکردەوە باشە تۆ بڵێی باوکی زەید ڕاست بکا؟

کابرا چی پێویست ئەکا ناڕاستیم لەگەڵ بکا یا ڕەنگە حەسودی بەمن بردبێت کە ئەم کابرا نورانییە هاتووە بۆ لام و نایەوێ لەوە تێبگەم کە پێی دەڵێ کتێب.

بەڕاستی هەرگیز نەمدەزانی هێندە بێدەسەڵاتبم کە نەتوانم تێبگەم و چارەسەری کێشەکان بکەم مرۆڤ زۆر لە خۆی ڕادەبینێت تاڕادەیەک لوت بەرزە واتا خۆ بەگەورە زانە هەریەکەو دەسـەڵاتی کـارێکی نیـیە و بێـئەوەی بزانێـت هەتـاوەکو ڕووبەڕووی دەبێـتەوە ئەوکـات درک بەوە دەکـات کە چەنـد بێدەسـەڵاتە لە خۆمم پرسی باشە ئەم بابەتەی من پەیوەندی چییە بە قورئـانەوە یـان بە ئیسـلامەوە یـان ئەم کـابرایە تەنهـا دەیەوێ دینەکەی گەورەتر بکات لەلای من و خەڵکانی تـر باشـە ئەگەر پەیوەنـدی بە دیـنەوە هەیە بـۆ بەم دینانەی تر چارەسەر ناکرێ؟ بۆ بە یاساکانی ئەوان ئەم بـابەتە کۆتـای نـایە؟ ئەم پرسـیارانە هەمـووی لە مێشکمدا دەهات و دەچوو، وە مافی خۆشمە کە بیر

بکەمەوە مرۆڤی تێگەشتوو دەبێت هەموو ئەو کارانەی یان ئەو بابەتانەی کە لە دەوریدان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات و تێبگات لێی یان ڕاستیەکەیان بدۆزێتەوە. جا بـۆیە هەرکاتێـک ڕووبەڕووی کێشـە دەبیـنەوە وا باشترو ژیرانە ترە کە کاتێکی باشی بۆ دابین بکەین تا بتـوانین ڕاسـت و دروسـتی بـدۆزینەوە و نەچیـنە هەڵەیەکەوە کە لە دواییدا بۆمان چارەسەر نەکرێ یان بەگران بتوانین چارەسەی بکەین خۆ بەگەورە زانین لەو بابەتـانەدا کە دێـنە سـەر ڕێگـات نیشـانەی سەرنەکەوتن و دۆڕانـدنی خـودی خـۆتە. وام پێبـاش بوو بنووم تا سبەی خوا گەورەیە.

بـۆ بەیـانی بە دەنگـی ئەو بـوکەڵانەی دام نـابوون لەسـەر تـاقی پەنـجەرەکە لەخەو ڕاپەڕیـم کە یەکێکیـان کەوتە خـوارەوەو دەنگێکی هەتـا بڵێی بەرزو نالەبـاری هەبـوو! پەنـجەرەکەم لەبیـر کردبـوو دایـبخەم وتـم پێـدەچێت پەنـجەرەکەی بەرکەوتبێـت کە هەوا کـردبێتیەوەو شـکاندبێتی بەس چ شـکاندنێ! کە بە جۆرێک شکا بوو چاک نە دەکرایەوە وەک وردە خۆڵ

بڵاوببۆوە بە ناو ژوورەکەدا بەهۆی ئەوەوە ئیشم بۆ دروست بوو ئەمە وتم بەیانی پشوو دەدەم پشوویەکی جوانم کرد! هەوڵمدا کۆیبکەمەوە بە گسکی کارەباکە هەندێکی لەگەڵ فەرشی سەر زەویەکە تێکەڵ ببوو ناچار بووم بە دەست لە فەرشەکەی بکەمەوە ئەو جۆرە بوکەڵەیان شکا بوو کە لە شێوەی گەچە، بەڵام لە ناوەوە وەک شوشەو کریستاڵ وایە لە کاتی لێکردنەوەیدا دوو پەنجەمی بە خراپی بڕی خوێنی لێدەهات بە ڕاستی زۆر ئازاری هەبوو هەرچۆنێک بێت دەستم بەست و ئەو ناوەم پاک کردەوە، هیلاک بووم بە دەست ئەو فەرشەوە نانم ئامادە کردو چایەکی جوانم ئامادە کرد کە حەزێکی زۆرم هەیە بۆ چا ئەو چایانەی دەیان کڕم تایبەتن واتا زۆر ناوازەو بەتامن. چوومە باخچەکەو لەویَ نانی بەیانیم خوارد بەڕاستی لە باخچەدا نان خواردن و خواردنەوەی چا لە کەشێکی ساردا دوو هێندە بەتام ترە دواتر چوومە دەرەوە جگەرە بکڕم لە دووکانێک نزیک ماڵەکەی خۆم، نیازم وا بوو بچمەوە ماڵەوە هەتا بابەتی خەیاڵ

بنووسم ئەو بابەتەی کە بۆم باس کردبوون هەوڵمدەدا تەواوی بکەم، لە ڕێگا بووم هەمان ئەو کەسە هاتەوە بەرچاوم و بینیمەوە نازانم بڵێم پیاوە نورانییەکە یان مۆتەکەی ژیانی من، ئەم جارە لە دەستم دەرناچی و ناهێڵم خۆت بشاریتەوە.  هەوڵمدا بگەمە لای و بڵێم چی خۆشیەک لەم خۆشاردنەوەیە دەبینی ئەم جارە بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات خۆی ون بکات بانگی کردم لە دوورەوە منیش هەر بە هەمان خێرایی خۆم بەر دەوام بووم کە جۆرە ڕۆشتنێکە لە نێوان ڕاکردن و پیاسە کردندایە واتا تا ڕادەیەک بەخێرایی گەشتمە لای.

- وتی:-  بۆ ئەوەنە تامەزرۆی! کتێبە پیرۆزەکەت خوێندەوە و تامەزرۆی بۆ سوپاس و پێزانینمان؟

- زانیار:- سلاو، نا کتێبی چی، بۆ من لە یەک وشەی تێدەگەم ئەمە چیە داوتە بە من، دانەیەکی کوردیم بۆ بێنە کە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی.

- وتی:- زانیار ئەم کتێبە وەک کتێبەکانی تر نییە تەنها بەو شێوازە هەیە، پیرۆزیەکەی لەوەدایە وەک قورئان نییە بتوانرێ بکرێتە سەر زمانەکانی تر.

- زانیـــار:-کە ئەوەی وت بیـــری بـــاوکی زەیـــدم کەوتەوە کە وتی: قورئان هەندێک یاسای خۆی هەیە بۆ چاک کردنی. یەکسەر وتم باشە وەرە با کتێبەکەت بدەمەوە من نامەوێ.

کەوتە ماستاو کردن وخۆبردنە ناو دڵم، تۆ تورە مەبە. بـــڕوا بـــکە زۆر ڕێـــزداری و ڕێزمـــان لێنـــاوی، ناکرێت تۆ دڵت بشکێ کارێکت بۆ ئەکەم کە قەرەبوو بێت بۆ ئەو قسانەم

- زانیار:- چییە؟

وامزانی ئەڵێ من بۆت ئەخوێنمەوە، کەچی وتی تۆ تەنیا داوای شتێک بکە من بۆت دێنم پارە، ئاڵتون... هەرچی دەتەوێ لە خواردن لە هەر شتێک تەنها داوا بکە.

- زانیـار:- سوپاس من نە پارەو نە ئاڵتون و نە خواردن و نەهیچ شتێکم دەوێ. خۆ من نەمردووم لە برسا خالۆ تکایە بە سەرۆکەکەتان بڵێ (دەمسپی) کە من خۆم بە شایستەی ئەو ڕێزە نازانم و ناشمەوێ هیچ کارێک بکەم.

کتێبەکەی لێوەرنەگرتمەوەو ڕۆشتم، بەبێ ئەوەی خواحافیزی لێبکەم لە دوای هەندێک ڕۆشتن ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە لەوێ نەما بوو. لەبەر خۆمەوە وتم بە ئارەزوی خۆت خۆ من منداڵ نیم تۆ بە دڵی خۆت یاریم پێبکەیت و چاوچنۆک نیم تا داواکاری بخەیتە بەردەمم بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە وتی هەرچیت دەوێ داوابکە زۆر لە خۆی ڕادەبینێت. ڕۆژ بە ڕۆژ باسەکە قورستر دەبوو لەناو مێشکم دڵمی زیاتر تەنگ دەکرد وام لێ هاتبوو تاقەتی ئەوەم نەمابوو بچمەوە بۆ سەر کارەکەم گیانم ئەتوت کوتراوە بێهێزو بە ئازار بوو، هەموو لەشم بە جۆرێک بوو هێزی زۆر شتم نەمابوو باشە بۆ ئەو کتێبەی خۆی لە قورئان بە باشتر ئەزانی ئەو نەفامە؟ بەڕاستی من وەک وتم موسوڵمانێکی وا نیم و تەنها لە ناسنامە موسڵمان نوسراوە بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر دڵتەنگی کردووم بەو قسەیەی کە ئاوا باسی دەکرد نازانم ئەم کابرایە چی لەمن ئەوێ، نەخراپەم بۆ کەس هەیەو نە تێکەڵی خەڵکم چەندە لێرە دەژیم نە خراپەیەکم هەبووە نە تاوانێ نە ناسینی

هــاوڕێیەک و دڵ ئێشــاندنی هەتــا بڵــێم ئەمە تــۆڵەی ئەوانەیە هیچ لەو بابەتانە ڕووی نەداوە ئەمە یانسیبە بۆ من دەرچووە، بەخێرنەیەیت ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندی پێوە کردم نەم دەزانی کێیە وەڵامم نەدایەوە دووبــارە پەیوەنــدی کــردەوە پەیوەنــدیەکەم هەڵگــرت، بەڵام بەبــێ وتنــی (ســڵاو، بەڵــێ) مــن بێــدەنگ بــووم قسەی کرد

- وتی:- باوکی زەیدم سڵاو

- زانیار:- سڵاو، سەرچاوانم تۆ لە کوێیت؟

- بــاوکی زەیــد:- کــارم پێــتە وەرە میوانخــانەکە باشە؟

- زانیار:- بەڵێ باش کاتژمێر چەند بێم؟

- باوکی زەید:- هەر کاتێک دێیت من لێرەم

- زانیار:- باشە واهاتم.

پەیوەنــــدیەکەم داخســــتەوەو ئەو لاپەڕانەم کــــردە جــانتەکەموو ڕۆشــتم کە گەشــتمە ئەوێ بــاوکی زەیــد چــاوەڕێمە چــومە لای دانیشــتم و بــاوکی زەیــد بــانگی شاگردەکەی کردو وتی دوو قاوەمان بۆ بێنن.

- زانیار:- میوانخانەکە بۆ وا چۆڵە برا؟

- باوکی زەید:- بڵێم چی یەکشەممەیە هەمووی لە ماڵەوەن نایەنە دەرەوە، زانیار برام هاوڕێیەکی کوردم هەیە قسەم لەگەڵ کردووە کە عەرەبییەکی باش دەزانێ زمانی قسە کردنی لە من باشترە بۆ عەرەبی.

- زانیار:- زۆر باشە ئەی کوا بۆ دیار نیە؟

- باوکی زەید:- چاوەڕوانی ئەوم ئەویش وا دێت.

- زانیار:- زۆر باشە، ئا بیرم کەوتەوە ئەو کابرایەی کە بۆم باس کردی دیسان بینیمەوە و قسەمان کرد، هەندێ قسەی پێ وتم کە توڕەبووم و جێم هێشت لە قسەکانی دا دەیویست ئەم لاپەڕانە لە قورئان بە پیرۆزتر بزانێ، وای نیشان دەدا کە زۆر بالا دەستە دەیوت پارە و ئالتون و هەرچیت دەوێ بۆت دێنم تۆ زۆر بەڕێزی و ڕێزمان لێناوی.

- باوکی زەید:- پەنا بەخوا، بەڵێ دەتوانێ کاری وا بکات تەنیا بۆ ئەوەی بتکاتە بەر دەستی خۆی، بەڵام هەڵەی کرد کە ئەو لاپەڕە نەفرەتیانە لە قورئان

پیرۆزترو باشتر بێت قورئان تاکە کتێبە کە زۆر بەرز و پیرۆزە لە سەرجەم کتێبەکانی تر.

کوڕێکی باڵا بەرز هاتە میوانخانەکە بەرەو لای ئێمە هات و سڵاوی کرد، هەستام لەبەری و بەخێر هاتنم کرد و دانیشت، باوکی زەید لاپەڕەکانی خستە بەردەمی و وتی فەرموو، هەتا ئێرە بە زمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد، ئیتر کردیان بە زمانی عەرەبی زووزوو سەیرێکی منیشیان دەکرد! وا خۆم دەهاتە بەر چاو کە تاوانباربم زۆر بە خێرایی قسەیان دەکرد یەک وشە تێنەدەگەشتم، چاوەڕوان بووم.

ئەو کوڕە بە کوردی پێی وتم: کاک زانیار خۆشحاڵم من ناوم ئالانە خەڵکی سلێمانیم.

- زانیار:- زۆر سوپاس کاک ئالان منیش خۆشحاڵم، خەڵکی سلێمانی زۆر شیرینن هەر زانیم خەڵکی لای خۆمانی منیش خەڵکی سلێمانیم.

- ئالان:- براکەم باوکی زەید ئەڵێ ئەم لاپەڕانەی بۆ هێناوم و هەمووی بۆ باس کردووم منیش ئەمەوێ قسەکانی ئەوت بۆ باس بکەم.

- باوكی زەید:- تكایە مەترسە زانیار.

- زانیـار:- فەرمـوو، نانـا ترسـی بـۆ چییە هەرچـی بێت ترسی ناوێ تازە بووە.

- ئـــالان:- ئەو كـــابرایەی هـــاتۆتە لات و ئەم لاپەڕانەی پێـــداوی جنـــۆكە بـــووە و ئەم لاپەڕانەش هەمووی جادو و كفرو وشـەی ناشـرین و نەشـیاوە بە خـوای گەورە و بە پێخەمـبەر ( د.خ ) تـاكە چارەسـەر ئەوەیە كە بتوانی ئاشكرای بكەیت و هەندێک لە دوعا هەیە لەگەڵ خوێنـدنەوەی قورئانـدا كە ناتوانێـت زیانـت پێبگەیەنێت.

- زانیار:- باشە كاک ئالان بۆچی جنۆكە دێت بۆ لای من؟

- ئـــالان:- دێـــتە لای زۆرینەمـــان، بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە چۆن نەیتوانیوە بێتە لەشتەوە و بتخـاتە ژێر دەستی خۆیەوە!

- زانیار:- پرسیارێک جنۆكە بوونی هەیە؟

- ئالان:- بە پێكەنینەوە ئەی كوڕی باش ئەوە نییە هاتووە بە میوانیت!

- زانیـار:- باشــە جنـۆکەش وەک مـرۆڤن؟ چـونکە ئەو کــابرایەی کە هــاتبوو بــۆ لام کامــڵ و مرۆڤێکــی تەواو بوو براکەم؟

- ئـالان:- بێگومـان قسـەکەی تـۆ ڕاسـتە کە مـرۆڤ بووە و ئەو سیفەتانەی هەبووە بەڵام ئەوان بە ئاسـانی دەتــوانن خۆیــان بــخەنە ســەر شــێوەی مــرۆڤ یــان شێوەی مرۆڤێک بێت کە تۆ بیان ناسی و کەسـانێکی نـزیکبن لە تـۆ، بـۆ ئەوەی خـۆت لەوانە ڕزگـار بـکەی دەبێت دوعا بخوێنی.

- زانیـار:- کـاک ئـالان مـن هـیچ عەرەبـی نـازانم و ناتوانم بیخوێنمەوە.

- ئـالان:- باشـە هەوڵ دەدەم بە کوردی بۆت پەیـا بـکەم ڕاسـتیەکەی منـیش بەو ڕادەیە نـیم کە هەنـدێک کەس خۆی دەکـات بە مامۆسـتا لەم بابەتـانەدا چـونکە ئەم بابەتـانە بە مامۆسـتای بـاش و بە کەسـی شـارەزا دەکرێـت. منـیش وەک کـابرای کـوردە خـۆم نـاکەم بە پاڵەوانی چیرۆک و باسـەکان.

- زانیار:- باشە منیش دەزانم کە کەسانێک هەن وا دەزانن لە هەموو کەس ئاقڵتر و دنیا دیدەترن. بەڵام کەسانێکی سەرنەکەوتوون ئەو جۆرە مرۆڤانە.

- ئالان:- خەمت نەبێت من هەوڵ دەدەم.

- باوکی زەید:- زانیار بابەتەکە تێگەشتیت؟

- زانیار:- براکەم ڕاستی بڵێم نەبەخوا، چونکە من شارەزانیم لە دین و جنۆکە و ئەو شتانەی دەوترێ بۆیە تەنیا بە قسەکانی ئێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو باسەیا دەکەم هەتاوەکو دەربازم دەبێت، من زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بە ڕاستی ماندووم کردوون بە خۆمەوە.

- باوکی زەید:- لەخزمەتدام گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر هەر هیچ نازانی بسمیللا بکە سودی دەبێت بەڵام با لەشت پاک بێت.

- زانیار:- باوکی زەید مەبەستت چیە لەشم پاکم بێت خۆ من ژنم نییە تا لەشم پاک نەبێت پێش خەوتن خۆم دەشۆم.

- باوکی زەید :-نا بەیانیان خۆت بشۆ، شەوان درەنگ خۆت مەشۆ.

- زانیار:- باشە بە چاوان وا دەکەم، کات درەنگی کردووە زۆر سوپاس بۆ ئێوە ژمارەکەم دا بە ئالان و ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە.

دەبوو زوو بنووم هەتا سبەی بچمەوە بۆ سەر کارەکەم کە کاتژمێر ١١ بەیانی دەست بە کار کردن ئەکەم بەڵام دەبوایە تێر خەو ببم نوستم، سبەی وەک هەموو ڕۆژەکانی تر نانم ئامادە دەکرد و چومەوە باخچەکە ئەبینم کابرا هاتەوە باشە ئەمە چی دەوێ بسمیلا، هەستم کرد دوور کەوتەوە و لە دوورەوە وەستا وتم وەرە فەرموو بزانم چیت ئەوێ؟

- وتی: - باشە، لەگەڵ ئەو ئالانە و باوکی زید چیت ئەوت؟

- زانیار:- بۆ؟ باسی تۆم دەکرد بۆ نابێ؟ فەرموو ئەمە کتێبەکەتە بیبەو من نامەوێ.

تۆ ناوت چیە؟ خەڵکی کوێیت و لەسەر چی دینێکی؟

- وتی:- من ناوم (سەرسیل)ە، وە خەڵکی (دەرین کویـو)م، لە سـەر دینـی (مەجوسـی)م ئـاگری پیـرۆز دەپەرستم.

زانیـار:- باشـە (دەریـن کویـو) لە کوێیە و ئەمە چی ناوێکە؟ هەتا ئێستا نەم بیستوە؟

- سەرسـیل:- لە ناوچەکـانی تورکیـایە و لەوێ دەژین.

- زانیـار:- باشـە تـۆ چیت لە گیـانی مـن دەوێت؟ ڕاست گۆبەو منیش ڕاست گۆ دەبم لە گەڵت.

- سەرسـیل:- مـن هـاتووم هەتـا وەکـو ڕێـز و گەورەیـت لەسـەر زیـادکەم لە دونیـادا وە چەنـد کەسانێکی خۆمان دەخەینە ژێر دەستت هەتاوەکو توانا و هێـزت زیـاد بکـا لە دونیـادا و لەلای خەڵکـی ئەو کارانەی مەحاڵە ئاسانی بکەین لەبەر دەستت.

- زانیار:- باشە لە پێناوی ئەمەدا چیت بۆ بکەم؟

- سەرسیل:- ئەوەی پێت دەڵێین دەمانەوێیت تۆ بیان کەیت.

- زانیار:- پێم وتی وەک چی؟ چیبکەم؟

- سەرسیل:- دەمانەوێیت سوکایەتی بە قورئان بکەی وە هەندێک کاری تر کە دەمانەوێت بیکەی وەک لە خەڵوەتا بیت بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە شوێنێکی چۆڵ و تەنیا بیت وە لەو کاتەدا دێینو سەردانت دەکەین پێت دەڵێین  قورئانێک لە سورەتی الکهف وە بکە بە دوو کەرتەوە و بیدڕێنە لە تێکیان بخەرە ژێر پێت لەتەکەی تری ورد بکەو لە ئەرزەکەدا بڵاویان بکەرەوە و پیسایی لەسەر بکە وە نابێت لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا خۆت بشۆی یان تەنانەت یەک دڵۆپە ئاو نابێت بەر لاشەت بکەوێ کە تەواو بوو چل ڕۆژەکە تۆ دەبیتە خاوەنی کەرامەت وگەورەو بەڕێز دەبیت لە لای ئێمە و خەڵکی.

- زانیار:- باشە تۆ بۆ هەر باسی قورئان دەکەی؟ قورئان چی تاوانێکی بەرامبەر تۆ کردووە؟ یان چی ڕێگایەکی لە تۆ گرتووە؟ پێش ئەوەی وەڵام بەیتەوەو قسە بکەی بیر بکەرەوە با توڕەتر نەبم!

- سەرسیل:- باشە من دەڕۆم کارم هەیە، تۆش باش بیر لە قسەکانم بکەرە و لە دەست خۆتی مەدە.

- زانیار:- باشە بەڵام دڵنیابە هەتا تۆ دەگەڕێیتەوە زۆر شت گۆڕاوە و منیش ڕێگایەکی باش و ڕاستم دۆزیوەتەوە.

- سەرسیل:- بە پێکەنینێکی زۆر ناشرینەوە باشە با بزانین.

لە چاو تروکاندنێکا نەما و ڕۆی بەڵام لێتان ناشارمەوە وا بڕوا دەگەم بە شتێک کە هەرگیز بڕوام پێی نەبووە و بیرم لێنەکردۆتەوە.

پەیوەندیم کرد بە ئالانەوە بۆم باس کرد کە شتێکی وا ڕوی داوە و بەو شێوە ترسام و هەڵسوکەوتم کردووە.

-ئالان:- زانیار برام من تەنیا لەوە تێناگەم کە بۆچی ناتوانێت هیچ لە تۆ بکات و دەست لێبوەشێنێت دیارە سیفاتێک لە تۆدا هەیە تەنها ئەوە هۆکارە ئەویش دەیەوێ ئەو سیفەتانە لە دەست بدەی هەتا بە ئارەزووی خۆی یاریت پێبکا و ئازارت بدا، سوپاس بۆ خوا کە هێندە میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی وە هەلی ئەوەی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی مرۆڤە هەڵەکان

بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگار و پەشیمان ببنەوە لە هەڵەو ڕێگا ناڕاستەکەیان.

- زانیار:- منیش هەر ئەوەم دەوێت سوپاسی خوا بکەم و تۆ هاوکارم بیت لە فێربوونی نوێژ و دوعا و ئایەت کورسی و ڕێنماییەکانی تر بە ڕاستی خۆی جوان کردووە و لەسەر شێوەی مرۆڤ هاتووە جا وەرە لەسەر شێوەی ڕوخساری خۆی بێت من بەو ڕوخسارە جوانەوە دەترسم ئەگەر لەسەر ڕوخساری خۆی بێ بڵێ دڵت بوەستێ و تەواو، پشت بەخوا دەمەوێت ببمە موسوڵمانێکی باش و تەواو.

- ئالان:- پشت بەخوا کارێکی باش دەکەی هاوڕێ گیان کاتێک دادەنێین بۆ هەندێ کاری سەرەتا و فێربوونیان.

- زانیار:- ئاخر کاک ئالان بە گیانی دایکم وتی یەمەوە بۆ لات زوکە.

- ئالان:- زانیار براکەم دەزانم دایک پیرۆزە کەسێکە هەرگیز دووبارە نابێتەوە وە لەلای خوداش دایک پایەدارو بەڕێزە بەڵام سوێن خواردنی ئاوا

هاوبەشــی پەیــدا کــردنە بــۆ خــوای گەورە لە ئێســتادا هێندەی تر بێ باوەڕ دەبیت و زیاتر لا دەدەی لە ســەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام هیوادارم لێم تێگەشتبی.

- زانیار:- بە ڕاستی ئالان نەم زانیوە ئاوایە.

- ئــالان:- تەنیــا یەک وشــە بە لاڕێتــا دەبــات و توشی تاوانی گەورە ترت ئەکات.

- زانیار:- زۆر سوپاس، هیوادارم پەروەردگار لێم نەڕەنجابێ و بمبورێ.

بــرام مــن وتــم ئەو شــتە پیســە وتــویەتی یەمەوە بــا زووکەین.

- ئالان:- باشــە دڵنیــابە پەلە دەکەیــن جارێ خــوات لەگەڵ.

پەیوەنــدیەکەی داخســتەوەو منــیش ئاســودە بــووم، کاتی کارکردنم نزیک بۆوە چووم بۆ سەر کار دوای تەواو بــوونم لە کــار کــردن هەوڵــم دا بــڕۆم هەنــدێک پیاســە بــکەم بــۆ ئەوەی زیــاتر بتــوانم ئاســودە بــبم پیاســەکردن بە تەنیــا زۆر بە ســودە و کــار لەســەر مێشکی مرۆڤەکان دەکا بۆ ئارام بوونەوەو بۆ بڕیار

دانیٚکی سەخت بە ڕاسترین شیٚوە هەر بۆیە من زۆر بە پیاسە کردن ئاسودەم و زۆرم پیٚ باشە چوومە سەنتەری شارە بچوکەکەوە لەویٚ کەمیٚک دانیشتم بۆ ئەوەی پشویەک بدەم کچیٚک چەند جاریٚک بە بەردەمم دا هاتوو چوو کە هەستم کرد ڕیٚگای لیٚ هەڵەبووە یان بە شویٚن ناونیشانیٚکدا دەگەڕیٚ جۆرە کچیٚک بوو نەدەکرا سەیری نەکەی هیٚندە جوان بوو چاوەکانی گەورە و ڕەش پرچی ڕەش و دریٚژ بوون لە دڵی خۆمدا وتم خوا لە خاوەنی خۆتت نەستیٚنیٚ، من لەم خەیاڵەدا بووم سەرم هەڵبڕی لە بەردەمم وەستا بوو!بە زمانی ئەڵمانی قسەی کرد

- وتی:- سڵاو.

ڕاچڵەکیم و ترس بەتەواوی لە دەم و چاوم دا دیار بوو کە هەستی کرد ترساوم.

- وتی:- ببورە ترسای؟

وەڵامی سڵاوەکەیم دایەوە

- زانیار:- بەڵیٚ کەمیٚک ترسام.

پێش ئەوەی قسە بکات تەلەفونەکەی زەنگی لێ دەدا و سەرقاڵ بوو بەوەوە، گوێم لێبوو بە کوردی وتی ئەوەنە گەڕاوم بێزار بووم لە کوێیە ئینتەرنێتم نەماوە دەمەوێ پرسیار بکەم ناتوانم بە نەخشەی مۆبایلەکە بیدۆزمەوە پەیوەندیەکەی داخستەوەو بەرەو ڕووی من هات.

- وتی:- ببورە گرنگ بوو وەڵام بدەمەوە.

- زانیار:- نانا ئاساییە، بەڕێزت کوردی؟

- وتی:- بەڵێ ببورە نەمزانی کوردی بۆیە بە زمانی ئەڵمانی قسەم لەگەڵ کردی.

- زانیار:- ئاساییە، خۆشحاڵم خانم.

- وتی:- من زیاتر ئەوەی ڕاستی بێت ناونیشانی کۆمپانیایەکم دەوێ ئینتەرنێتی مۆبایلم نەماوە ناتوانم بیدۆزمەوە ئەگەر بکرێ هاوکاریم بکەی سوپاست دەکەم.

- زانیار:- بە چاوان کوا ناونیشانەکەم بەرێ یا ناوی کۆمپانیاکە؟

- وتی:- فەرموو ئەمەیە.

هەر زوو بۆم دۆزییەوە و زۆر سوپاسی کردم.

- وتی:- ئاساییە پەیوەندیمان هەبێ؟

- زانیـــار:- بـــۆ نـــا لە خزمەتتـــدام، فەرمـــوو ئەمە ژمارەکەم.

- وتـی:- باشـە سـبەی لێرە دەتبینم، کە پەیوەنـدیم پێوە کردی کاتەکەی دیاری دەکەین.

- زانیار:- زۆر باشە خانم.

- وتی:- خوات لەگەڵ.

- زانیار:- خوات لەگەڵ.

ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە لە ڕێگا دەم وت باشـە مـن بـۆ ئەو ژمارەیەم دا بەو کچە ڕاستە خۆی داوای کـرد مـن خۆ حەزم بە خۆشەویستی نییە نەبا ئەو نیازێکی وای کەوتبێـتە دڵەوە مـن چـی وەڵام بـدەمەوە؟ بەم شـێوە بیـرم دەکـردوە وردە وردە گەشـتمە مـاڵەوە هـیلاک ببـووم چـووم دووشـێک بـکەم دواتـر ویسـتم کەمێـک بـخەوم پـێش ئەوەی خەوم لـێکەوێ نـامەیەک هـات سێرم کرد نوسرابوو سڵاو چاوانم ئەو کچەی ئەمڕۆ

یەکمـــان بینـــی زۆر ســـوپاس کـــارەکەم تەواو بـــوو لە کۆمپانیاکە زۆر سوپاس کە یارمەتیتدام.

- زانیار:- سڵاو چاوان خان، سوپاسی ناوێ پێم خۆشە کە کارەکانت تەواو کردووە سوپاس بۆ خوا.

دوای چەنێک لەم نامەیە، دەمویست بنووم لەسەر کـــارەکەم زۆر مانـــدوو دەبـــم هەر بـــۆیە دوای تەواو بـــوونم لەکـــارکردن و گەڕانەوەم بـــۆ مـــاڵەوە ئێـــواران چەند کاتژمێرێک دەنووم بۆیە چەند کاتژمێرک نوستم.

ئالان پەیوەندی پێوە کردم و لە خەوی کردم

- زانیار:- بەڵێ برام؟

- ئالان:- هەندێک شتم ئامادە کردووە بۆ ئەوەی فێرت بکەم سبەی لە دوای کار کردنت وەرە بۆ ماڵی من ئێستا ناونیشانەکەت بۆ ئەنێرم.

- زانیار:- باشە دەست خۆش ئالان گیان.

ســـبەی لەســـەرکار بـــووم چـــاوان نـــامەی نـــارد کە کـــاتژمێر شـــەش چـــاوەڕێمە وەڵامـــم دایەوەو باشـــە خـــوا بیکا دێم، تەواو بووم لەکار چوومەوە ئەو شـوێنەی کە دوێنێ لەگەڵ چاوان یەکمان بینی بوو کە چووم لەوێ

بوو دانیشتبوو سڵاوم لێکرد و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد سوپاس بۆ خوا بۆم دەرکەوت هەمان هەستی منــی هەیە و تەنیــا وەک هــاوڕێیەکی بــاش دەیەوێ و پێی خۆشە هاوڕێ بین.

- زانیار:- چاوان خان هیوادارم هاوڕێیەکی باش بین بۆ یەک، خوێندکاری یاخود کاردەکەی؟

- چــاوان:- کــاری وەرگێــڕان دەکەم لە زمــانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی.

- زانیار:- بە ڕاستی ئافەرم کەوابێ تۆ سێ مرۆڤی سەرکەوتووی.

- چــاوان:- بە پێکەنیــنەوە ســێ مــرۆڤ! کە ناونیشانێکم بۆ نەئەدۆزرایەوە خێری تۆ بنوسێ.

- زانیـار:- سـوپاس، ئیشـم پێـت ئەبێـت لە زمـانی عەرەبییەکەدا باشە؟

- چاوان:- باشە بەسەر چاو هەرکارێکت هەبوو لە خزمەتتدام.

- زانیار:- سوپاس خانم.

قســـەکانمان تەواو بـــوو. خـــوا حافیزیمـــان لە یەک کردو ڕۆشتین، من دەبوایە بچم بۆ ماڵی ئالان تا بزانم فێری چیم دەکات و چی ئامادە کردووە بۆم گەیشتمە ئەو ناونیشانەی کە پێی وتبووم پەیوەندیم پێوە کرد.

- زانیار:- ئالان گیان هاتووم لەبەر دەم شوقەکەدا وەستاوم.

- ئــالان:- ئێســتا دەرگــاکەت بــۆ دەکەمەوە وەرە نهۆمی پێنجەم ناوەکەم دیارە ئالان ڕەشید لەسەر دەرگاکە نوسراوە.

- زانیار:- باشە برا گیان وا هاتم.

چومە سەرەوە و سڵاوم کرد و دانیشتم خواردنی هێنا.

- زانیــار:- کــاکە مــن بــۆ خــواردن نەهــاتووم، پەلەکەو فێرمبکە برا.

- ئالان:- بۆ ئەوەنە ئەترسی، تۆ بڵێی نانەکە تەواو نەکەی بێتەوەو یەخەت بگریَ؟

- زانیار:- باشە برا گاڵتەی خۆت بکە ئەم جارە ئەینێرمە خزمەتی بەڕێزت با ئیتر لە گاڵتەت بخا تۆ نەتدیوە با بیبینی دوو قسەت لەگەڵ ئەکەم.

- ئالان:- برا گاڵتە ئەکەم شتی وا نەکەی خۆم زۆر تەواو نیم جنۆکەش بچێتە گیانم ئەکەومە سەر ئەو شەقامانە.

- زانیار:- باشە چیت ئامادە کردووە تا پێم بڵێی و فێرم بکەی؟

- ئالان:- نوێژ ئەزانی؟

- زانیار:- وەڵا لێت ناشارمەوە بە منداڵی نوێژم ئەکرد بەڵام بە کوردی فێریان کردبووم من لە منداڵییەوە عەرەبی نازانم.

- ئالان:- بە ڕاست ئەی هەوڵ ئەیەی نوێژەکان فێرببی ئەتوانی؟

- زانیار:- هیوام وایە پشت بەخوا.

- ئالان:- باشە برا من هەموویت بۆ دەنووسم بە شێوازێکی ئاسان لەسەرەتاوە پێویست بە تەحیاتی

درێـژ ناکـا کە فێربـووی دواتـر ئەوانـی تـرت فێـرئەکەم پشت بەخوا.

- زانیـار:- ئەی ئەو ئایەتـانەی کە ڕاوییـان دەنێـت ئەوە گرنگە؟

- ئـــالان:- ئامـــادەم کـــردووە بەس بیخـــوێنەوە ئەژنۆی ئەشکێ بە ئیزنی خوای گەورە.

- زانیـــار:- باشـــە بەڵام ئەگەر ئـــاوا بیـــوروژێنم ئەترسم بچێ هەموو عەشیرەتەکەی کۆبکاتەوە بۆم.

- ئالان:- قورئان زۆر لەوانە گەورەترە هەموو جن بێت لەبەریەک ئایەت ئەکەوێتە قیژەو هاوار و ڕاکردن.

- زانیار:- باشە ئالان ئەو ئەیوت ئێمە زۆرین.

- ئـالان:- لەمەدا ڕاسـت ئەکـا، جنۆکە زۆر درۆزنە نابێ بڕوای پێبکرێ هەتاوەکو شایەتمان نەهێنێ نا بێتە ئیسلام.

- زانیار:- بۆ دەبنە ئیسلام؟

- ئـــــالان:- ئەی چـــــۆن ئیسلامیشـــــیان هەیە ئیسـلامەکان زیـان نـاگەیەنن بە مـرۆڤ. تیایانـدا هەیە ئیســـلامیەکەی زۆر لەمـــانەی لای خۆمـــان باشـــتر و

پتەوترە. مەبەستم ئەوانەیە کە بە زۆر خۆیان کردووە بە مامۆستای ئایینی و ڕۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرنامەی فەیسبوک ڕاستەوخۆ دەکەونەقسەکردن و هەر خەریکی جنێودان و سوکایەتین. بێدینەکانیش ئەوە هەر باسی مەکە، لەمان خراپتر هەڵسوکەوت ئەکەن.

- زانیار:- بەڕاستی ئالان من کە ئاواش بووم هەرگیز سوکایەتیم بە هیچ دینێک نەکردووە.

- ئالان:- پێدەچێت خوای گەورە ڕێگەی نەدابێ ئەو جنۆکەیە دەستت لێ بوەشێنێ ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێ لەگەڵ چەند شتێکی تر خوای گەورە خۆی زانایە بەو کارانەی کە مرۆڤ دەیانکات چی لە خێر یان خراپە بێ ئەوەی خودی مرۆڤ ئاگادار بێت.

- زانیار:- باشە ئالان شتێک! بزانم تۆش بۆچونت لەگەڵ بۆچوونی منە.

- ئالان:- چییە؟

- زانیار:- ئەو کەسانەی باست کرد کە ڕاستەوخۆ دەکەونە قسە کردن ئەوە شێوازی قسە کردنیانە یان

ئەوانەی خۆیـان بە ئیسـلام ئەزانـن بە حسـاب خـوا نەیکات بە گوناھ کە ئەوانەم ئەبینی ئەوەنەی تر دوور ئەکەوتمەوە بە ڕاستی شانۆ گەرییەکی زۆر ناشرین دەکەن بەو کارانەیان خەڵک لە ئیسلام و خودا دوور دەخەنەوە.

- ئالان:- ئەوە گوناھ نییە و خوداش لە ئێمە باشتر دەزانـێ کە ئەوان چـی دەکەن، بـۆیە ئەوە هەرگیـز نـابێتە گونـاھ، ڕاسـتە ئەوانە هۆکـارن بـۆ دوور کەوتنەوەی خەڵک لە ئیسلام بەڵام مرڤی زیرەک و تێگەشتوو شوێن قورئانی پیرۆز دەکەوێت نەک قسەو ڕێگاو هەڵسوکەوتی ئەوانە مرۆڤی زیرەکن و ئیسلامی لا ناشرین نابێت، بەهۆی کەسانی لەو شێوەیە چونکە ئەوە دینی خوایە نەک ئەم جۆرە کەسانە.

- زانیـار:- ڕاسـت دەکەی بـراکەم خـوا پاداشـتت بداتەوە دەی خوا هیدایەتیان بدات.

- ئـالان:-ئەم ئایەتـانە بخـوێنە لە دوای مـنەوە بـۆ ئەوەی خـوای گەورە بتپارێزێت لەو جنۆکـانەی زیـان دەگەیەنن.

- زانیار:- باشە برا.

لە فێربووندا بووم و هەوڵم دەدا بە باشتر لەبەریان بکەم لە دەرگای ماڵەکە درا و ئالان چوو بزانێ کێیە هاتووە.

- ئالان:- وەڵا کەس نییە پێدەچێت منداڵی ئەو ماڵانەی دراوسێمان بێت.

لەم قسانەیا بوو لە دەرگای ژوورەکەوە دەنگێک دەهات وەک بڵێی کەسێک بە دەستی وای لێبکات وەک چۆن تەپڵ لێدەدرێت ئاوا دەنگی دەهات.

- ئالان:- زانیار هەڵە نەبم ئەوان لێرەن و زۆریشن.

- زانیار:- قوڕبەسەری ئا ئەمەیە ئالان چیبکەین؟

- ئالان:- ئێستا ڕاویان دەنێم. تۆ ئایەتەکە بڵێ با ترست بشکێ لێیان.

- زانیار:- باشە بە هێواشی بۆ ئەوەی هەڵە نەکەم، ئایەتەکەم خوێندو دەنگ نەما دووبارە دەمخوێندەوە بۆ ئەوەی نەیەنەوە.

- ئالان:- ئەمەشت فێردەکەم ئێستا.

چــوو پەنجەرەکــانی داخســت و دوعــا و ئــایەتی دەخوێند.

- زانیار:- ئەوە چییە؟

- ئالان:- ئەگەر ئەمە بکەی ئەوا هیچ هێزێک نییە بتوانێت لێی بێتە ئەم دیوەوە مەبەستم جنۆکەکانە هەرگیز ناتوانن.

- زانیار:- زۆر باشە ئەوانەش بە باشی فێر دەبم. هەوڵ دەدەم نوێژەکانیش لەسبەینێوە بکەم پشت بە خوا.

- ئــالان:- ئێســتا بە دڵمــی بــراکەم خــوای گەورە خێرو چاکە بهێنێتە ڕێت.

- زانیار:- لەگەڵ تۆدا ئالان گیان. بەڕاستی باوکی زەید و تۆ بوونە هۆی هیدایەتم خوای گەورە ئێوەو ئەو سەرزلی باڵا بەرزەی کردە هۆکار مەبەستم ئەو جنۆکەیەبوو.

براکەم کات درەنگی کردووە دەبێ بڕۆم، کردم بە گاڵتە وتم ئەڕۆم ئەگەر ناترسی.

- ئالان:- فێربوویت و ئێستا گاڵتەمان پێدەکەی؟

- زانیـار:- نانـا بەخـوا مەبەسـتم ئەوە نەبـوو بـۆ خۆشی وام وت باشـە ماڵت ئاوابێت و هەر بە خـاوەن ماڵ بیت خوات لەگەڵ.

لەلای ئالان ڕۆشتم و گەڕامەوە بۆ ماڵەوەو خەوتـم، سـبەی زوو بـۆ نـوێژی بەیـانی بە خەبەر هـاتم و هەسـتام دەسـت نـوێژم شـۆرد و نـوێژی بەیـانیم کـرد سـوپاس بۆ خـوا هەسـتم ئەکـرد قورسـاییەکی یەکجـار زۆرلەسەر شانم بووەو ئەوا ئێستا لا چووە بڕوابکەن ئـارامبوومەوە مێشـک و دڵـم لە بەیانیەکـانی تـر نەدەچـوو! بەتـاڵ ببـوو لە سـەغڵەتی و بیرکـردنەوە و دوو دڵی، زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە.

هەر زووش قورئـانێکم بە کـوردی دەسـتەبەر کـرد لەلایەن چـاوان خـانەوە کە هاوکـارم بـووە هەتـا ئێسـتا لەسـەر بەڵێـنەکەی خـۆیەتی کە بەڵێنـی دا هـاوڕێیەکی باش بێت خوا پاداشتی بداتەوە.

قورئانم دەخوێند لە ناو باخچەکەدا بڕوابکەن لە نـان و چاییەکەی بەیانیان بەتـام تـر بـوو بـۆم باسـکردبوون چۆنە بەیانیان نانخواردن لە باخچەدا و چا تـایبەتەکەی

خۆشــم بەڵام ئێســتا خوێنــدنەوەی قورئــان لەلام زۆر لەوانە بەتام ترە!

ڕۆژانە چاوەڕێم دەکرد کە سەرسیل بێتەوە داخی دڵم و ترسەکەی جارانمی پێبڕێژم لەبەختی خۆی نە دەهات یا زانیویەتی کە ئێستا بەهۆی خوای گەورە و قورئـانی پیـرۆزەوە بەهێـزم و هێـزم هەیە نەیـدەوێرا نازانم لەبەرچی دیار نەبوو بێتەوە جاکوا سەیارەیەک لێی دابێ لەو ڕێگایە، بەشکم ملت بوبێ بە دەرگای ماڵێکەوە، ئەمانەو زۆر شتی ترم دەوت

دەموت نەبا لێرە بێت وخۆی دەرنەخا و یا خۆی پیشـانی مـن نەیـا دەی سەرسـیل سـەلکە سـیر کوای؟ دەنـگ و ڕەنگـی نەبـوو ئەک خـوا بتکـوژێ ترسـنۆک جنـۆکە زۆر ترسـنۆکن لە مـرۆڤ ئەترسـن هەر بـۆیە ئەگەر کەسێک خۆی ڕێگایـان بۆ خۆش نەکات ئەوان هیچیـان پێنـاکرێ بـۆ نمـوونە، جـادووگەر و بەختگـرو بەنـاو شـێخ و ئـا لەم جۆرانە هەن، هەندێک کەس بۆ ئەوە ئەچـن کە دوعایـان بـۆ بـکەن هەر کـارو کێشـەو ئاوات و مەبەستێکیان هەبێ و بێتەدی پەنا دەبەنە بەر

ئەمانە وەک کێشـەی خۆشەویستی کە بیانەوێ بەیەک بـگەن یـان بیـانەوێ پەیوەنـدی نێـوان دوو کەس تێـک بدەن و لەیەکیان بکەن، یان خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێردەکان زیاد بکا یاخود بە پێچەوانەوە وەچەندەها شـتیتر، ئەمـانە هەمـوی دەرگـایەکن کە بیکەیـتەوە بـۆ ئەوەی جنۆکەکـان بێـنە مـاڵ و دڵ و جەسـتەتانەوە ترسناکترین مرۆڤ ئەو جۆرە مرۆڤانەن کە هاوبەشـی بـۆ خـوای گەورە دروسـت دەکەن. جـۆرێکی تریـان کە بڕوایـان بە گـۆڕ هەیە و پیـرۆزی دەکەن، جۆریـان زۆرە.

هەر دەنگی نەبوو سەرسیل کاتی کارکردنم هـاتووە ئەبێت بچمە سەر کار دوای تەواو بوونم لە کارکردن ئەبێ سەردانی باوکی زەید بکەم چونکە زۆر هاوکاری کـردم بـا ئەو هەواڵەشـی بـدەمێ کە ئێسـتا بـوم بە موسـوڵمانێکی ڕوو لە خـوا و خواپەرسـت و نـوێژ دەکەم.

ڕۆشـتم بەرەو کـار دوای تەواو بـوون لە کـارکردن چومە لای باوکی زەید، هەر لە دوورەوە

- باوکی زەید:- بەخێربێیت براکەم

- زانیـار:- سـوپاس بـاوکی زەیـد دەنـگ و باسـت چۆنە باشی؟

- باوکی زەید:- سوپاس بۆ خوا باشـم چیت کرد؟ من پێم وابوو ئێستا لە ژێر ئەشکەنجەیای لەلای ئەوان چییە ئەوەنە بێترسی!

- زانیــار:- بــاوکی زەیــد مــن ئێســتا بــومەتە موسـوڵمانێکی خـوا پەرسـت، نـوێژ دەکەم، هـەر شـەرمە لەو شتە پیسانە بترسم ئەی وانییە؟

- بــاوکی زەیــد:- ئــافەرم ئیســلام بەو شــێوەیە سەربەرزو چاونەترسە.

- زانیــار:- بــاوکی زەیــد ئەی چیــت کــرد لەگەڵ هاوبەشی میوانخانەکەت؟ ئەبینم هەتا ئێستا لێرە هەر دوکەڵ ئەکرێ بە ئاسمانا!

- باوکی زەید:- بەخـوا بـرام تـاقەتم نەمـاوە قسـەی کۆتایم کردووە یـان ئەو هەڵـی ئەگرێتەوە میوانخـانەکە یـان مـن یـان ئەمـانە لێرە نابێت، هەتـا هەینـی داهـاتوو مۆڵەتمان هەیە هەردوولا.

- زانیـــار:- دەی پشـــت بەخـــوا تـــۆش هەوڵ بـــدە بگونجێی لەگەڵی بە ڕێگایەکی تر.

- باوکی زەید:- پشت بەخوا.

- زانیار:- باشە برا منیش ئەبێت بڕۆم حەزم کرد هەواڵێکت بزانم ئەگەر کارێکت نییە من دەڕۆم.

- باوکی زەید:- نانا زۆر سوپاس خوات لەگەڵ.

لەلای بـاوکی زەیـد ڕۆشـتم بەرەو مـاڵەوە کـاتێکی زۆر ئاسـای دەڕۆی ڕۆژەکـان، بەڵام ڕۆژانە چـاوان و ئالان و جارجار باوکی زەیدم دەبینی، بەڵام سەرسیل لە هـیچ شـوێنێک دیـار نەبـوو بـڕوابکەن تـامەزرۆی ببـووم. ڕاهـاتبووم بە بینینـی بـۆیە بێتـاقەت بـووم کە دیار نەبوو!

سـەرقاڵ ببـووم بە بـابەتەکەی خـۆم بـابەتی خەیـاڵ هەوڵـم دەدا تەواوی بـکەم، چـونکە بـابەتێکی زۆر بە سـودە لە پرۆژەشـمدایە کتێبێـک بنووسـم، زۆر بـاش سودی دەبێ بۆ خوێنەر. بۆیە ناوەکەی نانوسم چونکە تەواو بـــابەتەکەم بـــۆ دانەڕشـــتووە، بیـــرم کـــردەوە داوایەک بـــخەمە بەردەم بـــاوکی زەیـــد کە ببـــین بە

هاوبەشی یەک لە دوکانەکەداو بیگۆڕین. چووم بۆ لای باوکی زەید ئەو داوایەی هەمبوو بۆم باس کرد زۆری پێخۆش بوو، هەوڵمان دەدا کارەکان تەواو بکەین، کەوا بڕیار بوو لە شوێنێکی تر دوکان بکەینەوە ئەوەنەی نەخایەند هەواڵ گەیشت بە باوکی زەید کە باوکی زۆر هیلاکە، هەر بەپەلە بلیتی فڕۆکەی بڕی و ڕۆی ئیشەکە وەستا. بەبێ ئەویش نەدەکرا بۆ بەڕێوبەرایەتیەکان ئەویش پێویستبوو. پەیوەندیم دەکرد پێوەی. بەڵام پەیوەندیەکە وەرنەدەگیرا نازانم کێشەکە لە سیمکارتەکەی بوو لەوێ کاری نە دەکرد یان چی! من لە چاوەڕوانییا مامەوە، ژمارەیەک پەیوەندی پێوە کردم، وەڵامم دایەوە باوکی زەید بوو.

- زانیار:- براکەم چۆنی بۆ وا بێ هەواڵ بووی باوکت چۆنە؟

- باوکی زەید:- باشتر بووە سوپاس بۆ خوا، بەڵام خوشکێکیشم نەخۆشە باری تەندروستی تەواو نییە وا پێشبینی دەکرێ جن چووبێتە ناو لەشی، وەک

شێتی لێ هاتووە هەر بۆیە من ناتوانم زوو بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ کارەکەشمان وەستاوە.

- زانیار:- دەزانم گرنگ کار نییە. باش بوونی ئەوان گرنگ ترە ئەی چیت کردووە بۆ خوشکەکەت؟

- باوکی زەید:- وابڕیارە پشکنینی بۆ بکرێ ئەگەر لە پشکنینەکە هیچ دەرنەکەوێ ئەوا دڵنیا دەبمەوە جنە و بە پشتیوانی خوای گەورە خۆم بۆی دەردەکەم لە لەشی.

- زانیار:- باشە برا هەواڵم بدەرێ با ئاگاداربم لە هەواڵتان.

- باوکی زەید:- باشە بە چاوان زۆر سوپاس بۆ خەم خۆریت برا خوات لەگەڵ.

لەگەڵ ئیش و کار بەردەوام بووم ئەو ئیشەی کە ویستم لەگەڵ باوکی زەید بیکەم نەگونجاو خێری پێوە بێت لەگەڵ ژیان دەڕۆشتم.

شەو لە ماڵەوە بووم دانیشتبووم چراکەم داگیرساند بە یادی جاران قسەم بۆ دەکرد چەند جارێک دەکوژایەوە! باشە بۆ! خۆ غازی تیاماوە و

هەواش نییە بۆ ئەم نازەم بەسەردا دەکەیت یان زویری لێم کە دەمێکە دامنەگیرساندووی؟ کوژاندنەوەکەی زۆر نا ئاسای بوو ئەتوت دەستێک غازەکەی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی ئیش نەکا.

من گومانم کرد سەرسیل یان کۆمەڵەکەی لێرەبن خۆم هیچم نە دەوت و هیچ ئایەتێکم نە دەخوێند هەتا نەڕۆن و خۆیان دەرخەن چراکە هەر بەردەوام بوو لە کوژاندنەوە، سەرسیل ئەگەر لێرەی خۆت دەرخە وەک پیاو دەی، هاژو هوژێک دەهاو وەک بڵێی لە ناو جەنگەڵێکم هەوا کاری کردۆتە سەر دارەکان بە شێوەیەک دەمبیست هەروەک لەناو دارستانێک بوومایە وابوو، لەبەر خۆمەوە ئەم وت سەرسیل دەی چیت ئەویَ بەس کە خۆت دەرخست خۆت جوان بکە با نەتۆقم لێت باش، خۆی دەرخست لەسەر کانتۆری جلەکان دانیشتبوو وتم ئەوە چی ئەکەی لەویا وەرە خوارەوە ئەڵێی ئەستێرەی سیوەیلی هێندە ونی.

- سەرسیل:- زانیار هاتووم بۆ ئەوەی دوا وەڵامت بزانم ئایا ڕازیت؟

- زانیـار:- باشـە ئـاخر بەچـی ڕازی بـم تـۆ ئەڵێـی داواکاریم لێدەکەی بۆ خۆشەویستی.

- سـەرسـیل:- مـن بە ڕاسـتمە ئەگەر ڕازی نەبـی ئەوا زۆر خراپـــت بەســـــەر یەت نەک هەر خـــۆت ماڵەوەشـتان وێـران دەکەم جـا وەرە ڕازی بەو خـۆت گەورەو پیـرۆز بـکە بـا ئـیش بـخەمە ژێـر دەسـتی هاوڕێیـان و فەرمانەکانـت جێبەجـێ بـکەن و لە ژێـر داواکاری تۆبن.

- زانیار:- ئەی تۆ بۆ نایەی بە داوایەکی من ڕازی بیت؟

- سـەرسـیل:- چییە تەنهـا داوا بـکە بـۆت ئەهێـنمە ئێرە.

- زانیـار:- نـا چـی ئەهێنـی ئەوەنەت حەز لە شـت هێنانە ئەوە بۆ نابی بە کرێکاری عەلوە؟

- سـەرسـیل:- زانیـار داواکەت چییە بیڵـێ بـا تـوڕە نەبن؟

- زانیار:- کـێ تـوڕە نەبن؟ باشـە بـۆ ئەوەنە زۆرن لێرە یان بەس درۆو خۆ گەورە کردنە؟

- سەرسـیل:- بەڕاسـتمە زانیـار تـۆ ئەوان نـابینی بەڵام پـڕ ئەم ژووره هاوڕێکـانمی لێـیە و چـاوەڕێی فەرمانی منن بمەوێ وات لێئەکەن شێتت ئەکەن.

- زانیار:- باشە سـەیرکە من بە ئـایەتێکی قورئـانی پیرۆز چۆن تۆو ئەوانەی دەورت ڕاوئەنێم.

- سەرسیل:- باشە تۆ لە کەیەوە ئەوەندە پاپەندی ئیسـلام و قورئـان بـووی ئـێمە ئاگـاداری هەمـوو ڕۆژەکـانی تـۆ بـووین ئێسـتا هەمـوو حەزەکانـت بەنـد کردووە لە خۆت ئەوکاتەی ژیانت ئاسـودەو سـەربەخۆ بوو کامیان خۆشترە، من دەمەوێ بتکەم بە کەسـێکی دەوڵەمەنـدو شـاهانە بەڵام تـۆ خۆتـت بەجۆرێـک هەڵە کردووە زۆر زەرەرمەندی لەم بوون بە ئیسلامەت.

- زانیار:- باشە کە ئیسلام ئاوا بە خراپ ئەزانـی و هیچ نییە لە لای تۆ بۆچی هێندە لە قورئـان خوێندن و ئیسـلام ئەترسـی؟ سەرسـیل هەوڵـی دەدا خـۆی لە پرسیارەکەم بشارێتەوە.

- سەرسیل:- زانیار بڕوا بکە ئێمە زۆر کات بە دەستی مرۆڤ دەکوژرێین بە تایبەت ئیسلامییەکان هەر بۆیە ڕقمان لێیانە.

- زانیار:- سەرسیل کێ تۆی ناردووە بۆ من ڕاست وەڵامم بەرەوە ئەگینا ئەت سوتێنم.

- سەرسیل:- من تەنیا فەرمانەکان جێبەجێ دەکەم بۆیە نازانم کەسی یەکەم کێیە من فەرمانم لە سەرکردەی خۆم وەرگرتووە ئەویش فەرمانی لەسەرو خۆی پێ کراوە بەو شێوەیە فەرمانەکان دەگوازرێنەوە بۆ ژێر دەستی خۆیان.

ڕاستی دەکرد چونکە یاسای جنەکان بەشێوەی هەڕەمییە سەرکردە فەرمان بەژێر دەستی خۆی دەکات ئەوانەی فەرمانەکەیان وەرگرتووە سەرکردەی کۆمەڵێکن فەرمان بەخوار خۆیان دەکەن ئەوانیش فەرمانەکە دەگوازنەوە بۆ ژێر دەستی خۆیان هەر بۆیە ناونراوە شێوە هەڕەمی.

- زانیار:- باشە سەرسیل ئەم کابرایە کێیە هێناوتەو شێوەیت وەرگرتووە؟

سەرسـيل:- ئەمە کـابرایەی ئەمـریکییە کە شـێوەی ئەوم وەرگرتووە ئەویش لە کۆمەڵەی خۆمانە.

واتە مەبەستی ئەوەبوو یا جادوو گەرن یان ئەمان چوونەتە ناو جەستەیەوە.

- زانیـار:- باشـە سەرسـيل مـن دەمەوێ بـزانم کـێ تۆی ناردووە واتا کەسی یەکەم کێییە؟

- سەرسيل:- باشە من ئەوەت پێ بڵێم تۆ چیم بۆ ئەکەی؟

- زانيار:- تورەم مەکە سەرسيل لە وەدەچێ بزانی لە ڕەفتـارم تـورە بـبم ئەو پەرداخە ئەیەم بەسـەرتا داوای شـت لە مـن مەکە وە هیـوادارم بێیـتەوە سـەر ڕێگای ڕاست کە ئیسلامە خۆ ئیسلامتان هەیە؟

- سەرسـيل:- بە خەیـاڵیش نـاتوانم بیـر لەوە بکەمەوە چونکە دەمکوژن.

- زانيار:- کێ دەت کوژێ؟

- سەرسـيل:- هاوڕێکـانم یـان سـەرکردەکەم یـان جنەکانی تر هێرش دەکەنە سەرم بەکۆمەڵ.

- زانیـار:- باشـە سەرسـیل بـۆ ئیسـلامەکانی تـر نـاکوژرێن تـۆ بـۆ ئەترسـی ئەوکـاتە ئیسـلامیەکان دەتپارێزن بەقسـەم بکە خۆت ئاوا سـەرگەردان مەکە ڕۆژێک دەچیتەوە بەردەم پەروەردگار خۆشت بـاش دەزانی کە لەسەر ڕێگایەکی هەڵەی.

کاتێکم زانی پەلاماریدام کێشامی بە دیوارەکەدا بە پەلە قورئـانم خوێنـد بە دەنگـی بەرز هەناسـەم بـۆ نەئەدرا هەتـا هـاتمەوە سـەر خـۆم کەمێـک، باشـە سەرسیل ئەمەت بەسەرەوە نەچێت، زۆر بەهێز بوو خەریکبوو دڵم بوەستێ هێندە بەهێزەوە کێشامی بە دیوارەکەدا سەلکە سیر سەلکە سیر گەر ڕاست ئەکەی وەرەوە ئەم جارە بـا بێیتەوە ئەوکـات ئەزانـی زەفەر هێنان باجەکەی چییە لە لای من!

بۆ سبەی دەبوو چاوان ببینم کاتی بینینەکە هات و ڕۆشتم بۆ قاوەخانەیەک کە بڕیار بوو لەوێ یەکتـر ببینین حەزم دەکرد بۆی باس بکەم بەڵام وتم نەکا بترسێت و توشی دوودڵی و خەم ببێ بەهۆی منەوە، ئەویش گەشت سڵاومان کردوو دانیشتین پێکەوە لە

کاتی قاوە خواردنەوەکەدا باسی کارەکەی بۆ دەکردم کە زۆر ماندوو هیلاک دەبێت.

- زانیار:- ڕاست ئەکەی هیلاکیت پێوە دیارە.

- چاوان:- تۆ خەریکی چیت بە چیەوە سەرقاڵی؟

- زانیار:- من بە ئیشو کارەوە ڕۆژانە کار ئەکەم لە چێشتخانە چێشتلێنەرم واتا (شێفم).

- چاوان:- نانێکی خۆشمان بۆ ئامادە بکە شێف.

- زانیار:- بەسەر چاو هەرکات پێت خۆش بوو من لە خزمەتتدام وە لە دوای کارەوە سەرقاڵم بە هەندێک بابەت پرۆژەی ئەوەشم هەیە بیانکەمە کتێب پشت بە خوای گەورە.

- چاوان:- ئافەرم کتێب نوسین زۆر خۆشە دڵنیام توانـــــــایەکی زۆر زۆری دەوێ هەر لە بەهـــــــرەو ڕۆشنبیرییەکی زۆر دەست خۆشیت لێدەکەم.

- زانیار:- زۆر سوپاس خانم.

- چاوان:- بێگومان سەرەتا بە خوێندنەوە دەستت پێکردووە و هەتا هەستت کردووە کە توانای نوسینت هەیە وایە؟

- زانیار:- بەڵێ بەڵام ڕای من کەمێک جیاوازە لە هەندێک لەوانی تر.

- چاوان:- چییە سەبارەت بە چی؟

- زانیار:- کتێب زۆر گرنگە خوێندنەوەی، دەبێت خوێنەرێکی باش بیت مەرج ئەوە نییە چەند کتێبت خوێندۆتەوە مەرج ئەوەیە چەند سوود لێبینیوەو هەتا چەند کتێبێکی باشت هەڵبژاردووە، سەبارەت بە کتێب نووسین خاڵی یەکەم دەبێت بە شێوازێکی وا بنووسرێ کە زۆر سادەو ڕەوان بێت چونکە کۆمەڵە وشەیەک گەڕانی دەوێ یان سەختە مانا بدات بە دەستەوەو فەلسەفیانە بێت ئەوا کۆمەڵە کەسێک سوودی لێدەبینێ کە چەندین ساڵە لەناو کتێب خوێندنەوەدایە بەڵام ئەی ئەگەر کەسێ سەرەتای بێت بە کتێب ئاشنا بێت من دڵنیام تەنیا کات لە خۆی دەگرێ وە هیچ سودی لێنابینێت هەتا بە شێوەیەکی ئاسان هەموو کەسێ لێی تێبگات ئەوا دەکرێ کتێب سادە بێت و زیاتر وشەی سادە و ئەو جۆرانەی تیا بێت کە زۆر تر بەکار دێت لە ناو خەڵکیدا.

- چـاوان:- بۆچـونێکی باشــە، خـودی خـۆم کتێـبم خوێندۆتەوە هێندە گران بووە لە نیوەی خوێندنەوەدا وازم لێهێناوەو تاقەتم لە خوێندنەوەی نەماوە.

- زانیار:- زۆر ڕاستە.

- چـاوان:- هیـوادارم کتێبێکـی بـاش بێـت، کتێبـێکم دەوێت لەوانە باشە؟

- زانیـــار:- بە چــــاوان، کە تەواوم کـــرد لە هەر کتێبێکیان دانەیەکت بۆ ئەهێنم بە دیاری.

- چـاوان:- سـوپاس هـاوڕێ بێگومـان تـۆ کتێبێـک بنووسی ناوازە دەبێت!

- زانیار:- زۆر سوپاس.

لەم قسـانەدا بـووین کچێـک هـات مـن پـێم وابـوو هـاوڕێی چـاوانە، سـڵاوی کـرد وەڵامـی سـڵاوەکەیمان دایەوە کچێـک بـوو هەتـا بڵێـی جەسـتەی ڕووت بـوو بەڕاستی بڕوا ناکەم چارەکێ قوماشی پێوە بووبێ

زۆر ســەیرم لێـدەهاو کـوردی خۆمــان ئــاوا بەو شــــێوەیە لە کلتــــورو نەریتـــی جـــوانی کـــوردی

هەڵگەڕابێتەوە بە داخەوە، چاوان پێی وابوو هاوڕێی منە هەر بۆیە لەو کاتەدا

- چاوان:- من بە جێتان ئەهێڵم کاتێکی خۆش.

- زانیار:- چاوان وەرە مەڕۆ ئەم بەڕێزە هاوڕێی تۆیە جوان نییە دەڕۆی وەرە من دەڕۆم.

چاوان وەڵامی نە دایەوەو ڕۆشت، بە تورەییەوە بە کچەکەم وتم فەرموو بەڕێز؟

- وتی:-کاک زانیار پێم خۆشە بتناسم حەز ئەکەم تێکەڵ بین.

- زانیار:- بۆ چاوان تۆی هێناوەو باسی من بۆتۆ کردووە؟

- وتی:- نا من چاوان  ناناسم بەڵام کەسێکی زۆر لوت بەرز دیارە!

- زانیار:- ئەی باشە خانم تۆ کە نە من دەناسی و نە چاوان دەناسی بۆ هاتی و دانیشتووی لەلای ئێمە بەبێ ڕووخسەت وەرگرتن؟

- وتی:- ببورە دەبوایە داوای یارمەتی بکەم بەڵام کە بینیمی خۆم ڕانەگرت.

- زانیار:- باشە خانم تۆ کێی من تۆ ناناسم؟

- وتــی:- باشــە بەڵام مــن لە فەیســبوک تــۆم زۆر بینیــوە مــاوەیەکی زۆر لەمەو پــێش ڕاســتەوخۆت دەکــردەوە سەرســامت بــووم، ئێســتاش بە ڕێــکەوت هاتمە ئەم قاوەخانەیەو تۆم بینیو ناسیمیتەوە.

بێشـەرمی نەبێ هێندە جوان قسـەی دەکردو هێندە جەستەی دەرخستبوو دەمویست زاڵبم و دەست بگرم بە ســەر حەزی خۆمــداو تەماشــای نەکەم وەک پیاوێکی لاواز نەم دەتوانی!!

- زانیــار:- باشــە تــۆ بــۆ لە فەیســبوک ئەمــانەت نەوتوە بۆ هاتویتە ئێرە؟ وە ناوت چییە؟

- لەنیا:- ناوم لەنیایە، بە ڕاستی وا بە نیاز بووم نــامە بنێــرم، بەڵام ڕێــک نەدەکەوت ئەوەنەش نابێــت هــاتوومەتە ئەوروپــا تــازە ناردوویــانم بــۆ ئەم شــارە پێشتر لە فرانکفۆرت بووم لەوێ خۆمم ڕادەست کردو ناردیـانم بـۆ ئێـرە وەک وتـم ڕێکەوت بـوو بینینـی تـۆ بـۆیە وا بەئـازادی داواشـم لێکـردووی دەزانـم تـۆش لە ئازادی تێگەیشتووی بۆیە عەیب نییە.

- زانیـار:- لەنیـا خـان مـن ئـازادی دەزانـم، بەڵام کلتـورو نەریتـی خۆشـمانم لەبیـرە. کە مـن پیاویشـم نامەوێ لەو کلتورە لابدەم، بەڵام سەیرە تۆ وەک خۆت دەڵێییت هێندە نابێ هاتوویتە ئەوروپا چییە ئاوا زوو لە خۆت و کلتورەکەت گۆڕای خانم؟

- لەنیـا:- بۆ ئەگەر کەسێک خۆشـی بوێیت عەیبە ئەمە تەنیا کورد ئاوا بیر دەکاتەوە!

- زانیـــار:- لەنیـــا خـــان بەڕاســـتی مـــن خـــۆم هەڵنـاقورتێنمە نـاو ژیانـت. تەنهـا زانیـارییەک بـوو پـێم وتیو هیچی تر.

- لەنیا:- باشە سوپاس. دەکرێ ژمـارەکەتم بدەیتێ ئەگەر کاتـــت هەبـــوو یەک دەبینیـــنەوە ڕاســـتییەکەی پێویســـتم بە وەرگێڕێـــک دەبێـــت خـــۆت دەزانـــی سـەرەتامەو لێـرە فێـر دەبـم هاوکـاریم بـکە سوپاسـت دەکەم.

- زانیار:- باشـە بـۆ هاوکاری بە پێی توانـا بەسـەر چـاو بەڵام ببـورە بـۆ چـوونە دەرەوە و کـاتی زیـادە ناتوانم چونکە کاتم نییە.

- لەنیا:- باشە کێشە نییە.

- زانیار:- باشە لەنیا خان ئەوە ژمارەکەمە، من دەبێ بڕۆم کارێکت نییە؟

- لەنیا:- نا گیان سوپاس.

- زانیار:- باشە خوات لەگەڵ.

لەوێ ڕۆشتم هەتا گەشتمەوە بۆ ماڵەوە من هەر پەیوەندیم بە چاوانەوە ئەکرد وەڵامی نە ئەدامەوە زانیم توڕە بووە! پەیوەندیم کرد بە ئالانەوە.

- زانیار:- ئالان براکەم نان ئامادە دەکەم وەرە بۆ ئێرە با پێکەوە نانێک بخۆین.

- ئالان:- باشە برا با تامی خواردنی دەستت بکەم بزانم بەڕاستی وەستای.

- زانیار:- باشە برا تۆ وەرە خۆت ئەیبینی چ کابانێکم.

- ئالان:- واهاتم.

پەیوەندییەکەی داخستەوە. هێندەی نەخایەند گەیشتەلام و هاتە ژوورەوە و هەستم کرد بۆنی خواردنەکەم دەکات.

- زانیــار:- چیــیە ئــالان ئەڵێــی بە دوای شــتێکا ئەگەڕێی؟

- ئالان:- نا بۆنی ئەو گۆشتە شێتی کردووم! تۆ چیت وەستا گیان.

- زانیار:- تۆ جاری بیخۆ ئەو کاتە شێت ئەبیت بۆی و ئەکەویتە سەرجادە.

- ئالان:- باشە گاڵتەم پێبکە برا، چیتە برا؟

- زانیار:- وەڵا برا نازانم دڵخۆشبم یان بێتاقەت بم.

- ئالان:- بۆ برا؟

باســەکەم هەمــووی بــۆ گێــڕایەوە بەڵام ئــالان مــن هەرچەند بیردەکەمەوە ئەمەیان دەستێکی لە پشتە یان زۆر جوانم و نەمزانیوە بە خۆم.

- ئــــالان:- نانــــا جــــوانی، بەڵام بەخــــوا بەهــــۆی جوانییەکەتەوە نییە ببورە.

- زانیار:- ئەی بۆ چییە؟ منیش لەگەڵ بۆچوونی تۆدام هەست دەکەم دەستێک هەبێت لە پشت ئەمەوە

پێدەچێت کاری سەرسیل بێت. باشە جا جنۆکە ئەوەنە جوانن پیاو شێت بکەن؟ بڕوا ناکەم ئەوان بن.

- ئالان:- با گوناهبار نەبیت وا مەڵێ.

- زانیار:- باشە برا گاڵتە ئەکەم بەڵام ئەی ئەگەر کاری ئەوان بێت چارەسەر چییە؟ خۆ داوای ژمارەی لێکردم! بەڵام جنۆکە کوا مۆبایلی هەیە یان ئەوانیش لەگەڵ تەکنەلۆجیا دەڕۆن و نەمزانیوە؟

- ئالان:- بەڕاستی زانیار ئەم بابەتە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ بۆیە ئێمە پیاوین لە هەندێک کاتدا مرۆڤ خۆی بۆ ناگیرێت و خۆی توشی گوناهـ دەکات.

- زانیار:- باشە ئالانی برام ئەوان چۆن دەتوانن لەگەڵ مرۆڤ جوت ببن؟

- ئالان:- ئەوە ڕاست نییەو هەرگیز ناتوانن کارێکی وا بکەن ئەگەر مرۆڤ بیشیەوێ ئەوا ناکرێ شتیوا. بەڵام دەتوانن کەسێ بنێرن کە بیکەنە بەڵگە بۆ گوناهباری و تاوان لەگەل مرۆڤ، بۆ نموونە دەچنە گیانی ئافرەتێک وا لە ئافرەتەکە دەکەن توشی زینای بکەن و هەر کەسیان بوێ دەینێرنە لای بەبێ ئەوەی

ئەو ئـافرەتە خـۆی ئەوەی بوێـت وەک بێهـۆش وایە و ئەوان دەیهێنن و دەیبەن یان کەسێکی وا ڕادەسپێرن کە کەوتۆتە ژێر فەرمانی ئەوانەوە داوای لێدەکەن ئەو کارە بکات، تەنیا لە پێناوی ئەوەی کەسی دیاری کراو توشـی گونـاه و تـاوان بـکەن. هەر بـۆیە لە دوای ئەو کارە بە ئاسانی ئەتوانن دەست بەسـەر کەسـی دیـاری کراودا بگرن وبیخەنە ژێر دەستی خۆیـانەوە و دەسـتی لێبوەشێنن و بچنە ناو لەشیەوە.

- زانیار:- باشە ئالان چارەسەرەکەی چییە؟

- ئـالان:- تەنیـا کارێـک هەیە دەتـوانی بیکەیـت ئەویـش ئەو ئـافرەتە بانـگ بکەیـتە ئێـرەو بەبێ ئەوەی بزانێت کە چیمـان دەوێت ئەو جنـانەی کە لە لەشـیدایە دەریان بکەین.

- زانیار:- باشـە بـرا وا دامانـنا ئەم کارەمـان کـردو ئەو ئافرەتە هـاتەوە دۆخـی جـارانی و هۆشـی هـاتەوەو بڵێ ئەمانە دەستدرێژیان کردۆتە سەرم یان ویستویانە بمکوژن شـکات بکـا لێمـان، ئەی چـی وەڵامـی پۆلیس بدەینەوە؟

- ئالان:- ڕاست دەکەی من بیرم لەوە نەکردبۆوە زۆر ڕاستە.

- زانیار:- ئەی چی بکەین؟

- ئـالان:- هەوڵبـدە خـۆتی لێـدوور بـخـەرەوە یـان ئەگەر هـاتەوە بـۆ لات ئـایەت کورسـیەک بخـوێنە و زانیت بارودۆخی تێکچوو بە خوێندی ئەو ئایەتە ئەوا خۆمان پۆلیس ئاگادار دەکەینەوەو ئەڵێین کەکەسێکی وا هەیەو بێزارمان دەکا نەبا دوای ئەو ئافرەتە بە هەڵە پۆلیس تێبگەیەنێت و ئێمە تاوانبار بکەن دوایی هەوڵ دەدەین ئافرەتەکە بانگ بکەینە ئێرەو لەگەڵ دەرکردنی جن لە لەشی زانیمان کارێکی خراپ دەکاو دەیەوێ پـۆلیس ئاگـادار بکـاتەوە ئەوا ئـێمە پـێش ئەو هەواڵ دەدەین بە پۆلیس کە هاتۆتە ماڵەکەوە و وەرن بیبەن.

لەسـەر ئەوە ڕێـک کەوتـین. مـن نەدەبـوایە بە هـیچ شـێوەیەک بە مۆبایـل قسـەی لەگەڵ بـکەم و نـامە بکەوێتە نێوانمان هەتا ئەگەر شتێکی وا بوو لەسـەرمان نەکەوێت و تاوان بار نەبین، خوای گەورە هاوکارمـان بێت بمانپارێزێت هەر لەهەمـان شـوێنی پێشـوو لەنیام

بینـیەوە هـات بەرەو ڕووم جـل و بەرگـی لە جـاری پێشوو خراپتر بوو لە دوای سڵاو کردن من قورئانم ئەخوێند لەبەر خۆمەوە ئەویش وەک گای شێت ئارامی لەبەر هەڵگیرابــوو تەواو دڵنیــا بــوومەوە کە جــن لە لەشــی دایە هەر زوو پەیوەنــدیم کــرد بە پۆلیســەوەو بــابەتەکەم بــۆ ڕوون کــردنەوە. ئەوەی مــن و ئــالان لەسەری ڕێک کەوتبووین پۆلیس هـاتوو لەگەڵ خۆیـان بردیان. هەتاوەکو بێتەوە سەر خۆی و دوایی ئازادی بکەن.

پۆلیس وایدەزانی دەرمانی خواردووە و پێویستی بە پشوو و چاودێری پۆلیس هەیە کە هـاتەوە سـەرخۆی و ئــــارام بــــۆوە ئــــازادی دەکەن، بــــۆ بینینــــی ئەو دەچــوومەوە ئەویَ هەمــوو ڕۆژ. دوای چەنــد ڕۆژێ دەرکەوت پێش ئەوەی بگاتە سەر مێزەکە من هەستام بڕۆم.

- زانیـار:- وەرە بـۆ مـاڵەوە لەویَ هەرچیـت دەویَ دەیکەین.

- لەنیا:- باشە، ناونیشانەکەم بەریَ.

ناونیشانەکەم پێدا بەبێ ئەوەی خۆم تێکبەم وتم هەر ئەم شەو وەرە.

- لەنیا:- باشە گیانەکەم.

ئەڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە پەیوەندیم کرد بە ئالانەوە

- زانیار:- برا بۆ نایەی نانێک پێکەوە بخۆین.

یەکسەر ئالان لە قسەم تێگەشت کە بابەتەکە وەک پلانەکە دەڕوا.

- ئالان:- باشە میوانێکم هەیە ئەویش دەهێنم.

- زانیار:- بەخێربێن خۆشحاڵ دەبم.

ئەوان گەشتن ئالان لەگەڵ پیاوێکدا بوو زۆر ڕێک پۆشو ڕێک و پێک بوو ناوی ( محمد )بوو وابزانم عەرەب بوو، بەڵام هەڵە نەبم مامۆستای مزگەوت بوو بەخێرهاتنم کردن.

- ئالان:- کوا کەی دێت ئەو ئافرەتە؟

- زانیار:- چاوەڕێبە دەردەکەوێ ئێستا.

بەڵام ئالان من ئەو کابرایە ناناسم لێرە دەبم و دەبێت خۆمان ئاگامان لێی بێت ئەو ئافرەتە ئەبێ پارێزراو بێ لە لای ئێمە ناکرێ بە تەنیا بەجێی بهێڵین

لەگەڵ ئەم کابرایەدا نەبا شەیتان زاڵبێ بەسەریدا و کارێکی خراپ بکات ئیتر ئەمە مرۆڤە دەزانم مامۆستایە، بەڵام شەیتان نەمردووە.

- ئالان:- زۆر ڕاستە هەروا دەکەین براکەم.

لەنیا دەرکەوت بە لارو لەنجە ئەتوت ئەچێ بۆ ئاهەنگ، وا خۆی ڕازاندبۆوە هاتە ژوورەوە بە نیازی کاری خراپ و زینا بوو، منیش بە نیازی ئەوەی خوا لە خۆم ڕازی بکەم پشت بەخوا کە هاتە ژوورەوە دەرگاو پەنجەرەکانم داخست هەر زوو ئالان و مامۆستا (محمد) هاتن سەرچەفێکمان بە سەریا دابوو بەتوندی گرتمان بۆ ئەوەی نەجوڵێ و ڕانەکا مامۆستا (محمد) دەستی کرد بە قورئان خوێندن و هاوار کردن بە سەریا کەوتە قسە دەنگێکی گڕو ناخۆش قسەی دەکرد هەر چۆنێک بوو بە دووجار هەوڵدان جنەکانی دەرکرد لە گیانی، هێواش بۆوە ئالان و مامۆستا (محمد) ڕۆشتن، لەنیا هۆشی هاتەوە و ئارام بۆوە.

- زانیار:- لەنیا خان چۆنی باشی؟

یەکسەر وەڵامی دامەوە.

- لەنیا:- سوپاس بۆ خوا باشم براکەم، تۆ کێیت و من لە کوێم؟

بە ترس و لەرزێکەوە باسەکەم بۆ باس کرد تێم گەیاند کە شتێکی وا بووە بۆیە بۆم باس کرد چونکە ئافرەتێکی باش و بەڕێزە ئەگەرنا وا پلانبوو پەیوەندی بکەم بە پۆلیس بەڵام سوپاسی خوای گەورەی زۆر کرد دەستی کرد بە گریان دەیوت ئەم جلانە چییە لەبەر مندا خوایە بمبەخشە منیش بە ڕاستی شتەکانم بۆ باس کرد لە دوای ئەوەوە بۆم دەرکەوت لە ترسەوە توشی بووە قەمسەڵەیەکی خۆمم پێدا لەگەڵ پانتۆڵێک لەبەر ئەوەی ئاوا نەیدەتوانی بڕواتەوە شەرمی دەکرد و ترسی خوا نەیدەهێشت بەو ڕووتیە بچێتە دەرەوە

- لەنیا:- لەبەر کردنی جلی پیاو بۆ ئافرەت گونجاو نییە نابێ.

- زانیار:- وایە خوشکی من. بەڵام دەسەڵات نییە دڵنییام ئەمە باشترە لەو شێوازە جلەی بەرت، ئەو ڕۆیشت سوپاس بۆ خوا منیش ڕزگارم بوو.

لە دوای ئەوە چـاوان بە مۆبـایلەکەی نـامەیەکی بـۆ نــاردموله نــامەکەدا نوســرابوو پەیوەنــدیت کردبــوو فەرمووو؟

- زانیـار:- ئێسـتا وەڵام ئەدەیـتەوە هــاورێ! ئەی ئەگەر ئـاگرم تێبەربـووایە هەرئـاوا ئەهـاتی بە لامەوە گلەیی بێت لێت.

- چاوان:- باش دەزانی خۆت دەرباز کەی!

- زانیـار:- نـا بەڕاسـتی زۆر دڵ گـران بـووم ئەو ڕۆژە بانگم کردی کە نەڕۆی بەڵام وەڵامت نەدامەوەو ڕۆشــتی، دوای ئەوەش پەیوەنــدیم زۆر پێــوە کــردی وەڵامی پەیوەندیەکەشت نەدامەوە.

- چـاوان:- بڕوابکە زۆر تـوڕە بـووم ئـاخر کـوڕی بــاش تــۆ کە کەســێکی تــر ئەناســی هــاوڕێتە یــان خۆشەویستە نازانم هەر چیتە بـانگی دەکەی ئەی نـابێ بە من بڵێی؟

- زانیــار:- ئەوە تــۆ باســی چــی دەکەی، منــیش وامزانی هاوڕێی تۆیە.

- چاوان:- بۆ تۆش نەتدەناسی؟

- زانیـار:- نە بەخـوا بـابتبینم هەموویـت بـۆ بـاس دەکەم کە توشی چی نەهامەتیەک بووم بە دەستیەوە.

- چاوان:- باشە پشت بەخوا یەک دەبینین.

- زانیار:- باشە خوات لەگەڵ شەوت شاد بێت.

ئـالانم ئاگـادار کـردەوە بـۆ ئەوەی دڵـی لام نەبێـت تێمگەیانـد کـارەکە بەباشـی ڕۆشـتووە و هـیچ شـتێک ڕووی نەداوە سـوپاس بـۆ خـوا، خۆشـحاڵی خـۆی دەربڕی و سوپاسی خوای کرد کە ڕزگارمان بووە.

سـەبارەت بە زانیـاری دونیـای جنۆکەکـان دەمخوێندەوە حەزم دەکـرد تەواو هەمـوو زانیـارییەک بـزانم لە سـەریان حەزکردنـی مـن وەک کەسـانێکی تـر نەبوو هۆکار ئەوە بوو من خۆم هەڵسوکەوت و قسـەم لەگەڵ کـردوون تێکەڵیـان بـووم تـا ڕادەیەک هەر بۆیە حەز کردنـی مـن لەمرۆڤێکی ئاسـایی زۆر زیـاتر بـوو. بـۆم دەرکەوت کە لە سـەرەتای بینینـی سەرسـیلەوە بـۆچی ئەو قسـەیەی کـرد زۆر لام سـەیر بـوو کە بەنـاوی دایکمەوە بـانگی کـردم و نـاوی هێنـام! بـۆم دەرکەوت سروشـتی جـادووگەر و جنۆکەکـان وایە بە

ناوی دایکەوە مرۆڤەکان بانگ دەکەن نەوەک باوک! وە کەباسی زۆرینەی خۆیان کرد من پێم وابوو درۆ دەکا و خــۆی هەڵدەکێشــێت! بەڵام بــۆم دەرکەوت ئەوەش ڕاستە ژمارەی جنۆکەکان و شەیتان زۆر لە مرۆڤ زیـاترن و هەتـا دەتـوانم بڵـێم بەلایەنـی کەمەوە هەر مرۆڤێـک پێـنج بـۆ شــەش جنـۆکەی بەردەکەوێ واتـا شـەش هێنـدەی مـرۆڤ دەبـن هەنـدێکیان لەنـاو مـاڵ و شــوێنی مــانەوەی مــرۆڤ دەژیــن. هەندێکیشــیان لە ئاسمان ماڵ دەکەن لەسەر ئاو لە ژێر ئاو ماڵ دەکەن. هەر بۆیە ناوەکانیان بە ناوی شوێنەکانیانەوە ناونراون جنۆکە تەمەنیان زۆرە دەچنە سەرو هەزار ساڵ ئەگەر کەمتـر لە هەزار ســاڵ بـن واتـا گەنجـن و منـداڵیان دەبێت. بەڵام لە مرۆڤ نا بەڵکو لە ناو خۆیاندا ژن و پیاویـان هەیە منداڵ و ژیـان و هەمـوو شـتێکی خۆیـان هەیە نـان دەخـۆن و دەخـۆنەوە و پاشـماوەی خـۆراکی مرۆڤەکـــان دەخـــۆن. ئەمـــانەو زۆر زانیـــاری تـــرم وەرگرتووە لە سەرچاوەی بڕواپێکراو و ڕاستەکانەوە.

هەر بۆیە ڕقیان لە مرۆڤە کە پێیان وایە مرۆڤ ستەمی لە جنەکان کردووە شوێنەکانی ئەوانمان داگیر کردووە لەپێش مرۆڤەوە لەم دوونیایەدا دەژین وە زۆر کات بە دەستی مرۆڤەکان دەکوژرێن. بەهۆی نەزانینی مرۆڤەوە یاخود زانینی مرۆڤەوە هەتا پێشت دەکرێ و دەتوانی ئازاریان مەدەن ڕەوا نییە بیان کوژن یان بیان سوتێنن بە قورئان خوێندن، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا سوتاندنی جنەکانی بە دەق و ئایەت باس کردووە، من لێرەدا ئاماژەم بە بەشێک لەو ئایەتانە کردووە کە بۆ دەرکردنی جنۆکە لەلەشدا و سوتاندنی جنۆکە بەکاردێن. [البقرة: ٢٥٥]، [آل عمران: ١٠]، [النساء: ٥٦]، [المائدة: ٣٧] [الأنفال: ٥٠]، [الكهف: ٢٩]، [الأنبياء: ٣٩]، [القمر: ٤٨].

سەرسیل لەوکاتەوە دیار نییە بڕوابکەن بیری دەکەم ئەو سەلکە سیرە جا پێم وابێ زگوردە ژنی نییە. بەوە دەزانم زۆر بێ ئیشە و بە منەوە گرتویەتی بە بڕوای خۆی من دەهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست و فێرم دەکا کامە ڕاستەکەیە!

نازانێ هەوڵدەدەم بڕوا بە خواو بە پێخەمبەر (د.خ) بهێنێت ببێتە ئیسلام و لەو سەر گەردانییە ڕزگاری ببێت و ژنێکی جوانی لەوانەی خۆشیانی بۆ دەهێنین کە بڕوا ناکەم جوانیان تیابێت یان لەلای ئێمەی مرۆڤ جوان نین و ترسێنەرن. سیفاتێکی تریشیان هەیە دەتوانن خۆیان گەورە بکەن و خۆشیان بچوک بکەنەوە لە قەبارەیاندا. ئەو سیفاتانەیان هەیە خوای گەورە پێی بەخشیون.

سەرسیل بۆی باس کردبووم کە شەیتان و جنۆکە لە یەک کۆمەڵەن. واتا وەک ئەوە نییە زۆربەتان لێی تێگەشتوون بەڵکو لەیەک توخمن ئەویش ئاگرە و دروستکراوی خودان کۆنترینیان شەیتانە کە دەتوانین بڵێین باوکی هەموویانە گروپی کافرەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەودان هەروەک لەپێشدا باسم کرد دەسەڵات کردنیان بەسەر یەکدا بەشێوەی هەڕەمیە لەسەرەوە تا خوارەوە، خەریکی ئەم باسە بووم ، چاوان پەیوەندی پێوە کردم بە دەم گریان و هەناسەی سوارەوە هەر ئەوەندەی لێتێگەشتم

ئەیوت: زۆر ئەترسم.

- زانیار:- لە کوێیت بۆ چی بووە؟

ناونیشـــانی پێـدام و هەر زوو کەوتــمە ڕێگــا بەرەو لای چـاوان، وامزانـی کەسـێک ویسـتویەتی لێـی بـدات واپێی وتم ئەترسم. گەشتمە لای چاوان لە شـوێنێکی گشـــتی بـــوو، لەســـەر کورســـییەک دانیشـــتبوو زۆر پەشۆکابوو.

- زانیـار:- سـڵاو چـاوان، چییـە چـی بـووە؟ چەن کەس بـــوون کە لێیـــان داوی و ترســـاندویانی، کـــوان لەکوێن؟

- چـاوان:- چەنـد کەسـی چـی! تـۆ بڵـێ کـوا ئەو تارماییە؟

- زانیار:- مەبەستت چییە لە تارمایی تۆ باشی؟

- چـــاوان:- باشـــم بەڵام بـــڕوابکە تارمـــاییەک واز لەمن ناهێنێت و بەر چاوم تاریک دەکاو هەست ئەکەم بەناو خەڵکیدا دێت و دەچێت و دێتەوە بەر دەمـی مـن شتێکی تەڵخ و زۆر خراپە.

- زانیـار:- باشـە دیـارە بەهـۆی هیلاکـیەوەیە یـان پێـدەچیٚ بەهـۆی شـتێکەوە توشـی ڕاڕایـی بوویـت و ئاوای لێکردووی.

- چاوان:- نا بەو شێوەیە نییە من دڵنیام نە هیلاکم و نە دوودڵ و ڕاڕاشـــم ئەمە چەنـــد شـــەوێکە بەم شـــێوەیە بەردەوامە هەتـــا ئەمـــڕۆ کە زۆر ترســـام و پەیوەندیم کرد بە تۆوە.

- زانیـار:- مـن بـڕوا نـاکەم شـتێکی لەو جـۆرە هەبێـت، تەنیـا بەهـۆی هیلاکیـیەوەیە یـان نەخۆشـیت سەرت ئەسوڕیٚ و گێژ ئەبی.

- چاوان:- تکا ئەکەم زانیار من خۆم باشتر ئەزانم کابوسێکەو کۆڵم لیٚ نادا.

- زانیـار:- باشـە هەندێک شـت هەیە ئێمە نـابینین، ناویـان جنـۆکەیە مـن نـامەویٚ تـۆ بتریســت. بەڵام ئایەتێکت ئەدەمیٚ بیخوێنە دەربازت ئەبیٚ.

- چاوان:- باشە وا دەکەم.

- زانیـار:- هەوڵ بـدە قورئـان بخـوێنە. بەگشـتی سودی دەبیٚ، بەڵام هەرگیز نابێت بترسیت.

- چاوان:- باشە بەدڵنیاییەوە ناترسم.

لێرەدا دەمەوێ باسی بابەتێک بکەم کە زۆر گرنگە! ئەویش ترسە! کار لەسەر بێهێز بوونی مرۆڤ دەکات بەوهۆیەوە توشی هەندێک لە نەخۆشییەکانمان دەکات بۆ نموونە:- نەخۆشی دەروونی و گۆشەگیری...

(جن) لە کۆمەڵەی نەخۆشی نییە کە بتوانین لەڕێگای پزیشک و دەرمانەوە چارەسەری بکەین. کاتێک مرۆڤ (جن) دەچێتە لەشییەوە تەنیا قورئان و هەندێک لەو ئایەتانەی دەربارەی جنە بەکاردێ و دەرمانە بۆ لابردنی و هێنانەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی ئاسایی، هەوڵدەدەم لە دواییدا بەشێک لەو سورەت و ئایەتانە بنوسم و جیایان بکەمەوە، چونکە هەریەکەو کلیلی دەرگایەکیانەو بۆ کارێک بەکار دێن.

جنەکان دەتوانن بەناو ماڵەکانماندا گوزەر

بکەن بەناو لەشماندا بێن و بڕۆن. دەشتوانن لەناو لەشی مرۆڤەکاندا ماڵ بکەن ئەوان بوونەوەرگەلێکن کە ئێمەی مرۆڤ تواناما بەسەر ژیانیاندا نییە تواناشمان

نییە بەسەر هاتن و چوونیان، بەدەر لە قورئانی پیرۆز هیچ جێگرەوەیەکی  تر نیە ببێتە چارەسەر بۆ ئەوە.

چاوان دۆخی ئاسایی بۆوە و هەوڵمدا ئارامتر بێت کە دڵنیابووم لەوەی هیچ ترسی نەماوە ڕۆشتم و لە ڕێگەم بۆ ماڵەوە سەرسیل هاتە بەر چاوم لەگەڵ دوو کەسی چوارشانە لەبەر خۆمەوە وتم: من کونە دیواری بۆ ئەگەڕێم کەچی وا لەبەر چاومە و هاتۆتە بەر دەمم.

- سەرسیل:- تکایە زانیار دەمەوێ قسەبکەین و ڕێک بکەوین بۆیە قورئان مەخوێنەو پێویست ناکا ئەم بینینە تێک بدەی زۆر گرنگە.

- زانیار:- چییە چیت ئەوێ ترسنۆک زەفەرت لێهێنام ئەو کاتە ئەگەر نا ئێستا وەرە.

- سەرسیل:- باشە ببورە دووبارەی ناکەمەوە.

- زانیار:- ئێوە درۆ دەکەن هەر بۆیە خویەک گرتت بە شیری تەرکی ناکەی بە پیری ئەو پەندە مەبەستی ڕێک لە ئێوەیە. ئادەی چیت ئەوێ بزانم؟

- سەرسیل:- ئێمە بڕیارمانداوە ببین بە ئیسلام، بەڵام دەمانەوێ تۆش لە بری ئەوە کارێکمان بۆ بکەی.

- زانیار:- خۆ بۆ من نابی بە ئیسلام قوڕت بەسەر من لەبەر تۆمە ئینجا هەتا گوێم لێت نەبێت من بڕوات پێناکەم. بۆیە دەزانم درۆ دەکەی دەتەوێ لەم ڕێگایەوە ئەوەی ئەتەوێت بە دەستی بێنی، ئەی ئەم دووانە کێن لەگەڵت؟

- سەرسیل:- بۆ پاراستنم هاتوون لەگەڵم.

- زانیار:- بۆ ئەمانە خۆیان دەگرن لە گەورەیی ئاستی قورئان؟ ئەگەر دەڵێی ئا با بیانکەم بەپەند بە پشتیوانی خوا.

- سەرسیل:- نا لە جنۆکە موسوڵمانەکان دەمپارێزن.

- زانیار:- سێ هێندەی تریش ببن هەر ئەوان ئازاترن

چونکە ئەوان هەڵگری قورئانن.

- سەرسیل:- ئەگەر کەسێ هات بۆ لات بڕوای پێنەکەی، چونکە دەیەوێ لەناوت بەرێ. بۆیە ئەمەت

پێـــدەڵێم کە دڵنیـــا بیـــت مـــن دەمەوێ بتپـــارێزم و ڕاستگۆبم لەگەڵت.

- زانیار:- هەر کەس بێت لەتۆ پیاو چاکترە دڵنیام.

- سەرسیل:- باشە من ئەڕۆم چونکە وا هێرشم بۆ ئەهێنن.

لەپڕا نەماو ون بوو، باشە ئەبێ کێبێ یەتە لام ئەمە چۆن دەزانێ ئەگەر دەستی خۆی تیا نەبێ؟! توشی دوودڵی و ڕاڕاییەکی کردم کە زۆر سەرقاڵی کردبووم بەوەی وتی کە کەسێ دێتە لام ئەبێ کێبێ؟ گەڕامەوە بـۆ مـاڵەوە هەسـتم کـرد ناومـاڵەکەم گـۆڕاوەو تـا ڕادەیەک ڕێککـراوە! ئەم جـارە لە جیـاتی تێـک بچـێ باشـتر کـراوە. یـان پێـدەچێ هەروابـووبێ و مـن بەو ڕادەیە ورد نەبـووم لە سـەیر کردنـی، ئەم کـارە بـووە خەمێکی تر. دیسـان باشـە خۆ من ئەو سـەلکە سیرەم هیچ ئازار نەداوە هەتا ئەمەی کردبێ بۆ ئەوەی توشی دوودڵی و بیرکردنەوەم بکات ئەم مـاڵەی مـن پڕ بـووە لە جنۆکە دەسەڵاتم نییە لەو دەرگایەوە دەریان دەکەم لە پەنجەرەکەوە دێنەوە ژوورەوە بیـرم لەوەدەکـردەوە

شــارەکەم بەجێبهــێڵم. بەڕاســتی زۆر حەزم دەکــرد بچـمە هـامبۆرگ، چـونکە شـارێکی جـوان و ڕازاوەیە بەتایبەت قەزاو لادێکانی زۆر دڵگیرو دڵڕفێنن.

باشە وا من چوومە ئەوێ، بۆ ئەو جنۆکانە نایەن؟ بیــرمە سەرســیل دەیــوت چەنــدین وڵات دەبــڕن بە کەمترین کات خۆ باڵی نەشکاوەو نەیەت بە دواما بە دڵنیاییەوە دێت بۆ هەر شوێنێک بمەوێ بچم.

بیرم دەکردەوە ئەگەر وەک جاران سارد بوومایە لە ئیســلام ئەوە چـیم بکــردایە؟ خـۆ هەر بە نــوێژی نیـوەڕۆ ســەریان هەڵئەگـرتم. بـۆ ( ابـو جەهـل )خـوا پەنامان بدات، زۆر سوپاس بۆتۆ پەروەردگار بۆ ئەو دەرگایەی لێت کردمەوەو هاوکارم بووی بۆ هاتنەوەم بۆ سەر ڕێگای ئیسلام.

لەبازاڕ بووم بۆ ئەوەی هەندێک پێداویستی بکڕم بۆ ماڵەوە ئالانم بینی و داوای کرد میوانی ئەو بم.

- زانیار:-زۆر سوپاس براکەم نانم خواردووە.

- ئـالان:- دەباشــە بـا بچیـنە ئەو قاوەخـانەیە دوو قاوەی جوان بخۆین.

- زانیار:- باشە برام.

لەوێ سەبارەت بە دونیای ئەوروپا قسەمان دەکرد کە ژیانێکی زۆر سەخت و دژوارە. مرۆڤ لێرە نەک ئازاد نییە بەڵکو کۆیلەیەکە بە ناوێکی نوێ و سەردەمییانە.

- ئالان:- برام بەڕاستی دەمەوێ بەیەک جاری بچمەوە بۆ کوردستان و لەوێ ژیان بکەم. هەرکاتێک بارودۆخێکی واهاتە پێشەوە لە کوردستان دێمەوە بۆ ئێرە بۆ نموونە پێنج ساڵ تا دە ساڵی تر لەوێ دەبم.

- زانیار:- چۆنت پێباشەو ئاسودەی بە کام لا لەوێبە.

- ئالان:- بە دڵنیاییەوە بۆ کوردستان پشت بەخوا دەچمەوە لەوێ ژنێک ئەهێنم و خۆم توشی شیر کڕین و زیادە ڕۆی ماڵ دەکەم.

- زانیار:- بڕیارێکی باشە وا تەمەنت ڕۆی فریای خۆت بکەوە ئەگەر نا وەک کاک ڕزگارت لێ دێت و منداڵی خۆت نابینی.

- ئالان:- کاک ڕزگار کێییە؟

- زانیار:- تۆ نایناسی زوو دراوسێمان بوو، من منداڵ بووم بە بیرم یەت خەڵک پێیان ئەوت ڕزگارە قەیرە. واتا تەنیایە بوخچەی نەکراوە بوو.

- ئالان:- بە پێکەنینەوە، زانیار تۆش لە قسەی خۆت ناکەوی.

- زانیار:- تۆ واز لەوە بێنە شتێکی سەیر من ژنێکم هێناوەو ناشزانم کێیە؟

- ئالان:- ئەوە لەسەر خۆتی، باسی چی دەکەی؟ ناشێ سەرسیل دەستی لێوەشاندبی؟

- زانیار:- نەبابە ناماقوڵی کرد وابکات، بەڵام بەڕاستمە هەست ئەکەم ماڵەکەم ڕێک و پێک دەکرێ و هەموو کەلو پەلەکانی ناو ماڵەکەم ڕێک دەخرێن.

ئالان:-ئەگەر دوو جنۆکەت لەگەڵ نەناردم بۆ ماڵی باوکم هیچم نەزانیبێ، ئەمەیان چییە؟

- زانیار:- بەوشێوەیەی وتم ئەوە بووە. تۆ بۆچوونت چییە؟

- ئالان:-برام نازانم، هەوڵدەدەم وەڵامەکەیت بۆ پەیدا بکەم، بەڵام دڵنیابە سەرسیل ژنی بۆ هێناوی.

- زانیـار:-باشـە تـۆ پرسـیارم بـۆ بـکە ئەوکـاتە بە سەرسیل ئەڵێم ژنێک بۆتۆش پەیدا بکات لە ئامۆزاکانی خۆی.

- ئالان:- باشە برا بەخوا من چاری تۆم پێناکرێ!

- زانیـار:- تـۆ بـرا گەورەی گـاڵتەت لەگەڵ دەکەم. باشـە مـن دەبـێ بـڕۆم بـۆ مـاڵەوە بـا فریـای هەنـدێک نووسین بکەوم.

- ئالان:- باشە برام بەخێرچیت.

لەڕێگـا بـووم بـۆ مـاڵەوە هەر خەیـاڵم لەلای ئەو گۆڕانە بوو، کە لە ماڵەکەمدا دروست ببوو باشە ئەبێت چیبێت؟! ئـالان ڕاسـت دەکـات سەرسـیل دەسـتی لێـوە شـاندووم، گەشـتمەوە مـاڵەوە. کە دەرگـای ژوورەکەم کـردەوە، بەڕاسـتی ئەم جـارە تەواو بـڕوام کـرد هـیچ دەرفەتێکی ئەوەی تیا نەما بوو کە دوودڵ ببم و ڕاڕا ببم، چونکە زۆر شت کە خۆم بە مەبەست شـوێنەکانیم جوڵاندبوو، هەمووی ڕێک خرابوو.

هەر لەوکاتەدا چووم قورئـانەکەم هێنـاو هەمـوو ئەو ئایەتـانەی ئـالان فێـری کردبـووم خوێنـدم و نـوێژم

کردوو چاوەڕوانی ئەوە بووم کە خۆی دەرخات هەر کەسێ بێت بەڕاستی ئەمەیان لە سەرسیل زیاتر توشی دوودڵی کردم، سەرسیل پێش ئەوەی خۆی دەرخات بە چراکەمەوە گرتبووی ئەوکات خۆی درکاندی کە کوژاندنەوەی چراکەم زۆر جار ئەو هۆکار بووە بەڵام من وامئەزانی بەهۆی بای شەماڵەوەیە، بەڵام نا سەرسیل بوو ئەو کارەی دەکرد ئەمەیان من دڵنیام جنۆکەیە، زۆر هەوڵی ئەوەم دا نەترسم لەبەر تەندروستیم، بەڵام نەمئەتوانی دانبەخۆمدا بگرم ئەژنۆم ئیشی نەئەکرد هێز لە گیانم بڕابوو. هەر زوو بەگوێگرتن لە قورئان ئارام دەبوومەوە هەوڵم دەدا جڵەوی خۆم ڕاگرم، ئالان پەیوەندی کرد.

- ئالان:- زانیار بۆ ئەو بابەتەی ئەمڕۆ باست کرد لە مەلایەکی شارەزام پرسیوە بەبۆچوونی ئەو جنۆکەی ئیسلامییە ئەو کارە دەکات بۆ ئەوەی هاوکاریت بکات و لەگەڵی ڕابێیت. هەر بۆیە لەکاتی خۆدەرخستنی نەبێتە هۆی ترس و ڕاچڵەکینی تۆ،

بەڵام ئەو مەلایەی من لێم پرسی بۆچوونی وایە زۆر مەبەستیەتی خۆی دەرخات، پێدەچێت کارێکی گرنگی هەبێت. هەر بۆیە ئاوا بەو شێوە بەر چاوییە هاوکاری دەکاو وادەکا هەستی پێبکەی تا نەترسی، ئەگەر مەبەستی نەبێ هەموو ئەو ماڵەت بۆ ئەگوازێتەوە لە چاو تروکانێکا، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەی!

- زانیار:- باشە ئالان گیان زۆر سوپاس خوا پاداشتی خێرت باتەوە.

پەیوەندیەکەی داخستەوە، هەر چەند دەمویست داوای لێبکەم خۆیم پیشانبدا زمانم گۆی نەدەکرد، ئەگەر ئەمە ئیشی سەرسیل بێت و بیەوێ هەڵم خەڵەتێنت ئەو کارانەی جنۆکە موسوڵمانەکان زۆر کات ئەیکەن بەوە فریوم بداو لەسەر شێوەی کەسێکی تر بێت! خۆمم هێنایەوە سەرخۆ. وتم بەڕێز گیان خۆتم پیشان بدە، من ناترسم. فەرموو چیت ئەوێ؟ لەناو دەرگای ژووری ئەودیوبوو هاتە دەرەوە خەریک بوو ڕاکەم کە بینیم لەسەر شێوەی کوڕێکی گەنج و جوان

هـاتبوو، سـڵاوی کـرد وەڵامـم دایەوە پـێش ئەوەی هـیچ بڵێ پرسیم ئەگەر دڵگران نەبیت ئیسلامی یان کافر؟

- وتی:-ئیسلامم سوپاس بۆ خوا.

- زانیار:- ئادەی شایەتمان بێنە؟

شایەتمانی هێناو دووبارە سوپاسی خوای کرد.

- زانیار:- ئەی ناوت چییە؟

- وتی:- ناوم (فەرحاق)ە هاتووم یارمەتیت بدەم و لە دەست سەرسیل و کۆمەڵەکەی ڕزگارت بکەم.

بـۆیە هەوڵمـدا خۆمـت پیشـان بـدەم، بـۆ ئەوەی هەندێک زانیاری هەیە پێت بڵێم.

- زانیار:- سەبارەت بەچی و ئەوان بە نیازی چین؟

- فەرحـاق:- وا بەنیـازن مـاڵەکەت بسـوتێنن و ئازارت پێ بگەیەنن بڕوا بە هیچ قسەیەکیان ناکەیت. هەوڵ دەدەن فریوت بدەن و بەڕێگایەکی هەڵەدا بتبەن یاخود بتکوژن یان بێنە ناو لەشت!

- زانیار:- بەڵام بۆچی ئەم کارانە دەکەن؟

- فەرحـاق:- بەپێـی زانیارییەکـانی ئـێمە گـوایە تـۆ دوو کەسـی ئەوانـت کوشـتووە!، دەیانەوێـت تـۆڵەت

لێبکەنەوە. سەرەتا دەیان ویست بتکەنە کۆیلەو بە جۆرێک وەک جادووگەر بتکەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بەلارێدا بتبەن کە لەو کارە سەرکەوتوو نەبوون دەیانەوێ بتکوژن یان وەک پێم وتی چەند ڕێگایەکی تر دەگرنەبەر!.

- زانیار:- من کەسم ئازار نەداوە، کەسیشم نە کوشتووە، درۆ دەکەن.!

- فەرحاق:- نا درۆ ناکەن بە ئاوی گەرم سوتاندوتن بە بێ ئەوەی تۆ ئاگاداربیت لەو کارەی خۆت پێش ئەوەی ببیتە ئیسلام هەرگیز ناوی خوات نەدەهێنا. هەر بۆیە دەبێت لەکاتی ڕشتنی ئاوی گەرم دا بەتایبەت ناوی خوا بهێندرێت، هەتاوەکو ئەوان ئاگادار بکەیتەوە و دوور بکەونەوە و نەسوتێن.

- زانیار:- ڕاستە هەرگیز ئەوەم بە گرنگ نەزانیوە و بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئەی چارەسەر چییە لەگەڵیان؟

- فەرحاق:- تەنیا بۆ ئەوەی ئازارت پێ بگەیەنن یان ببیتە کۆیلە، یان بێنە ناو لەشت بەڵام خودا هاوکار بێت هیچکام لەوانە ناتوانن ئازارت بدەن.

- زانیار:- بێگوومان داوا دەکەم لە خودا کە هاوکارم بێت. من بە هیچ شێوەیەک کارێک ناکەم بۆ ئەوەی دڵی ئەوان لە خۆم ڕازیکەم و خودا لە خۆم توڕە بکەم.

- فەرحاق:- سوپاس بۆ خوا ئێمە لێرەین لەگەڵ هاوڕێکانم. بۆ ئەوەی بەڕێزت لەم کێشەیە دەرباز بکەیەن بۆ هاوکاری هاو دینێکمان ئەوە ئەرکی ئێمەیە و بەرەنگاریان دەبینەوە.

- زانیار:- زۆر سوپاس بۆ خوا، خوا پاداشتان بداتەوە ئەی ئەگەر ویستیان دەستم لێبوەشێنن و ئازارم بدەن چی بکەین بانگتان بکەم دێن؟، هەربۆیە زۆر کات لە باخچەکە تارماییەکانیان دەبینم بەشێوازێک کۆدەبنەوە و دەنگیان دێت کە وەک بڵێی بیانەوێ بێن و بمکوژن بەڵام من لە گوێگرتن لە

قورئـــان و ئـــایەت خوێنـــدنی خـــۆم بەردەوامـــم. نایشارمەوە زۆر تۆقێنەرن، ئەو دەنگ و تارماییانە.!

- فەرحـاق:- نـا نـاتوانین بێـین کە تـۆ بانگمـان بکەیـت، واتـا تـۆ داوا بـکەی ئـێمە بێـین ئەوە دەبێـتە گوناحباری بۆ ئێمە و بۆ تۆش، چونکە جادووگەرەکان ئەو کـارە دەکەن و بـانگی شـەیتانەکان دەکەن کە بـێن بۆ لایان ئێمە. تەنیا بۆ یارمەتی دێین ئەوەنەی بتوانین بە پشتیوانی خوا. بەڵێ ڕاستە دەیانەوێت بەشێوازێک بتترسـێنن هێـز و توانـا و بیـرت نەبێـت لە خوێنـدنی قورئانەکـان و گـوێگرتنی. هەربـۆیە نـاتوانن بێـنە نـاو مـاڵەکە چـونکە بەهـۆی قورئـانەکەوەیە تەنیـا هەلێکیـان پێویستە تا بێن و ئازارت بدەن!

- زانیار:- باشە چارەسەر چیە؟

- فەرحـــاق:- ئـــێمە ئاگاداریـــانین و بەرەنگاریـــان دەبینەوە بە پێی توانای خۆمان.

- زانیـار:- زۆر سـوپاس، خـودا لە گوناحەکانتـان خۆش بێت.

- فەرحـــاق:- ســـەرقاپی خواردنەکانـــت بنێـــرەوە سەریان دابخە، لە ڕشتنی ئاوی گەرم ناوی خـوا بێنە، لە چوونـــت بـــۆ حەمـــام ئـــایەت بخـــوێنە، دەرگـــاو پەنجەرەکانـت بە نـاوی (بسـم اللـە) دابـخە هەتـاوەکو نەتـوانن بیکەنەوە، هەوڵبدە مەترسـە و توانـات بەسـەر ترسی خۆتا هەبێت، لەو کاتانەدا دەیانەوێ بتترسێنن و لەڕێگای ترسەوە بچنە ناو لەشتەوە.

- زانیار:- بەسەرچاو وا دەکەم.

- فەرحاق:- باشە من دەڕۆم.

- زانیـار:- بوەسـتە دووبـارە کە هـاتیتەوە کارێـک بکە کەبزانم لێرەیت. دەزانم ناتەوێ بترسم.

- فەرحـــاق:- ئەو پەنـــجەرەیەی ســـەر بـــاخچەکە دووجار دەکەمەوەو دایدەخەمەوە بۆ ئەوەی بزانی مـن لێرەم.

- زانیـــار:- هەرچەنـــدە ئەوەش بەشـــی خـــۆی ترسـێنەرە، بەڵام هەوڵ دەدەم ڕابـێم ئەتـوانی بـڕۆی خوات لەگەڵ.

- فەرحاق:- خوات لەگەڵ.

ئەو ڕۆیشـــــت بەڵام ئەمە زۆر باشــــە، ئەگەر بەو شـێوەیە نەبـوایە سەرسـیل خراپـی بەسـەر دەهێنـام! سەرسیل خۆت بگرە بۆ تورەیم.

ژیانێکی ئاسایی دەڕۆی لەگەڵ ئەوەی ماڵەکەم ببوە میـوان خـانەیەک بـۆ جنۆکەکـان و تارماییـان لە بەر چاوم و ترسێکی زۆر.

پەیوەنـدیم کـرد بـۆ ئەوەی هەواڵـی چـاوان بپرسـم، دایکی وەڵامـی دامەوەو پێی ڕاگەیاندم کە چاوان زۆر نەخۆش و هیلاکە!. هەوڵمدا بڕۆم چاوان ببینم، دایکی زۆر بە شـێوازێکی خـراپ باسـی تەندروسـتی کـرد. دەبوایە بڕۆشتمایە سەر لە ئێوارە بوو چەپکە گوڵێکم کڕی و ڕۆشـتم بۆ ماڵیان لەوێ بینیم کە چاوان هیچ بـاش نیەو هەنـدێک قسـە دەکات هەرگیز لە قسـەکانی ئەو نەدەچوو، وەک منداڵ هەندێک قسـەی دەکرد بێ ئەوەی هـیچ ڕێزێـک بـۆ مـن و میوانـداریەکەم دابنـێ! بەڕاستی زۆر سەیر بوو.

- چاوان:- تۆ بۆچی هێندە گۆشت دەخۆی، بۆ چی ئێوە خواردن دەخۆن؟

ئەم قسانەو زۆرێکی تر کە تاڕادەیەکی زۆر نامۆ بوون! هەستم دەکرد کە ئەمە جنۆکەیەک لەناو لاشەی بێت و ئەم قسانەش ئەو پێی بکات.

لە دڵی خۆمدا وتم:- باشە بۆ ئەم داماوە هیچ تاوانی نەکردوە بەڕاستی من ئەمم توشی ئەمە کرد بە هۆی منەوەیە کەجنۆکەکان ئاوا دەکەن و چاوان ئازار دەدەن.!

هەر زوو بە دایکی چاوانم وت:- کە شتێکی ئاوایە و نە خۆش نیە گومان دەکەم جنۆکەیەک لەلەشیدا بێت.

- دایکی چاوان:- چی باشە بیکە، با کچەکەم چاک بێتەوە.

ڕوخسەتم لێ خواست کە دەبێت پەیوەندی بە هاوڕێیەکمەوە بکەم بۆ ئەوەی بێت ئەو کارە بکات و چاک ببێتەوە.

ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند و داوای دەکرد کە زوو بێت و چاوان لەم دۆخە دەر بکات.

پەیوەنـــدیم کـــرد بە ئـــالانەوەو هەمـــوو باســـەکەم تێگەیاند و هەر زوو هاتە ئەوێ.

- زانیار:- ئەی بۆ ئەو مامۆستایەت نەهێنا؟

- ئالان:- لێرە نیە کە تۆ وات وت ناچار بووم خۆم بێم و هەوڵ بدەم خۆم ئەم کارە بکەم پشت بەخوا.

- زانیـــار:- زۆر باشـــە هەوڵـــی خـــۆت بـــدە. بەڵام کـــارەکە خراپتـــر نەکەی واهەســـت دەکەم هەمـــان لەو جنۆکـــانەبن کە هـــاتنە لای مـــن و تـــێکەڵم بـــوون ئەو جنۆکانە هەموو شت دەکەن.!

- ئالان:- جامێک ئاوم بۆ بێنە.

چـــوم بـــۆم هێنـــاو هەنـــدێک قورئـــانی بەســـەر جـــامە ئاوەکەدا خوێند بەبێ ئەوەی چاوان بزانێت و بیبینێت.

بەڵام چـــاوان نەیـــدەخواردەوە هەوڵـــی دەدا جـــامە ئاوەکە بڕژێ بەدەستی ئالانەوە بەڵام کە جامە ئاوێکی ترمان بۆ هێنا کە قورئانی بەسەردا نەخوێندرا بوو ئەو ئاوەی زۆر بە ئاسایی دەخواردەوە و هـیچ کێشـەیەکی نەبوو!

- ئالان:- زانیار برام جن لەلاشەیەتی.!

- زانیار:- ئەی چی بکەین چارە سەر چیە؟

- ئـالان:- خـۆم ئەو کـارە دەکەم، ناچـارم چـونکە مامۆستا لێرەنیە و ناشبێت ئاوا بمێنێتەوە گوناحە.

- زانیار:- باشە با منیش فێرببم.

- ئالان:- باشە، بزانە قورئانیان هەیە؟

پرسیارم کرد هەیان بوو هێنام. ئالان قورئانەکەی دەخوێند، چاوان ئارامی لەبەر نەماو وەک مریشکێک کە سەری دەبڕی بەرز دەبۆوەو هاواری دەکرد!

من بۆم ڕانەدەگیرا بانگی دایک و باوکیم کرد هەر چۆنێک بوو نەمان هێشت دەست بوەشێنێت هەتا هێزی نەما،

بە دایک و باوکیم وت ئێوە بڕۆنە ئەودیو لەو پەنجەرەوە سەیرکەن ببینن کە چاکدەبێتەوە پشت بەخوا، من دەمزانی جنەکە دێتە قسەو دەبێت ئالان قسەی لەگەڵ بکات.

جنۆکەکە هاتە قسە ئالان بە عەرەبی قسەی لەگەڵ دەکرد تێنەدەگەیشتم بەڵام هاواری دەکرد بەسەریدا

هەتا بیترسێنێ و بڕوا، دوای کەمێک دەنگی جنۆکەکە کز بوو و نەما.

چاوان هاتەوە دۆخی ئاسایی و ئارام بۆوە و بەخێرهاتنی کردین و چاک بۆوە، چاوان خان هەوڵ بدە زیاتر یادی خوابکەو قورئان بخوێنەو نوێژەکانت بەباشی بکە.

ئێمە لەوێ ڕۆشتین و ئالانیش ڕۆشتەوە بۆ ماڵی خۆی، منیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

هەستم دەکرد ئەو بارە قورسانەی هاتۆتە سەر شانم دەتوانم لایان بەم و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئارامی دەڕۆم، هۆکاری ئەوەش دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕاستە.

چەند ڕۆژێک لەدوای باش بوونی چاوان لەسەر کارەکەم دەگەڕامەوە بینیم ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە لەبەردەم ماڵەکەم وەستاوە و دراوسێکان لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە سەیری ماڵەکەی من دەکەن!

پرسیم چی ڕووی داوە؟

یەکێک لەکارمەندەکان هاتە لام و پێی وتم کەسێک ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە لە هەبوونی ئاگر لەم ماڵەدا.

زۆر سەیر بوو! پەردەی ژوورەکەم تەواو سوتابوو لەگەڵ کورسیەکی تەختە هەر ئەوەندە.

خۆمم ناساند و تێم گەیاندن کە من لێرە دەژیم و لەسەر کارەکەم بووم دڵنیاشم لەوەی هیچ شتێکم ئیش پێنەکردوە لەدوای خۆم.

هێندەی نەخایاند کەسێک هات بۆ پشکنین کەپسپۆربوو لەو بوارەدا بۆ ئەوەی هۆکاری ئاگرەکە بدۆزێتەوە نزیکەی کاتژمێرێک لە ژوورەوە مایەوە، بەڵام هیچ سەرەداوێکی دەست نەکەوت، توشی سەرسوڕمان ببوو لە بوونی ئەو ئاگرە بەبێ هیچ سەرەداوێکی دروست و بوونی ئاگر و کێشە لە خانوەکەدا! هەموو پرسیارەکانی ناو مێشکی ئاڕاستە دەکردم و نەیدەتوانی بیسەلمێنێت هۆکار چی بووە.

من باش دەزانم کاری جنۆکەکانە بەڵام ئەگەر وابڵێم گومان دەکەن کە شێت بووم و دەڵێن بەم گەنجیە شێت بووە. بەڵام دڵنیا بووم کە کاری سەرسیل و کۆمەڵەکەیەتی هەر بۆیە (فەرحاق)

ئەوکاتەی کە هـاتبووە لام بۆ ئەو مەبەستە هـاتبوو کە ئاگادارم بکات.

قەرەبویەکی بچوکییان کردمەوە بە هۆی ئەوەی مـن مانگانە بڕە پارەیەک دەدەم بۆ گرنتی کردنـی هەمـوو کێشەیەک لە ماڵەکەم دا.

لەدوای تەواو بـوونی ئەم کێشــەیەش تەواو بێـزارو مانـدوو بـووم بە دەسـت ئەم هەمـوو جنۆکەو تـارمەیە لەم مـــاڵەدا، نەلەخـــۆم و نە لە هاوڕێکـــانم و نەلە ماڵەکەشم واز نـاهێنن چارەسـەری ئەم کێشـەیە دەبێت چی بێت هەتـاوەکو منیش پشـوویەک بدەم و دەربـازم بێت لێیان.

(سەرسـیل) دەرکەوت لەسـەر داری نـاو بـاخچەکە وەک قەلە ڕەش لەســـەر چڵـــی دارەکە دانیشـــتبوو! سەیری دەکردم!.

چـوومە دەرەوە (سەرسـیل) بـاش گـوێ بگـرە مـن دەزانـم تـۆ ئەم کـارەت کـردوە، بەڵام دووبـارە ببێتەوە مـن ئەم جـارە ئەزێـت دەدەم و دەتسـوتێنم بە قورئـان خوێندن.

دەی وەرە خـوارەوە بـزانم چیـت دەوێـت بـا ڕێـک بکەوین بیستومە گوایە من لە ئێوەم کوشتوە بەڵام من بێئاگـا بـووم لە بـوونی ئێـوە ئەوکـات مـن موسـوڵمان نەبـووم و بـڕوام بە بونتـان نەبـووە بە خۆویسـتی ئەو کارەم نەکردوە. تکادەکەم دەست لەم کارە هەڵگرە.

- سەرسـیل:- دەزانـم (فەرحـاق) پێـی وتـووی بە هۆی ئەو کارە خراپەوە دەبێت سزای بدەین و هەموو کـارێکی خراپـی بەرامـبەر بکەیـن ئـێمە لە ئیسـلامەکان ناترسین ئەوان لێمان دەترسن.

- زانیار:- باش گوێبگرە من بەم قسانەت ناترسم و دڵنیاشم (فەرحاقیش) ناترسێت من بە ڕێزەوە داوام لێت کردوەو ناشمەوێ ئازارت بدەم. ئاوا خۆت گەورە بـکەی جـارێکی تـر وا ڕاوت ئەنـێم. هەرگیـز نەوێـری بێیتەوە ئەم ماڵە بەڵام باش بزانە من دوو جار تـا سـێ جار هەلم داوە پێت ئەم جارە هەڵە بکەی دەبێت باجی هەڵەکەت بدەیت.

وە بـا لە بیریشـی نەکەم سـەرەتا پرسـیارم لێکـردی تۆ وتت نازانم کێشەکە چیە و چیان لە تۆ دەوێ تەنیـا

منیــان ڕاســپاردوە مــن داوای ئەوان جێبەجــێ دەکەم باشە تۆ بۆ ئەوەنە درۆ دەکەی. هێندە درۆتـان کـردوە ئێوەی کافر ناوتـان بە درۆ دەرچـووە و کەس بڕواتـان پێناکات. هەرچیەکت پێ خۆشە بیکە و ئێمە ناترسین.

- سەرسیل:- باشە هـاتووم شـتێکت بۆ بـاس بکەم زانیار.

- زانیــار:- هەوڵ دەدەی فریــوم بــدەی، نــاتوانی خۆت هیلاک مەکە.

- سەرســیل:- بــڕوام پێــبکە دەمەوێــت بــبم بە موسـوڵمان، بەڵام نـاوێرم پێم بزانن دێن و دەمکوژن. ئەو کـاتەی پێتـوتم هەوڵمـدەداو زۆرم بیـر لە قسـەکانت کردەوە بۆم دەرکەوت ئیسلام و قورئـان تـاکە ڕێگـای ڕاستن.

مــن مــاڵەکەتم نەســوتاندووە کــۆمەڵێ لە جنەکــان هاتن سوتاندیان من نەهاتم لەگەڵیان.

- زانیار:- ئەگەر ڕاست بکەی باشترین کـار ئەوەیە بگەڕێیــتەوە بــۆ لای پەروەردگــار. خــوای گەورە لە

هەموو گوناحەکانت خۆش دەبێت و منیش گەردنت ئازاد دەکەم بەڵێن بێت.

- سەرسیل:- باشە بە فەرحاق بڵێ سەرسیل دەیەوێ ببێت بە موسوڵمان و لەوێ هەڵبێت دەیەوێت ئێوە بیپارێزن و پشتگیری لێبکەن بۆ ئەوەی نەیکوژن.

- زانیار:- من پێی دەڵێم، ئەگەر پێویستیشتان بە منە بمبەنە دوونیاکەی خۆتان چی پێویست بێت دەیکەم خۆ من تازە ئاشناتان بووم و کەوتومەتە ناوتان.

- سەرسیل:- تۆ ناتوانی بێیتە دونیاکەی ئێمە. بەڵام دوعامان بۆ بکە سەلامەت بین و خودا سەرمان بخات لە شەڕەکەدا. هەر بۆیە نامەوێ بکوژرێم، دەمەوێت خزمەتی ئیسلام بکەم. من دەڕۆم ئێستا بەڵام دەگەڕێمەوە بۆ وەڵامەکە.

- زانیار:- باشە بڕۆ خوات لەگەڵ.

بەڕاستی زۆر دڵم خۆشە کە ئاوا بووە بە پیاو ڕێگای ڕاستی دۆزیوەتەوە.

بەڵام بۆچی سەرەتا هەڕەشەی دەکردوو خۆی گەورە دەکرد؟!

یان دەیەوێ هەڵمخەڵەتێنێت بەم بوون بە ئیسلامەی یان تاقیکردومەتەوە و درکی کردووە بە هۆی قورئانەوە بە هێزم و ناترسم، بڕوای بە گەورەیی قورئان و ڕاستی ئیسلام کردووە، تەنیا ئەم دوو ڕێگایە هەیە، بەڵام هیوادارم ڕاست بکات. ئەگەر بێتو ناڕاستیم لەگەڵ بکات، دەبێت باجی درۆکانی بدات. دانیشتم بۆ نان خواردن ئالان پەیوەندی کرد.

- ئالان:- برام ئەمەوێت بێم بۆ لات لەماڵیت؟

- زانیار:- بەڵی، فەرموو بە خێر بێیت زوو وەرە نان ئامادەیە.

- ئالان:- واهاتم وەستا گیان.

بیرم دەکردەوە و سەرم لەوە سوڕماوە بۆچی ئەبێت من کەسێک یان زیاتری ئەوانم کوشتبێت! خودایە ئەگەر لە نەزانین تاوان بارم داوادەکەم لێم خۆشببیت هەر بۆیە ئەوانیش وەک مرۆڤ منداڵ و

خێـزان و ژیانیـان هەیە، بەبـێ هـۆ و بـێ تـاوان بیـان کوژی تاوانباریە و دەبێتە هۆی گوناح باریت.

ئالان گەیشت.

- زانیار:- براکەم بەخێر بێیت..

- ئالان:- زۆر سوپاس برام، هاتم بۆ ئەوەی بت بینم و ماڵئاوایت لێ بکەم.

- زانیار:- بەڕاست خێرە وا زوو؟

- ئالان:- کاتی هاتووە دەچمەوە بۆ کوردستان و هیوادارم ئاسودەببم لەوێ.

- زانیار:- بەسەلامەت.

- ئالان:- ئەوەی زانیومە و توانیومە بۆم نوسیوی لەم لاپەڕانەدا بۆ ئەوەی خۆت هەوڵ بدەی فێر ببی.

- زانیـار:- ئەمە باشـترین کـارە دەسـتت خـۆش براکەم.

- ئـالان:- هەمـوویم بە واتاکـانییەوە نوسـیوە بـۆ ئەوەی باشتر تێبگەی لە خزمەتام براکەم.

نەم دەویست باسـەکەی بـۆ بگێڕمەوە، لەبەر ئەوەی گەشـتی لە ڕێیە پێمبـاش نەبـوو بە خـۆمەوە سـەرقاڵی بکەم با خەیاڵی لەلای من نەبێت.

هەنـدێک باسـی بـارودۆخی کوردسـتانمان کـرد بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپـــــادا بەلایەنە بـــــاش و خراپەکانیانەوە.

هەندێک کەلوپەلم کۆکردبۆوە کە دەبوو بینێرمەوە بۆ کوردستان، وەک دیاری.

- زانیـار:- ئـالان بـرام ئەو شـتانەم بـۆ ببە ئەگەر ڕێگەت لێ ناگرێ؟

- ئالان:- بەسەرچاو هیچی وام پێنیە.

- زانیار:- زۆر سوپاس براکەم.

ئەو ڕۆشت، وا بڕیاربوو سبەی لە کوردستان بێت، کە گەیشتە کوردستان بە نامەیەک ئاگاداری کردمەوە، سەیری ئەو نوسراوەم کرد کە بۆی ئامادە کردبووم هەوڵم دەدا بە زوترین کات کۆشش بکەم و هەمووی فێرببم.

هەر بۆیە دەبوایە پشت بە خۆم ببەستم و زۆرترین زانیاری فێرببم ناشمەوێ چیتر ببمە بارگرانی بەسەر هاوڕێکانمەوە.

وەرزی بەهاربوو لێرە ئاوو هەوایەکی هەتا بڵێی خۆشی هەبوو، وەک لای خۆمان چووم هەندێک گۆشتم کڕی، هەتا بچمە باخێکی گەورە و سەیرانێکی بچکۆلانە بۆ خۆم بکەم کەمێک بێتاقەتیم نەهێڵم. چوومە باخێک کە لەوێ ڕێگە پێدراوە بۆ سەیران کردن واتا گۆشت برژاندن ئاساییە و یاساییە.

لەوێ دانیشتبووم بینیم چاوان لەگەڵ خێزانەکەی دانیشتووە کەبریتی بوون لە چاوان و باوک و دایکی، نەمویست بێزاریان بکەم.

هێندەی پێنەچوو چاوان هات بینیمی و هات بۆ لام.

- چاوان:- باشە کە لێرەی بۆ قسە ناکەی ئەترسی گۆشتەکە بخۆم؟

- زانیار:- جا گۆشت چیە لە خزمەتتدایە. وەرە ئەو شیشە ئامادەیە بیخۆ نۆشت بێت.

- چاوان:- نا سوپاس زۆرم خواردوە.

- زانیار:- نۆشتان بێت، ئەریَ ئێستا چۆنیت؟

- چاوان:- خێری تۆ بنوسریَ زۆر ئارام و بیَ کێشەم ئێستا، بەڕاستی زانیار ئازاری هەموو گیانم وایکردبوو هێزی هیچ شتێکم نەمابوو!

- زانیار:- زۆر باشە ئەی ئەوەی پێم وتی جێبەجێی دەکەی؟

- چاوان:- ئەیچۆن بەڵام زیاتر گویَ لە قورئان دەگرم بە وەرگێرانی کوردیەوە زۆر ئارامیم پێدەبەخشیَ.

- زانیار:- زۆرم پێخۆشە بەردەوامبەو هەوڵبدە نەشترسی.

- چاوان:- چۆن ئەترسم من لە هیچ شتیَ ناترسم.

- زانیار:- وانیە من خودی خۆم لە هەندێک شت زۆر دەترسم.

- چاوان:- دەزانم، لە دەستدانی کەسانی ئازیزت؟ ئەی وانیە؟

- زانیار:- ئافەرین، من ویستم بە شێوەیەکی تر تێتبگەیەنم، بەڵام خۆت زیرەک بووی.

- چاوان:- دایکم و باوکم وتیان بانگی بکە بابێت بۆ ئێرە چاوەڕێتن وەرە.

- زانیـــار:- باشـــە یەم، بەڵام حەزم لە چـــایەکی پشکۆیە، خۆم چام نەهێناوەو بیرم چوە.

- چاوان:- ئێمە چامان پێیە بێخەمبە وەرە زوو.

- زانیار:- باشە.

زانیـار:- چـومە ئەوێ و سـڵاوم کـرد و لەگەڵ کـاک حەســەن (بــاوکی چــاوان) باســمان کــرد بە باســی سیاســەتی ئێســتای کوردســتانی باشــور و عێــراق. گفتوگۆکەمـان لەسـەر ئەوە بـوو کە باشـترین کـار چیە بکــرێ لە ئێســتادا بــۆ دەربــاز بــوون لە قەیــران و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئەو فشـارانەی کراونەتە سـەر هەرێمــی کوردســتان، بــاوکی چــاوان قســەکانی زۆر ســـەرنجی ڕاکێشـــام زۆرم بەدڵ بـــوو زۆر کەســـێکی زیرەکبـــــــوو بەو تەمەنە زۆرەیەوە کەســـــــێکی تێگەیشــتوبوو، زۆر لەســەر باســی ســەردەمی شــاخ دەڕۆشــت و باســی ســەردەمی شــاخی بــۆ دەکــردم

کەژیانیـان سـەخت بـووە لەو کـاتەدا. کە بەشـێوەیەک نائومێدی هەموو ناوچەکانی گرتبۆوە.

مرۆڤە بەتەمەنەکان سوودی کتێبیان هەیە. هەربۆیە بەرکەوتنێکـی زۆرم لەگەڵیـان هەبـووەو سـوودێکی زۆرم لێ بینیون ئەو کاتەی کە لەکوردستان بووم.

- کـاک حەسـەن:- مێژووەکـان زۆر بەباشـی دەزانیت و لە کاری سیاسەتیشدا زیرەکی. هیوادارم لە ئایندەدا ببیتە سیاسیەکی باش بۆمان.

- زانیـار:- زۆر سـوپاس بـۆ ئەو پیاهەڵـدانە، بەڵام کاک حەسەن هیوای ئەوەم بۆ مەخوازە، چونکە حەزم بە سیاسـەت نـیە بەڵام پـێم باشـە زۆرتـرین زانیـارم هەبێـت لەسـەری تـۆ هیـوای ئەوەم بـۆ بخـوازە لەشساغبم کتێبەکانم تەواو بکەم.

- کاک حەسـەن:- زۆر باشـە خودا بە دڵی خۆتت لەگەڵ بکات.

- زانیـار:- سوپاسـت دەکەم، ئەرێ کـاک حەسـەن سەبارەت بەدین شـارەزایت هەیە یان چۆنیت لە جێ بەجێ کردنی؟

- کاک حەسەن:- وەک موسوڵمانێکی ئاساییم بە پێکەنینەوە نە مەلام و نە شێخ.

- زانیار:- گرنگ ئەوەیە دینەکە بەباشی پەیڕەو بکەیت خۆ مەرج نیە مەلا بیت، گرنگیەکە لە پەیڕەو کردن و جێبەجێکردنیەتی.

- کاک حەسەن:- نانا من زۆر بەباشی پەیڕەوی دەکەم ئەو کارانەی سونەت و فەرزن ئەگەر خودا بۆمان بنوسێت.

- زانیار:- ئامین لەگەڵ هەموو لایەک لەدوای چایەکی جوانی تر من دەبێت بڕۆم ئێوەش پشووی خۆتان وەرگرن.

- کاک حەسەن:- پەلەت چیە لێرەبە. ماوەیەک دەبێت یەکترمان نەدیوە، لەگەڵ کەسی شارەزا و زیرەکی وەک بەڕێزتان حەز دەکەم هەندێک کاتی تر بەسەر بەرین، مەڕۆ پەلەت چیە خۆ کارت نیە.

- زانیار:- من لەخزمەتام، جێگای شانازیە لەگەڵ پیاوێکی وەک بەڕێزت دانیشم، نا ئیشی وام نیە، بەڵام

هەندێک کاری ماڵەوەم هەیە دەبێت تەواویان بکەم خۆت دەزانی ئیش و کار ناهێڵێت.

هەر چۆنێک بوو هەوڵمدا بڕۆم خوا حافیزیم کردوو ڕۆشتم.

چوومەوە ماڵەوە هەرچی بوکەڵەی گەچو سیرامیکەکانە فڕێم دان و ماڵەکەم پاک کردەوە کەبینیم پەنجەرەی ژورەکەم دا ئەخرێ و ئەکرێتەوە!، زانیم فەرحاق لێرەیە دەیەوێت خۆیم پیشان بدات.

- زانیار:- کاک فەرحاق بفەرموو؟

- فەرحاق:- سڵاوی خوات لێبێت، ویستم لەو باخە خۆمت پشان بدەم بەڵام نە ئەگونجاو ئەو کابرایەش کاک حەسەن وازی لێت نەئەهێنا ئاگام لێبوو.

- زانیار:- ئەی بۆ قسەت نەکرد با بهاتیتایە شیشێک گۆشتت بخواردایە گۆشتی بەرخ بوو زەرەرت لەخۆت دا.

- فەرحاق:- گۆشتی چی بخۆم ئەوەنە چاوەڕێت بووم کاتت هەبێت بیری هیچم نەمابوو.

- زانیار:- چیە وابزانم کارێکی گرنگت هەیە وایە؟

- فەرحاق:- بەڵێ گرنگە، بەڵام پێش ئەوە ماڵەکەت سوتا من لێرە نەبووم کاری ترم هەبوو بەڵام زوو فریا کەوتین لەگەڵ برادەران.

- زانیار:- دەستان خۆشبێت ئەی پرسیارێک سەرسیلی تیا بوو؟

- فەرحاق:- نا ئەوی تیا نەبوو بۆ؟

- زانیار:- ئاخر وتی من نەبووم وتم بزانم ڕاست دەکات یان نا.

- فەرحاق:- ڕاست دەکات، بەڵام هەر لە کۆمەڵەکەی ئەوبوون.

- زانیار:- ئەویش وایوت، بەڵام بابیرم نەچێت شتێکی پێوتم نازانم بەڕاستیەتی یان دەیەوێ هەڵم خەڵەتێنێت! وتی ئەمەوێ ببم بە موسوڵمان بە کاک فەرحاق بڵێ ئەتوانن یارمەتیم بدەن؟ بۆ ئەوەی نەم کوژن کافرەکان.

- فەرحاق:- بەسەرچاو کارێک لە ڕێگەی خودابێت بۆ نا نەک هەر خۆم بەڵکو هاوڕێکانم و هەموو (جن)ی موسوڵمانان ئامادەین.

- زانیـار:- خـودا پاداشـتان بـداتەوە ئەی تـۆ بڵێـی ڕاستبکات؟

- فەرحــاق:- بەڵــێ چــونکە ئەو دەزانێــت ئــێمەی موسـولْمان زۆریـن وە تـاڕادەیەک هێزمـان زیـاترە کە ئەویش چاکەی خودایە ئەو خۆی ناخاتە بەردەستمان درۆ بکات دەزانێت دەکوژرێت.

- زانیـار:- کە وایە منـیش پێـی دەڵـێم وا بڕیـارە بێتەوە بۆ وەڵامەکە، ئیتر منیش لەم دونیایەی خۆمەوە بەس دوعام لەسەرە بۆتان بکەم خودا هاوکارتان بێت.

- فەرحــاق:- دوعــاکە لە شــەڕ و هەمــوو شــت گەورەترە خودا پاداشتی بەخێرت بداتەوە.

- زانیـار:- لەگەڵ تـۆدا مـن بەو ئەڵـێم کە بێتە لات، بەڵام ئەی ناونیشانێک شتێک لە کوێ بتبینێ؟

- فەرحــاق:- بەپێکەنیــنەوە کــاک زانیــار ئــێمە ئەوشــتانەمان نــاوێ شــارەزاین یەک دەبینــین ئەگەر بمانەوێ و خودا ڕەزامەند بێت.

- زانیار:- کاکە من لەکوێ بزانم سـوپاس بۆ خـوا زۆر زیرەکن.

- فەرحـاق:- نـا مـرۆڤ لە ئـێمە زۆر زیـرەک تـرە ئەوە پشـــت ڕاســـت کـــراوەتەوە، باشـــە مـــن ئەڕۆم کـارەکەی کەوتـم بـۆی هـاتووم ئاگـاداری خـۆت و مـــاڵەکەت بە، ئـــێمە مـــاوەیەک لێـــرە دەبـــین و دواتـــر دەڕۆیـن کـاری گرنگمـان هەیە هەوڵبـدە لەدوای خـۆت ئایەت بخوێنەو بەفوو بیکە بەسـەر مـاڵەکەدا بۆ ئەوەی نەتوانن زەرەرت لێبدەن.

- زانیار:- باشە زۆر سوپاس بۆ ئەوەی پێت وتم باشــە خـودا کـارت ئاسـان بکـات و ئاگادارتـان بێـت، خوات لەگەڵ.

- فەرحاق:- لەگەڵ تۆدا خوات لەگەڵ.

ئەو ڕۆی دڵم زۆر خۆشە کە سەرسیل ڕاست دەکا دیـارە قسـەکانم سـودیان هەبـوە سـوپاس بـۆ خـوای گەورە.

مـــن لەم بیرکـــردنەوانەدا بـــووم سەرســـیل لە بـاخچەکەدا لەســەر کورســیەکە دانیشــتبوو کە بینــیم ڕاچڵەکیم چوومە دەرەوە بۆلای،

- زانیار:- باشە بۆ قەت فێر نابیت کە یەیت شتێک بکە تا نەترسم ئەڵێی ڕەسمی لەسەر ئەو کورسیە!، وەک کاک فەرحاق ئاقڵ و تێگەیشتووبە بانەترسم ئەو کەدێت بۆ بینینم پەنجەرەکە ئە جووڵێنێت خۆ ئێوە ئەم ماڵەی منتان کردوە بە شوێنی پشودان (ئوتێل)ی پێنج ئەستێرە دایم لێرەن وەئەم جارەش تۆ وەرە ژورەوە من نایەم ئەڵێی میوانی ئەبێ کەسێک بێت بە دەمتەوە.

- سەرسیل:- باشە تۆ بۆ ئەوەنە ڕقت لەمنە و بەمن بێزاری؟ بۆ لەگەڵ فەرحاق وانیت؟

- زانیار - بەخوا وابزانم وەک پیاوی دووژنەم لێهاتوە ئەبێ نازتان بکێشم باشە کاک سەرسیل گیان چۆن خزمەتت بکەم؟

- سەرسیل:- کاک زانیار چیت کرد بە کاک فەرحاقت وت بۆ ئەوەی پێم وتی؟

- زانیار:- بەڵێ پێم وت ئامادەی خۆی و هاوڕێکانیشی پێڕاگەیاندم وتی بابێت.

- سەر سیل:- بەڕاستی لەسەر بەڵێنی خۆت بووی ڕاســـت گۆبـــووی جـــوانترین ســـیفات لە ئیســـلامدا ڕاستگۆییە.

- زانیار:- تۆش ڕاستگۆ دەبیت لەگەڵم وایە؟

- سەرسیل:- بەڵێ بەدڵنیاییەوە ڕاستگۆ دەبم وە فێری هەموو ڕەوشتە جوان و بەرزەکانی موسوڵمانان دەبم ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێت.

- زانیار:- خودا هاوکارە بۆ کاری خێر ئەگەر تۆ هەوڵ بدەی.

- سەرســـیل:- هەر وادەکەم باشـــە کـــاک زانیـــار بمبـــورە بـــۆ هەمـــوو کـــارێکی خـــراپ و ناڕاســـت کە بەرامبەرم کردبێتیت.

- زانیار:- بوراوی و گەردنت ئازادبێت.

- سەرسیل:- من دەڕۆم بۆلای کاک فەرحاق بۆ ئەوەی کارەکەم دەست پێبکەم دەگەڕێمەوە بۆ لات و دێمەوە خزمەتت.

- زانیار:- برۆ خودا ئاگادارتبێ و کارتان ئاسان بکات.

سەرسیلی برام بوە بە پیاوێک هەقە بیبەی بۆ سولّح بۆ ئەوەی دانیشتنەکەی کەسی تیا نەمێنێت لەترسا.

هەولّم دەدا دەست بکەمەوە بە نوسین هەتا بتوانم زوو بابەتەکەم تەواوبکەم کە بابەتی خەیاڵ بوو من سەرەتا وام دەبینی کە بەدەر لە دونیای مرۆڤ هەموو جۆرەکانی تر خەیاڵن و مرۆڤ بەرهەمیان دێنێت لە ڕێگای خەیاڵەوە، بەڵام دونیای جنۆکەکان ڕاستی و دروستە کەبوونیان هەیەو من خۆم بەرکەوتنم هەیە لەگەڵیانداو وە دەیان بینم هەتا وام لێهاتوە ئەگەر کەمێک دوابکەون بیریان دەکەم! بێزاریشم لە کێشەو کارە خراپ و ترسێنەرەکانیان کەهەندێکیان لە نەزانینی خۆیان ئەو کارانە دەکەن.

دەشتوانی بە خەیاڵ بیریان لێبکەینەوە هەر بۆیە نوسینەکەی من خەیاڵ بوو هەرگیز ئەوان ڕەت ناکاتەوە بەڵکو سەبارەت بە خەیاڵ کردنی مرۆڤەکانەو گەیشتنیان بە ئامانجەکەیان لە ڕێگەی

خەیاڵەوە، دیوی دووەمی خەیاڵ ڕقە، دیوی سێهەمی خەیاڵ خۆشەویستییە.

مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ڕقی ناو دڵی بگات بەوکارانەی دەیەوێت و ئامانجیەتی واتا لە تووڕە بوونی بەرامبەر بە دۆخی ژیان ئەو ڕقە هاوکار دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی ڕقی مرۆڤ زاڵترە بەسەر خۆشەویستی دا بۆ ئامانج پێکان لەم ڕێگەیەوە کە خۆشەویستیە بەگرانتر مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئامانج کە بەداخەوە ڕاستیەکە ئەوەیە کە ڕق زاڵترە بەسەر خۆشەویستی دا لە دونیای مرۆڤەکان بەرەو ئامانجەکانی و بە دەست هێنانیان، زۆر دڵم لای سەرسیلە نەکوژرێ جا من سەر سیلێکی تر چۆن پەیاکەم کاکی نورانی خوا گەورەیە بەسەلامەت دێنەوە بۆلام پشت بەخوا، یادگاریەکانم لەگەڵیان ڕوو لەزیاد بونە هەرچەندە بۆ کەسانێک تۆقێنەرن، بەڵام لەو بڕوایەدام کە جوانترین یادگارین لەلای من وە ئەگەر بەرکەوتنت هەبێ لەگەڵ موسوڵمانەکانیان ئەوا دەبنە

باشترین هاوڕێ هاوڕێیەک لەدونیایەکی ترو بونێکی تر، باوکی زەید پەیوەندی پێوە کردم،

- زانیار:- بەڵێ برام.

- باوکی زەید:- سڵاو کاک زانیار دەنگ و باست باشیت؟

- زانیار:- سوپاس بۆ خوا تۆ چۆنیت باوکی زەید؟

- باوکی زەید:- من باشم بەتەمام بگەڕێمەوە ئەڵمانیا چیت دەوێت بۆت بێنم بەدیاری؟

- زانیار:- زۆر سوپاس بوونی خۆت دیاریەکی جوانە بەسەلامەتی ئەگەڕێیتەوە پشت بەخوا.

- باوکی زەید:- خۆم هەوڵدەدەم شتێکی جوانت هەر بۆ بێنم کە گەڕاشمەوە باسی هەندێک بابەت و کارەکانیشمان دەکەین ئەگەر ئەوە گونجا بەردەوام دەبین وەک برا.

- زانیار:- پشت بەخوا چاوەڕوانتم برام.

ئەویش پەیوەندیەکەی داخستەوە، من سەرەتا بە تەنیاو بەبێ هاوڕێ بووم کەسم نەدەناسی لەم مەملەکەتەدا، بەڵام ئاسودەش بووم ڕاستە ئێستا

هەنـدێک لە مرۆڤـی جـوان دەناسـم و هـاوڕێمن، بەڵام چێژی تەنیایی تایبەتە تەنیایی وا لەمرۆڤ دەکات خۆی بـدۆزێتەوەو بـگەڕێ بەشـوێن خۆیـداو هەوڵ بـدا بـۆ ژیان. تەنیایی هەردیوی ناخۆشـو نالەباری نیە بەڵکو دیـوی جـوان و بەسودیشـی هەیە بەمەرجێـک مـرۆڤ بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات!.

من لەچاوەڕوانی (کاک سەرسیل) و (کاک فەرحاق) دا ڕۆژەکانم بەڕێدەکرد و چاوەڕوان بوم

(کـاک فەرحـاق) پەنــجەرەکەم بجـوڵێنێ و (کـاک سەرسـیل) لەسـەر دارەکە چـاوەڕێم بکـا یـان لەسـەر کورسی نـاو بـاخچەکە وەک میـوان دانیشـێ و بچـم بـۆ لای نزیکەی بیست شەو تێپەڕیوە بەسـەر کۆتـا بینینی هەردووکیـــان، ســـەرقاڵم بەکـــارەکەمەوە زۆرکـــات لەماڵیشەوە سەرقاڵم بە نوسین و کـاری ناومـاڵەوە کە بەڕادەیەکـــی زۆر حەزم لەپاکوخـــاوێنی ناومـــاڵەو ڕاهـاتوم لەگەڵ ئیشـــی مـاڵ پشـویەکی چەنـد ڕۆژەم وەرگـرت لە کـارەکەم کە هەمـوو سـاڵێک پشـوویەک

هەیە بۆمان وەک هەمیشە سەرقاڵی کاری ناو ماڵ بووم پەنجەرەکەم جولاو کەوتە هاتووچوون!

ئاشق ئاسا دڵم خێراتر ترپەی ئەکرد زۆر دڵ خۆشبووم کە فەرحاق لێرەیە.

- زانیار:- فەرمووو کاک فەرحاقی گوڵ؟

خۆی دەرخست کە بینیم سەرسیلە!

بەشێوازێک تاسام یەک وشەم نەوت!

- سەرسیل:- سلاوی خوات لێبێت.

- زانیار:- سلاو بە خێربێیت. ئەمە تۆی چۆنە ئاوا فێری کارەکەی کاک فەرحاق بوویت؟

- سەرسیل:- سوپاس بۆ خوا من ئێستا موسوڵمانم، لەوکارە چەپەڵ و هەلاکانی جاران دوورم. هەر بۆیە ئاوا هاتم بۆ ئەوەی نەترسی و ڕانەچڵەکی کاک فەرحاق وتی ئاوا بڕۆو بەردەوام بە لەسەر ئەو کارەت.

- زانیار:- زۆر دڵخۆشم بەو هەواڵە خوای گەورە لە هەموومان خۆش بێت یاخوا بەخێر بێیت تۆ بۆم

باسکە کەجنۆکە کافرەکان بەم کارەیان زانیت چی کارێکیان کرد؟

- سەرسیل:- شەڕێکی زۆر قورس ڕویدا. پانزدە ڕۆژ لە شەڕدا بووین لە کۆتا جاردا سوپاس بۆ خوا ڕاومانان و منیش ئازاد بووم لەدەستیان. ئێستا لەناوچەکەی خۆمان نەماوم،لەلای برا موسوڵمانەکان ماڵم کردووەو ئێستا زۆر ئاسودە و دڵخۆشم.

- زانیار:- من دڵنیام کارێک گەڕانەوە بێت بۆ لای پەروەردگار ئەوا خودا سەرکەوتوت دەکات و ئارامیت پێدەبەخشێ. منیش بەهەمان شێوە کەگەڕامەوە سەر ئەم دینە ئاسودەیەکی بێ ئەندازە دروست بوو لە ژیانمدا. ئەو کاتەی کتێبەکەم لێت وەر گرتبوو دەگەڕام بەشوێن کەسێکا، هەتا خودا لەو ڕێگایەوە هیدایەتی دام و تێگەیشتم لە گەورەیی قورئانی پیرۆز کە وتەی خوای گەورەیە.

- سەرسیل:- سوپاس بۆ خوا کە کتێبەکەت نەخوێندەوە، ئەو کارانەی داوامان لێت دەکردو من بۆم باس دەکردی نەت کرد، ئەگەرنا سوێند بەخوا هەتا

کۆتا ڕۆژت دەبویتە کۆیلە و ژێردەستەی شەیتانەکان و ژیانیان لێ تاڵ دەکردیت داوای زۆرم کردووە لە خودا کەلەسەر ئەوکارە چەپەڵانەم لێم خۆش بێت، میهرەبان بێت لەگەڵم خودا بەبەزەی بێت لەگەڵم.

- زانیار:- ئامین ئەی کوا کاک فەرحاق بۆ لەگەڵت نیە؟

- سەرسیل:- ئەو کاری زۆری هەبوو بەمنی ڕاگەیاند کە سڵاوی ئەوت پێبگەیەنم و دڵنیاشت بکەمەوە لە سەلامەتی هەمووومان و سەرکەوتنمان.

- زانیار:- زۆر سوپاس بۆ خوا کە هەمووتان سەلامەتن سڵاوەکەی سەر چاوانم سڵاوی منیش بگەیەنەو بڵێ زۆر دڵخۆش بووە بەوهەواڵەی ئێوەو براکانمان سەرکەوت و سەلامەتن.

- سەرسیل:- بەسەر چاو دەیگەیەنم بەڵام بڕوا ناکەم بەم شێوەیە بێینەوە بۆ لات وا پێویستە ئێمە بچین بەلای ژیانی خۆمان و تۆش ژیانێکی ئاسودە و ئاسایی بەسەر بەریت.

- زانیـــار:- باشـــە بەڵام لەو بـــڕوایەدام کە زۆر بیرتان بکەم.!

- سەرســـیل:- مـــن ئەم هیـــدایەتەم بە هۆکـــاری قسەکانی تۆ وەرگرتوەو هەرگیز لە بیرت ناکەم.

- زانیـــار:- بە هەمـــان شـــێوە تـــۆش هۆکـــاری تێگەیشـتنی مـن بویـت بـۆ ئەم ڕێگـا ڕاسـتە وە خۆشـم دەوێیت لەبەر خودا.

- سەرسـیل:- بێگومـان خۆشەویسـتی نێوانمـان لەبەرخودایە هەتا وازت لێدێنن ئاگادارت دەبین ناهێڵین کـارێکی خراپـت بەرامـبەر بـکەن بەڵام تـۆش دەبێـت هەرگیز نوێژ و یادی خودا لە بیر نەکەی، لەسەر چاکە کاری بەردەوام بیت.

- زانیـــار:- بەدڵنیـــاییەوە لەســـەر ئەو ڕێگـــایە بەردەوامم و کۆڵ نادەم.

- سەرسیل:- باشە من دەڕۆم، هەوڵدەدەم بێمەوە کۆتاجار بۆ ماڵئاوایی هەتاهەتایی ئێستاش بۆیە هاتم و نەمخستە کاتێکی تر دڵنیابووین کە دڵت لامانەو خەمی ئێمەتە.

- زانیار:- بەڵێ زۆر دڵم لاتان بوو. باشە وەرنەوە جارێکی تر، هیوام باشیتانە خوات لەگەڵ.

- سەرسیل:- خوات لەگەڵ.

ئەگەر ئەمان بڕۆن لە ژیانم ئایا وەک جاران لەگەڵ چراکەم ڕادێمەوە؟ یان گۆڕینی سەرتاپای ژیانمە بۆ هەتا هەتایە!؟ ئەم پرسیارە و زۆر پرسیاری تر لە مێشکم گەڵاڵە بوو.

جنۆکەکان بونەوەرێکی زۆر ترسێنەرن بۆ خەڵکانێکی زۆر لەلای منیش بەو شێوەیە بوو بەڵام بەرکەوتنم لەگەڵیانداو ڕاهاتنم بەو جۆرە ژیانە بونەتە هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویست لەلام.

لەم قسەکردنەدا بووم، چاوان پەیوەندی پێوە کردم هەواڵی یەکترمان پرسیو مەبەستی بوو یەک ببینین و گوایە کارێکی گرنگی پێمە و دەیەوێت پرسو ڕایەک بکات پێم وەک هەمیشە وتم بەسەر چاو کارێک بەمن بکرێ لە خزمەتام.

چووم بۆ بینینی چاوان لە قاوەخانەکەی جاران دانیشتبوو کە بینم دوو دڵیو ڕاڕایەکی پێوە دیارە،

کەگومـــانم دەکـــرد پرســـیارێک لە مێشـــکی گەڵاڵە بـــوو لەدوای سڵاو کـردنم پرسـیم کـارە گـرنگەکە چیە بۆم باس بکە؟

- چـــاوان:- ڕاســـتی کوڕێـــک داوای لە ماڵەوەمـــان کردووە کە گوایە من بخوازێت بەڵام منیش کە دەیبینم بـــاش نـــایەتە بەر چـــاوانم وا هەســـت دەکەم کە لە گەڵ من نەگونجێ وێنەکەیم پێیە بزانە تۆ نایناسـی یـان پێم بڵێی کە کەسێکی چۆنە؟

- زانیـــار:- بـــڕوا بـــکە مـــن کەســـی وا ناناســـم هەر نەشم دیوە! لە کوێ دەژی؟

- چـاوان:- لە کوردسـتان دەژی. باشـە پرسـیارێکم بۆ بکە بەڵکو کەسێک بیناسێت یـان لە مـاڵ و خێزانـی شارەزابێت.

- زانیـار:- بەسـەرچاو ئەو کـارە دەکەم، بەڵام زۆر دوو دڵ مەبەو ئاواش بیرمەکەرەوە لە سەرەتاوە.

- چـاوان:- بڕوابکە هەستم وایە ناشـمەوێ توشـی هەڵەی ژیان ببم، چونکە هاوسەرگیری بۆ چەند ڕۆژو کاتێک نیە هەتا کۆتایی تەمەن دەبێت لەگەڵی بژیت.

- زانیــار:- زۆر ڕاســتە هیــوادارم ئەگەر ســود و خێری تێدایە خودا ئاسانی کات.

- چاوان:- زۆر سوپاس.

لەدوای هەنــدێک قســەو باســی تــر مــن ڕۆشــتم، هەوڵمــدا بە زوتــرین کــات پرســیاری بــۆ بــکەم هەتــا هەواڵێکــی دەســت کەوێــت. لەدوای پرســیار کردنێکــی زۆر لەکەســـــانی بڕواپێکـــــراوو ڕاســـــتگۆ بەداخەوە کەسێکی لەو جۆرە نەبوو کە چاوان دەیویست واتا باش نەبوو.

هەوڵمدا بیبینم و چووم بۆ بینینی و لەوێ لەدوای هەواڵپرســـینی و هەنـــدێک گفتوگـــۆ پـــێم ڕاگەیانـــد کەوەڵامێکی ئاوام دەست کەوتووە بەداخەوە!

- چــاوان:- زۆر ســوپاس. بــاش مانــدووم کــردی بە کارەکانمەوە کەواتە منیش ڕازی نیم و ناشمەوێ خۆم بـــخەمە ژیـــانێکی خـــراپ و لە دوایـــدا جیـــابونەوەو هەڵوەشــاندنەوە ڕووبــدا، باوکیشــم پرســیاری کردبــوو هەر بەهەمان شێوە بوو.

- زانیار:- خودا خۆی زانایە بەو کارانە و خێری تێدابێت.

- چاوان:- پشت بەخوا ئەی لەگەڵ ئیشوکارەکانت چۆنیت؟

- زانیار:- باشم سوپاس بۆ خوا.

- چاوان:- باوکم پەیوەندی دەکات، دەبێت بڕۆم وا بڕیارە بچینە گەشت بۆ ماڵی پورم لە بەریتانیا.

- زانیار:- گەشتێکی خۆش و بەسەلامەت سڵاوم هەیە بۆ ماڵەوەتان خوات لەگەڵ.

- چاوان:- سڵاوەکەت گەیشت خوات لەگەڵ.

منیش دەمویست بچمەوە بۆ ماڵەوە لەڕێگا بینیم (سەرسیل) و (فەرحاق) لەوبەری شەقامەکەوە دەڕۆن و سەیرم دەکەن!

بانگم کردن، هاتنە لام لەدوای هەواڵ پرسینی یەکتر (فەرحاق) بۆی باس کردم کە توشی کێشەی زۆر بونەتەوە ئەم ماوەیە وەشەڕێکی زۆر سەخت لە نێوانیان ڕووی داوە جنۆکەی ئیسلام و کافر، بەسەرکەوتنی برایانی ئیسلام کۆتایی هاتووە.

- زانیار:- سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتن.

سەرسیل:- ئێمەی موسوڵمان ئاوا ئازا و چاو نەترسین.

- فەرحاق:- کاک زانیار بەڕاستی سەرسیل یەکێکە لە هەرە ئازا و چاونەترسەکانمان سوپاس بۆ خوا.

- زانیار:- ئەی ئافەرین سەرسیل بەڕاستی جێگای شانازیمانی.

- سەرسیل:- سوپاس چاکەی خۆتانە.

- زانیار:- باشە لەگەڵ نوێژ و ڕۆژودا چۆنی؟

- سەرسیل:- باشم سوپاس بۆ خوا هەمووی فێربووم.

- فەرحاق:- ئا سەرسیل زیرەکبوو زوو فێر بوو.

- زانیار:- ئافەرین خودا پاداشتت بداتەوە.

من لەم قسانەدا بووم خەڵکانێکی زۆر هەر سەیریان دەکردم و لێم ورد دەبوونەوە لەوان وایە من شێت بووم و بەدەم خۆمەوە قسە دەکەم. گفتوگۆ گەرمە بەبێ ئەوەی گوێبدەمە خەڵک و سەیرکردنیان.

- زانیـار:- باشـە کـاک فەرحـاق سەرسـیل دەڵێـت دەمـانەوێ بـڕۆین و نەیەییـنەوە بەیەکجـاری، بـۆ وا بەپەلەن لەم بڕیارە؟

- فەرحاق:- بەڵێ ڕاستە، بەڵام بۆمان دەرکەوتـووە زۆر لە هەوڵی ئەوەدان ئازارت پێبگەیەنن هەتا دەریـان نەکەیـن بە یەکجـاری و دڵنیـانەبین مـاڵ ئـاوایی نـاکەین ئاسودە بە.

- سەرسیل:- وابزانم بیرمان دەکەی لە ئێستاوە؟

- زانیار:- بێگومان من تـازە لەگەڵ ئێوە بووم بە هاوڕێ، خۆشم دەوێن و پێم ناخۆشە دوور بکەومەوە لێتان.

لەم گفتوگــۆیە بەردەوام بــووین هەتــا گەیشــتینە مــاڵەوە، هــاتنە ژوورەوەو دانیشــتن لەوێـش بەردەوام بووین لە قسەو باسەکانمان، هەندێک پرسیارم لە کـاک فەرحــاق کـرد کە دەمزانــی ئەو لە هەنـدێک بـابەت لە سەرسیل زیرەک ترە.

- زانیار:- کاک فەرحاق ئێوە ئەو بەهرەیەتان هەیە کە بزانن سبەی چی ڕوودەدا یان دەمەوێ بڵێم پێش کاتی ڕودانی شتێک ئێوە درکی پێدەکەن؟

- فەرحاق:- نەخێر کاک زانیار، داهاتوو تەنیا خودا دەیزانێت ئەوە تەنیا بۆ پەروەردگارە کە داهاتوو ببینێت و بزانێت چی ڕوودەدا و چی دەبێت.

- زانیار:- باشە چی ئایەتێک سەبارەت بە جنۆکە کافرەکان زۆرتر لەوانەی تر بەکار دێ کە ببێتە هۆی تۆقاندن و ڕاکردنیان؟

- فەرحاق:- هەموو قورئانی پیرۆز بۆ کافرەکان مایەی ترس و ڕاکردنە، بەڵام بە تایبەت (سورة البقرة) کە یەکێکە لە گەورەترینیان.

- زانیار:- باشە کاری جادووگەرەکان چیە کە بەجنەکانی دەوروبەریان دەسپێرن؟

- فەرحاق:- جادووگەرەکان ئەو جنۆکانەی لە دەوروبەرین ڕایان دەسپێرێت بۆ نمونە توشی قەلەقی و دوو دڵیەکی زۆری بکەن لەڕەگەزی مێینە بێت یان نێرینە ئەوا ئەوان هەڵدەستن بەو کارە. یاخود

جیاکردنەوەی دوو هاوسەر لەیەکتری یان چوونە ناو لەشـــــی مرۆڤگەلێـــــک و بەهەڵەدا بردنیــــان و نزیککردنەوەیان لە کاری خراپ و بەدڕەوشتی کە ئەم کەســە بەویســتی خــۆی نایکــاو ئاگــاداری نــیە بەڵکــو جنۆکەکــان ئەم کــارەی پێــدەکەن یــان خــۆ کوشــتنی نەخۆش هەر لەو ڕێگایەوە کە دەچنە ناو لاشە.

- زانیــــار:- باشـــــە ئەو کەســـــانەی ســــەردانی جادووگەرەکــان دەکەن زۆرینەیــان داوا لە جــادووگەر دەکەن کارێکیان بۆ بکات کە هاوسەرەکانیان خۆشیان بوێن. باشتر بڵێم زیاتر گرنگیان پێبدەن ئەمە تاچەند ڕاستە و چی بۆ دەکات؟

- فەرحــاق:- هەرگیــز جنۆکەی کــافر خۆشەویســتی نــازانێ و ئەو کــارەش نــاکەن بەڵکــو زیــاتر و خراپتــر تێکــی دەدەن و گەورە تــری دەکەن کێشـــەکان، کــاری جادووگەرەکــان تەنیــا بە جنــۆکە کافرەکــانەوە بەنــدە وەک وتــم ئەوانــیش کــاری باشـــە نــاکەن ئەوە تەنیــا کــــۆکردنەوەی ســــەروەت و ســــامانێکی زۆرە کە جــادووگەر دەیکــات بە هەڵخەڵەتانــدنی مرۆڤەکــان و

دەمبەست کردنیان لە ڕێگەی جنۆکەکانەوە و ئالودە کردنیان بەو دوعاو نزایانەی کە جادووگەر دەیان کات سەر لەبەری کوفر و سوکایەتی کردنە بەخودا لەپای دڵڕاگرتنی جنۆکەکان.

- زانیار:- واتا لە بری ئەوەی هاوسەرەکانیان خۆشیان بوێن. هەڵدەستن بە تێکدانی ماڵ و ژیانی خۆیان وە جیا بونەوەیان لە یەکتر و ماڵی خۆیان دەکەنە میوانخانەیەک بۆ جنۆکە کافرەکان هەتا ڕادەی بەرەو شێت بوون و خۆ کوشتنیان؟!

- فەرحاق:- بەڵێ زۆر ڕاستە بەو شێوەیە بەداخەوە.!

- زانیار:- باشە ئەگەر کەسێک ئەم کارەی کردبێ واتا ئەو دوعاو نوشتەیەی کردبێ و بیەوێ کۆتای پێبهێنێت و لە ماڵ و گیانی خۆی دووریان بخاتەوە چارەسەر هەیە؟

- فەرحاق:- بەڵێ سوپاس بۆ خودا ئەویش بە دەرکردنی ئەو دوعا و نوشتەیەیە کە شاردراوەتەوە و هێنانەوەیەتی بۆ خزمەتی قورئان و خوێندنی ئایەت

بەسەریداو سڕینەوەی هەموو ئەو پیتانەی لەسەری نوسراوە بەکردنە ناو ئاو.

- زانیار:- زۆر باشە کەواتە هەڵەکە چارەسەر دەبێت ئەگەر کەسێک بیەوێت؟

-فەرحاق:- بەڵی.

- زانیار:- باشە سەرسیل تۆ هیچ جۆرێک لەو کارانەت کردووە  کا بێ بڕواو کافر بووی؟

- سەرسیل:- من نامەوێ هیچ بڵێم هەربۆیە تاوانێک کە کرابێت لە بەینی خۆت و خودا بێت ئاسانترە لێخۆشبوونی.

- زانیار:- هیوام وایە خودای گەورە لەهەموو تۆبە کارێک خۆشبێت.

- فەرحاق:- ئامین لە هەموولایەک.

- زانیار:- کاک فەرحاق لەو دنیا  ئێوەش بەهەمان شێوە بەشداردەبن هەر وەک ئەم دنیایە؟

- فەرحاق:- بەشدار دەبین بەڵام وەک ئەم دونیایە نیە  واتا پێچەوانە دەبێتەوە.

- زانیار:- واتا چۆن پێچەوانە دەبێتەوە؟

- فەرحــاق:- لەم دونیــایەدا ئــێمەی جــن ئێــوەی مرۆڤ دەبینین و ئێوەی مرۆڤیش ئێمەی جن نابینن، بەڵام لەو دونیا کردارەکە پێچەوانە دەبێتەوە ئێوە ئێمە دەبینن بەڵام ئێمە ئێوەی مرۆڤ نابینین ئەمەش خودا بۆ خۆی زانایە لە کارەکانی.

- زانیار:- زۆر ڕاستە دەست خۆش.

- فەرحاق:- لەخزمەتدام کاک زانیار.

- زانیار:- زۆر سوپاس کاک فەرحاق، باشە کاک سەرسیل بۆ تۆ هیچ ناڵێیت؟

- سەرسیل:- گوێبیستی قسەکانی ئێوە بووم چی بڵێم.

- زانیــار:- بەڕاســت دەمەوێ هەنــدێک پرســیارم وەڵام بدەیتەوە.

- سەرسیل:- وەک چی کاک زانیار؟

- زانیار:- ئێوەی جنۆکە لەچی هاتونەتە بوون واتا لە چی دروست کراون؟

- سەرسیل:- لە ئاگر دروست کراوین. وەزۆرینەی کافر و بێبڕواکان دەڵێن کە جنۆکە لەئاگر دروست

کرابێت چۆن خودا سزایان دەدا و دەیان کاتە ناو ئاگر! ئەگەر وابێ جنۆکەکان ئازار ناچێژن چونکە خۆیان لە ئاگرن، بەڵام ئەوە ڕاستیە کە خودا لەبەر تاوانەکانمان دەمان خاتە ناو ئاگری دۆزەخ و وە ئازار دەچێژین هەر وەک مرۆڤێک کە بکرێتە ناو ئاگر ئێمەش دەسوتێین بەئاگر وە ئازار دەچێژین و دەشمرین هەر بۆیە خودای باڵا دەست بمان پارێزێت لە ئاگری دۆزەخ.

- زانیار:- زۆر ڕاستە. واتا ئێوەش خودا سزا و پاداشتی بۆ داناون؟

سەرسیل:- بەڵی، هەروەک مرۆڤەکان لێپرسینەوە و دادگایمان هەیە.

- فەرحاق:- کاک زانیار مرۆڤ زۆر ڕێزدارن لەلای خودا و زۆر لە بوونەوەرەکانی تر پلەو ڕێزیان زیاترە. هەر بۆیە مرۆڤ لە گەورەیی خۆی تێگەیشت لەلای پەروەردگاری هەرگیز لە فەرمانەکانی خودا لاناداو ئاگری دۆزەخ بۆ خۆی ئامادە ناکات.

- زانیار:- بەڵی ڕاستە، بەڵام زۆرینە هێندە لووت بەرزن کە نایانەوێ داوای لێخۆشبون لە پەروەردگار بکەن و داننانێن بە بوونیدا و لە فەرمان و یاساکانی لادەدەن بەڕاستی مرۆڤ زۆر چاو نەترس و بێخەمە. ئەو مرۆڤانەی کە بێئاگان لە دین سەرگەردانن و ڕێگایەکی هەڵەیان هەڵبژاردووە.

- سەرسیل:- بەڵام سوپاس بۆ خودا ئیسلام ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە. ڕۆژێک دادێت ئیسلام زۆرینەی هەموو جیهان دەبێت.

- زانیار:- بەڵی ئیسلام تاکە هەڵبژاردەیە بۆ ئەوەی ژیانێکی سەر بەرز و ئاسودەت هەبێت هیوام وایە ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆمان ببینین کە زۆرینە ئیسلامە لەسەر ئاستی دونیا.

-فەرحاق:- باشە زۆربەمان دەزانین نیشانەکانی تورەبونی خودا چەند ترسێنەرە، بەڵام چاو نەترسی بەو ڕادەیەی بێ باوەڕان سڵ لەو تورە بوونە نەکەنەوە!. هەتا بەر سزاکانی پەروەردگار دەکەون. کاتێک مرۆڤ یان جنۆکەکان ئەو هەموو تاوانە دەکەن

کە داوای لێخۆشبون دەکەن خودا لێیان خۆش دەبێ و دەرگایان بەڕودا داناخات ئەوە نیشانەی میهرەبانی و بەخشندەیی خودایە.

- زانیار:- سوپاس بۆ خودا کە هێندە بەسۆزە لەگەڵ بەندەکانی، هەرگیز دەرگاکان داناخات لە ڕوومان‌دا بۆ گەڕانەوەمان بۆ لای خۆی.

- سەرسیل:- بێگومان نیشانەی میهرەبانیە کە لەو هەموو تاوانەمان خۆش دەبێت.

- فەرحاق:- زۆر ڕاستە سەرسیلی برام.

- زانیار: من سەرەتا کەسێک بووم دوور بووم لە دین، بەشێوازێک هەموو پابەند بوونێکی دینم ڕەت دەکردەوە.

- سەرسیل:- مانای وایە سەرتاپا گۆڕاویت و ڕێگایەکی باش و ڕاستت گرتۆتەبەر بەڵام دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست دەبێت هەوڵی بۆ بدەی ئاسان نیە، کاک زانیار. دەزانم هۆکاری گەڕانەوەی تۆ یان بڵێم هۆکاری تێگەیشتنی تۆ لە دینی ئیسلام ئێمەی جن

بووینەتە هۆکار بەتایبەت بەرکەوتنت لەگەل مندا بەڵام چۆن بوو بۆم باس بکە؟

- زانیار:- بەڵێ سەرەتا هۆکار بۆ تێگەیشتنم تۆ بووی کە هاتی بۆلام درکم کرد کە دروستکراوی تر هەیە کە پێیان دەوترێ جنۆکە هەر زوو ئەوڕاستیەم بینی کە جنۆکە کافرەکان ناتوانن لەبەر قورئاندا خۆڕاگربن و بەرەنگاری ببنەوە لەو ڕێگەیەشەوە زانیم قورئان چەند گەورە و پیرۆزە بڕیارمدا ئەو دینە پەیڕەو بکەم سوپاس بۆ خوا.

- سەر سیل:- زۆر ڕاستە سوپاس بۆ خوا منیش بە قسەکانی تۆ و درککردنم بە گەورەیی قورئان بووە هۆکاری تێگەیشتن و گەڕانەوەم.

- فەرحاق:- ئافەرین، هەرکاتێک ڕاستیت بینی پێویست بە ترس ناکا و هەنگاو بنێ بۆ لای، هەموومان گوناهمان کردووە بەڵام ئێمە دەبێت بە چاکە و خواپەرستی خۆمان وابکەین خودای گەورە لێمان خۆشبێت.

- زانیـار:- هیـوام وایە ئەو مـرۆڤ و جنـانەی کە لـوتبەرزی و یـاخی بوونیـان هەڵبـژاردووە بەزوتـرین کـات هیـدایەت وەرگـرن و بگەڕێـنەوە بـۆ لای پەروەردگار. ئێمە هەرچیەک بکەین و هەرچیەک بین لەکۆتاییدا دروستکراوی خوداین.

- سەرسیل:- ئێمە دەبێت بڕۆین کاک زانیار.

- فەرحاق:- دڵنیـابە بـۆ ماڵئـاوایی دێینەوە بۆ لات، بەڵام ئـێمە هەوڵـی تەواو دەدەیـن پـێش ئەوەی هەمـوو ئەو جنـۆکە کـافرانە دوور بخەیـنەوە لێـت، ئەوکـات دەڕۆیـن بەڵام دڵنیـابە کـاک زانیـار ئەگەر هـاتوو تـۆ لە کـار و یاسـاکانی ئیسـلام دابـڕای، ئەوە ئـێمە نـاتوانین هاوکاریـت بکەیـن ئەوان دێـنەوە دووبـارە بـۆ ئەوەی کاری خراپت پێبکەن.

- زانیار:- بەدڵنیاییەوە من بۆ خودای خۆم ملکەچم و لە یاساکانی دەرناچم. هیچ هێزێک نیە مـن لەم دینە دابـبڕێت هەر بۆیە بەشـێوەیەکی بـاش تێگەیشـتوم لەم دیـنە بەڵام هەرگیـز نە دەبـمە شـوێنکەوتوی کەس نەدەچمە ناو گروپ و لایەنەکانی مرۆڤە ئیسلامیەکان

من تەنیا یاساکانی ناو دینەکەم پەیڕەودەکەم شوێن کەوتووی قورئان و پێغەمبەرم (د.خ).

هەربۆیە چونە ناو کۆمەڵەو لایەنەکانەوە دورت دەخاتەوە لە دین و کار لەسەر مێشکی مرۆڤ دەکات. کە لایەنی بەرامبەری بە کافر و بێباوەڕ بزانێ، کە لەڕاستیدا هەمووومان موسوڵمانین.

- فەرحاق:- باشە سوپاس بۆ خوا ئێمە دەبێت بڕۆین خوات لەگەڵ.

- سەرسیل:- خوات لەگەڵ.

- زانیار:- خواتان لەگەڵ بێت، ئەوان ڕۆشتن.

منیش وەک هەمیشە کارەکانی ژیانی خۆمم بەڕێدەکرد. ژیانێکی ئاسایی و زۆر دڵخۆشم بەسەر دەبرد و نوێژ و ڕۆژوی خۆمم بەباشی بەڕێدەکرد. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شارەزاتر دەبووم لە ئیسلام بەڵام نەک بەشێوەیەک کار بکاتە سەر ژیانی ئاسایی خۆم و جوانیەکانی ژیان کە خودا بۆی دابین کردووین کە هەندێک لەوانە هەن ئەگەر من وەک ئەو بیرنەکەمەوە کەوابێت کافر و گومڕام.!

ئیسـلام ڕێگەی داوە ژیـانی خـۆت بـکەی بەجوانیەکانیەوە، دینەکەشت بەباشی پەیڕەو بکەی لە خـوا پەرسـتی و یاسـای ئەودیـنە جێبەجـێ بـکەی وە ژیان بکەی بە مەرجێک نەبێتە هۆی تاوان.

چەنـد مانـگ تێپەڕبـوە بەسـەر بینینـی ئەو دوو هاوڕێ بەڕێزەدا کاک (سەرسیل)و کاک (فەرحاق).

کەم کەم ڕادێم لەگەڵ ڕاستیەکان. دەزانم کە ئەوان نـاتوانن هەمیشـە لەلام بـن وەک مرۆڤێـک. ئەوان لەدوونیـایەکی جیـاواز لەم دوونیـایە دەژیـن ئـێمە ناتوانین هەموو کات بیان بینین. ئەوانیش هەر وەک مرۆڤ سەرقاڵی کاری ڕۆژانەو دینداری خۆیانن هیوام وایە سەلامەتبن هەموو کات.

وەک بەڵێنم دابوو هەموو ئەو ئایەتانە سەبارەت بە جنۆکەکـانن و ئەو بابەتـانەی باسـی ئەوان دەکـا لە کۆتـایی ئەم کتێبەدا بۆتـان دادەنێم بۆ ئەوەی خـوێنەر سودمەند ببێت لێیان بەشێوەیەکی ئاسان لێی تێبگەن وە بتوانن پەیڕەوی بکەن.

ڕۆژانە هاوڕێیانم دەبینی و سەردانم دەکردن وەک (بـاوکی زەیـد) و (چـاوان) وە (ئـالانیش)، پەیوەنـدیم هەبـوو لەگەڵیانـدا هەر بـۆیە ئەوان چەنـد هـاوڕێیەک بـوون زۆر بـاش و بەڕێـز بـوون توانیـان مـن بگەیەنـن بەم ڕۆژگارەی ئێستا، هەر بۆیە ناکرێت لەیادیان بکەم.

لە بـاخچەی مـاڵەکەم دا سـەرقاڵی بڕینی چـیمەنەکە بووم و گرنگیم بە باخچەو دارەکان دەدا.

(سەرسیل) و (کاک فەرحاق) دەرکەوتن! سـڵاویان کرد

- زانیار:- سڵاو بەخێر بێن هاوڕێیان ئێوە لەکوێن بۆ هێندە دواکەوتن؟

سەرسـیل:- وتمـان بـا کەمێـک بیرمـان بـکەی. ئەڵێـی چی هەموو ئیشی باخچەکەت بۆ بکەم؟

- زانیـار:- بەڕاسـتی بیـرم دەکـردن، نـا سوپاسـت دەکەم (سەرسیل) گیان ئەزێتت نادەم.

- سـەرسـیل:- ئەزێتـی چـی بەچـاوان بـۆت دەکەم. ئێمە هیلاک نابین بۆ موسوڵمان لە خزمەتداین.

- فەرحـاق:- بـا بیکـات بـۆت کـاک زانیـار، زۆر حەزی بەئیش کردنە سەرسیلی برام.

- زانیار:- باشە فەرموو ئەزێتیشە بەخوا.

- سەرسیل:- ئەزێت نیە.

- فەرحـاق:- سەرسـیل ئیشـی جـوانە، بە ئیهمـالی نایکا بێخەمبە سەیرکە تەواو بوو.

- زانیـار:- بەڕاسـت چـۆن ئـاوا بە زوویـی ئەو هەمـوو ئیشـەت تەواو کـرد؟!، ئـافەرم سـوپاس (سەرسـیل) گیـان بـا بچینـە ژوورەوە، فەرمـوون کـاک فەرحاق، سەرسیل وەرن.

- فەرحـاق:- ببـورە کـاک زانیـار هـاتوین بـۆ مـاڵ ئاوایی کردن و دەبێ زوو بڕۆین.

- سەرسیل:- ڕاسـتە دەبێ زوو بـڕۆین، گەردنمـان ئازادبکەو گەردنت ئازادبێت.

- زانیـار:- گەردنتـان ئازادبێت، هیـوادارم سـەلامەت بن و ئەمانەتی خوابن.

هێنـدەی چاوتروکانـدنێ نەمـان لەوێ و ڕۆشـتن، بەڕاسـتی دڵـم زۆرر تونـد بـوو بە ڕۆشـتنیان خـوای

گەورە ســەلامەتیان بکــات. ئەوە دووســاڵ تێپەڕبــووە بەســەر دوا بینینیــان و مــاڵ ئــاوایی کردنیــان هیــوای سەلامەتیان بۆ دەخوازم،

ژیــانی مــن ئاســایی بــۆتەوەو هــیچ کێشــەیەکم بــۆ دروست نەبووە لە لایەن جنۆکە کافرەکانەوە لەماڵ و ژیانم دوور کەوتونەتەوە وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیان دەکەم و سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی خۆمم، تارمایییەکان لەم ماڵەدا نەماون.

* خـوای گەورە لە قورئـانی پیـرۆز دا بەم شـێوەیە باسی جن و بوونی جنی کردووە

• وَقَـالَ الَّـذِينَ كَفَـرُوا رَبَّنَـا أَرِنَـا اللَّـذَيْنِ أَضَـلَّانَا مِـنَ الْجِـنِّ وَالْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ الْأَسْفَلِينَ
[فصلت آية ٢٩]

کـافران ئـەڵـێن: ئـەی پـەروەردگار ئـەو دووانـەمان نیشان بدە لە جـن و مرۆڤـ کـە ئێمـەیان گومڕا کـرد تـا بیانخەینە ژێر پێمانەوە بۆ ئەوەی زیاتر بچنە ژێرەوەی ئـاگری دۆزەخ. لـە نزمتـرین پلەیـدا زەلیـل و ڕیسـوا بـن بـەهۆی ئەوانـەوە ئێمـە گـومڕا بـووین، (مەبەسـت پێـی ئیبلـیس و قـابیلی کـوڕی ئادەمـە، ئیبلیسـە کـە بـانگی خـەڵکی دەکـات بـۆ هـەموو شـیرک و کـوفرو تـاوان و خراپەیـەک، وە قابیـل یەکـەم کـەس بـوو کـە کوشـتنی داهێنـا لەسـەر زەوی و تـا ڕۆژی قیامـەت هەرکەسـێک بکوژرێت تاوانەکەی دەچێتـەوە سـەر شـانی ئـەو بـەبێ ئەوەی لە تاوانی بکوژەکە کەم بکاتەوە).

* وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَـا خَلْفَهُمْ وَحَـقَّ عَلَـيْهِمُ الْقَـوْلُ فِـي أُمَـمٍ قَـدْ خَلَـتْ مِـن قَـبْلِهِم مِّـنَ الْجِـنِّ وَالْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ [فصلت آية ٢٥]

شەیتانی جن و مرۆڤمان زاڵ کرد بەسەریاندا وەکو هاوەڵ کە بەردەوام لەگەڵیاندا بن و کردەوەی خراپی رابردوو داهاتوویان بۆ ڕازاندنەوەو وایان لێ کردن کە تاوان بکەن، یان لە دونیا کردەوەی خراپیان بۆ رازاندنەوە، وە بۆ قیامەتیش وتیان: لەوێ سزاو دۆزەخ نیە وە سزای خوای گەورە بەسەریاندا جێبەجێ بوو. هەروەکو چۆن بەسەر ئوممەتە کافرەکانی پێشتردا جێبەجێ بوو لە ( جن ومرۆڤ ) ئەمان بەڕاستی کەسانێکی زەرەرمەند بوون.

•أُولَٰئِكَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ [الأحقاف آية ١٨]

ئەوانەی کە ئەم قسانە ئەکەن و خاوەنی ئەم بیروبۆچوونانەن ئەمانە سزای خوای گەورەیان بەسەردا جێبەجێ ئەبێت وە دەچنە ناو کۆی هاوشێوەکانیان لە کافرانی ئوممەتانی پێش ئەمان کە بە بێباوەڕی ڕۆیشتوون لە (جن و مرۆڤ) کە بەڕاستی زەرەرمەندی ڕاستەقینە ئەم کەسانەن کە باوەڕیان بە زیندوو بوونەوە نیە.

• وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ
[ الأحقاف آية ٢٩ ]

ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - کۆمەڵێک لە جنەکانمان نارد بۆ لات کە گوێ لە قورئان بگرن، کاتێک کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - لە دۆڵی (نەخلە) قورئانی بۆ صەحابە ئەخوێندەوە جنەکان کە نۆ جن بوون هاتن و گوێیان لە قورئان گرت و خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند کاتێک ئامادەی قورئان خوێندنەوەکە بوون هەندێکیان بە هەندێکیانیان وت: بێ دەنگ بن و گوێ بگرن کاتێک کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - لە قورئان خوێندنەکە تەواو بوو گەڕانەوە بۆ لای قەومەکەیان وە ئاگاداری قەومەکەیان کردەوە کە ئیمان بێنن.

* وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ [الذاريات آية ٥٦]

جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە ( تاک و تەنها ) بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن.

• يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ تَنْفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانْفُذُوا لَا تَنْفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ [الرحمن آية ٣٣]

ئەی گرۆی ( جن و مرۆڤەکان )ئەگەر توانیتان لەلایەکانی ئاسمانەکان و زەویەوە دەربچن و ڕابکەن لە ترسی مردن یان لە ترسی دەسەڵاتی خوای گەورە، ئەوە بڕۆن و ڕابکەن، بەڵام ئێوە ناتوانن و توانای ڕاکردن و خۆپاراستن و دەرباز بوونتان نیە لە گۆڕەپانی مەحشەر، ئیلا بە بەڵگەو تواناو فەرمانی خوای گەورە نەبێت.

• قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا [الجن آية ١]

ئەی محمد – صلى الله عليه وسلم – هەواڵ بدە بە ئوممەتەکەت بڵێ خوای گەورە وەحی بۆ من ناردووە لە ڕێی جبریلەوە (عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) کە کۆمەڵێک لە جنەکان کە جنی (نوصیێبین) بوون گوێیان لە قورئان خوێندنی پێغەمبەری خوا بوو –صلى الله عليه وسلم– وە باوەڕیان پێهێناو موسڵمان بوون، هیچ پێغەمبەرێک –صلى الله عليه وسلم– لە (جن) نەبووە بەڵکو

پێغەمبەران هەموویان مرۆڤ بوون وە هەموویان پیاو بوون پاشان جنەکان گەڕانەوە بۆ لای قەومەکەیان وتیان: بەڕاستی ئێمە گوێبیستی قورئانێک بووین زۆر سەرمان سوڕماو سەرسام بووین پێی، لە ڕەوانبێژی و پەندو ئامۆژگاری و بەرەکەتیدا.

• وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن تَقُولَ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا [الجن آية ٥]

وە ئێمە وا حسابمان نەئەکردو وا گومانمان نەئەبرد کە مرۆڤ و جنەکانیش درۆ بۆ خوای گەورە هەڵبەستن، کە بڵێن خوای گەورە شەریکی هەیە یان خێزانی هەیە یان منداڵی هەیە، گومانمان نەئەبرد کە ئەم درۆیە بۆ خوای گەورە هەڵبەستن بەڵام کاتێک گوێمان لە قورئان بوو ئیمانمان پێ هێنا زانیمان کە ئەمانە لەم شتانەدا درۆ ئەکەن و درۆ بۆ خوای گەورە هەڵئەبەستن، وە خوای گەورە پێویستی بەم شتانە نییە.

• وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا [الجن آية ٦]

وە پیاوانێـک لــە مرۆڤــەکان پــەنایان ئــەگرت بــە پیاوانێـک لـە جنەکـان ئـەوانیش زیـاتر دەیانترسـاندن، عـەرەب کـاتی خـۆی بچوونایەتـە دۆڵێکـەوەو بترسـانایە ئەیانووت: پەنا ئەگرین بە گەورەی جنەکانی ئەم دۆڵـە لــە خراپــەکاری قەومەکــەی ئــەوانیش کــە زانییــان مرۆڤـەکان لێیـان ئەترسـێن، زیـاتر ترسـاندیانن یـان زیـاتر تووشـی تاوانبـاری و کوفریـان کـردن، چونکـە پەناگرتن جگە لە خوای گەورە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خــوا یــان زیــاتر جورئــەتیان پەیــدا کــرد بــۆ گیــان مرۆڤـەکان. سـەرەتا جنەکـان لـە مرۆڤـەکان دەترسـان، بــەڵام کــە بینیــان مرۆڤــەکان لــەمان ئەترسـێن زیـاتر ترساندیانن.

• وَإِذْ قُلْنَـا لِلْمَلَائِكَـةِ اسْـجُدُوا لِآدَمَ فَسَـجَدُوا إِلَّا إِبْلِـيسَ كَـانَ مِـنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَـهُ وَذُرِّيَّتَـهُ أَوْلِيَـاءَ مِن دُونِـي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا　[االكهف آية ٥٠]

کاتێـک ئێمـە بـە فریشـتەکانمان وت کڕنۆشـی ڕێـزو ئیحتـرام و بەگـەورەزانین بـۆ ئـادەم بـەرن هـەموویان کڕنۆشیان برد، تەنها ئیبلیس نـەبێ کـە ڕەتیـی کـردەوە

کڕنۆش بۆ ئادەم بەرێت و وتی: من لەو باشترم منت لە ئاگر دروست کردووە ئەوت لە خۆڵ دروست کردووە.

ئیبلیس مەلائیکەت نەبووە بەڵکو لە جن بوو وە لە گوێڕایەڵی و فەرمانی خوای گەورە دەرچوو، ئایا ئێوە ئیبلیس و نەوەکانی ئەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان؟ جگە لە من لە دوای ئەوەی کە بێ فەرمانی خوای گەورەی کرد لە کاتێکدا ئەوان دوژمنی ئاشکرای ئێوەن خراپترین شتە کە ستەمکاران خۆشەویستی و پشتیوانی خوای گەورە ئەگۆڕنەوە بە شەیتان.

• قَالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ [النمل آية ٣٩]

لەناو جنەکاندا عفریت هەبوو کە جنێکی زۆر گەورە بوو وەکو شاخ وابوو، وتی: من ئەو عەرشە گەورەیەت بۆ دێنم و لەبەر دەستتدا دایئەنێم پێش ئەوەی کە تۆ دانیشتوویت لە جێی خۆت هەستیت من بۆ هێنانی ئەو عەرشە زۆر بەهێزو ئەمینم و دەستکاری هیچ شتێکی ناکەم.

• وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ [السجدة آية ١٣]

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئەگەر ئێمە ویستمان لێ بوایە هەموو کەسێکمان هیدایەت ئەدا بۆ ڕێگای ڕاست وە هیچ کافرێک لەسەر زەوی نەئەبوو، بەڵام وتەی من جێبەجێ بووە وە بڕیاری خۆمداوە ئەبێ دۆزەخ لە کافرانی جن و مرۆڤەکان پڕ بکەم.

• وَجَعَلُوا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِنَّةِ نَسَبًا وَلَقَدْ عَلِمَتِ الْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ [الصافات آية ١٥٨]

ئەیانووت: خوای گەورە لەگەڵ جنەکاندا نەسەب لە نێوانیاندا هەیە، ژن و ژن خوازی لە نێوانیاندا هەیە خوای گەورە داوای جنی کردووە جنیان داوەتەوە خوای گەورەو مەلائیکەتیش لەو بووە، لە کاتێکدا کە جنە کافرەکانیش ئەزانن ئامادەی ئاگری دۆزەخ و سزای خوای گەورە ئەبن لەسەر ئەم درۆ هەڵبەستنانە.

• وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ [ الأنعام آية ١٠٠ ]

لەناو مرۆڤیشدا کەسانێک هەن کە جنیان کردووە بە شەریک بۆ خوای گەورەو عیبادەتیان دەکەن و بەگەورەیان دەزانن، یان گوێڕایەڵی جنیان کردووە لە پەرستنی بتەکانیان، لە کاتێک کە ئەزانن خوای گەورە ئەوانی دروست کردووە نەک جنەکان ئەوانی دروست کردبێ ئەی بۆ ئەیانکەنە شەریک بۆ خوای گەورە،

موشریکەکان ئەیانووت: مەلائیکەت کچی خوایە، گاورەکان ئەیانووت: عیسی کوڕی خوایە، جوولەکە ئەیانووت: عوزێر کوڕی خوایە، کوڕو کچیان بۆ خوای گەورە هەڵدەبەست بەبێ ئەوەی کە زانیاریان هەبێ، بەڵکو لە نەزانی و نەفامیانەوە بوو پاک و بەرزو بڵندی بۆ خوای گەورە، خوای گەورە زۆر لەوە پاک و بەرزو بڵندترە. لەو قسە پووچەڵانەی کە ئەوان ئەیانکرد کە کوڕو کچ ئەدەنە پاڵ خوای گەورە، خوای گەورە پێویستی پێی نیە.

• يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا قَالُوا شَهِدْنَا عَلَىٰ أَنفُسِنَا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ
[الأنعام آية ١٣٠]

ئـەی گـرۆی جـن و مرۆڤـەکان ئایـا پێغەمبـەرتان لـە خۆتـان بـۆ نـەهات کـە ئایەتـەکانی منتـان بەسـەردا بخوێننەوە، وە ئاگادارتان بکەنەوەو بتانترسێنن، لەوەی کـە ئـەم ڕۆژە ڕۆژی قیامەتـەو ڕووبەڕووی خـوای گەورە ئەبنـەوەو ئەگـەن بـەخوای گـەورە، (پێغەمبـەران هـەموویان لـە مـرۆڤ بـوون بـەڵام بـۆ جنەکـانیش هـاتوون، هـیچ پێغەمبـەرێک لـە جن نـەبووە) بـەڵێ ئێمـە شایەتین بەسەر خۆمانەوە کە پێغەمبەران هـاتوون وە ئێمەیان ئاگادار کردۆتەوە بەڵام ژیانی دونیا لەخشتەی بـردوون و فریـوی داون وە شـایەتی تـریش ئـەدەن بەسەر خۆیاندا لە ڕۆژی قیامەت کە ئێمـە بەڕاستی لـە دونیـا کـافرو بێبـاوەڕ بـووین کـە شـوێن پێغەمبـەران نەکەوتین.

• قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا [الإسراء آية ٨٨]

ئـەی محمـد - صـلى اللـه عليـه وسـلم - پێیـان بڵـێ: ئەگەر مرۆڤەکان و جنەکان هـەر هـەموویان کۆببنـەوە، بـۆ ئـەوەی هاوشـێوەی ئـەم قورئانـە بێـنن نـاتوانن

هاوشێوەی قورئان بێنن، ئەگەر هەندێکیان پشتیوان و سەرخەری هەندێکی تریان بن و یارمەتی هەندێکی تریان بدەن (چونکە قورئان کەلامی خوایەو چۆن قسەی مرۆڤ وەکو قسەی خوای گەورە دەبێت؟!).

*بۆ چارەسەر کردن و نەمانی جنۆکە لەلەشدا بە بەکارهێنانی ڕوقیەی شەرعی واتا ئەو سورەت و ئایەتانەی بۆ ڕوقیە دەخوێنرێ بەسەر کەسی نەخۆشدا، کە ئایەتەکانی بەکاردێت بۆ شەیتان و جنۆکەکان لە ڕێگای ئەم ئایەتانەوە ئەتوانی بزانیت شەیتان و جنۆکە لەناو لەشدا هەیە یاخود نا، بۆ سوتاندنیان و وە هەروەها بۆ ئازاردانیان بەکاردێت بەشێک لەو ئایاتەنە بریتن لەمانە:-

• وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ [طه آية ٦٩]

ئەوەی لە دەستت دایە کە گۆچانەکەیە، هەڵی بدە هەموو مارو هەژدیهاکانی ئەوان قوت ئەدات. کە خۆی لە حەقیقەتدا گۆچان و حەبلە بەڵام لە پێش چاوی خەڵک بووە بە مارو هەژدیها. ئەگەر نا حەقیقەتی نیە

ئـەوەی ئـەوان کردوویانـە تـەنها فرۆفێڵێکـی سـاحیرەو سیحرو جادووە، هیچ شتێکی تر نیە تەنها خەیاڵە لە پـێش چـاوی خـەڵکی وایـان کـردووە، وە سـاحیریش هەرگیز سەرفراز نابێ بەو سیحرەی کە ئەیکات.

• فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ أَلْقُوا مَا أَنتُم مُّلْقُونَ [یونس آیة ٨٠]

موسی – صلی الله علیه وسلم – فـەرمووی: چیتـان پێیە ئێوە سیحری خۆتان بکەن کە حـەبل و گـوریس و گۆچانەکانیان هەڵداو سیحریان لە چاوی خـەڵکی کـردو لە پێش چاوی خەڵکی بوو بە مارو هەژدیها.

• فَلَمَّا أَلْقَوْا قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللَّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ [یونس آیة ٨١]

کە هەڵیانداو سیحریان کرد موسا – صلی اللـە علیـە وسلم – فەرمووی: هەر سیحرێک کە ئێوە هێنابێتتـان، خـوای گـەورە پووچـەڵ و بـەتاڵی ئەکاتـەوە بەراسـتی خوای گەورە ئیشوکاری کەسانی ئاشـووبگێڕو گەندەڵ سەر ناخات و چاکی ناکات، بەڵکو لەناوی ئەدات.

• وَيُحِقُّ اللَّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ [یونس آیة ٨٢]

وە خـوای گـەورە بـە مـوعجیزەو بەڵگـەکانی خـۆی حەق جێگیرو دامەزراو دەکات وە ڕوونـی ئەکاتـەوە بـا خراپــەکارانیش لــە فیرعــەون و شــوێنکەوتوانی پێیــان ناخۆش بێت.

• وَالصَّافَّاتِ صَفًّا [الصافات آية ١]

خوای گەورە سوێند ئـەخوات بـە فریشـتەکان کـە لـە ئاســماندا پۆلیــان بەســتووە و پــۆل پــۆل بــە ڕێکــی ڕاوەستاون وەکو پۆلی موسڵمانان لە نوێژدا.

• فَالزَّاجِرَاتِ زَجْرًا [الصافات آية ٢]

وە سوێند بێت بـەو فریشـتانەی کـە هـەورەکان بـەڕێوە ئەبـەن، یـان بەرهەڵسـتی ئـەو خراپەکاریانـە دەکـەن کـە خوای گەورە لە قورئاندا قەدەغەی کردوون.

• فَالتَّالِيَاتِ ذِكْرًا [الصافات آية ٣]

وە سوێند بێت بەو فریشتانەی کە قورئان ئـەخوێنن، یان زیکرو عیبادەتی خـوای گـەورە ئەکـەن، وە لەلایـەن خوای گەورەوە قورئان بۆ خەڵکی دێنن.

• إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَاحِدٌ [الصافات آية ٤]

بـەدڵنیایی پـەروەردگارو پەرسـتراو و خـوای ئێـوە تـەنها پەرسـتراوێکە کـە زاتـی پیـرۆزی (الله)یـەو پەرستراوی حەقەو تاک و تەنهاو بێ شەریکە.

• رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ الْمَشَارِقِ [الصافات آية ٥]

ئـەو (الله)یـە پـەروەردگاری ئاسـمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان و پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتەکانیشە.

• إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ [الصافات آية ٦]

ئێمـە ئاسـمانی دونیامـان ڕازاندۆتـەوە بـەو ئەسـتێرە جوانانە.

• وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ [الصافات آية ٧]

وە بەو ئەستێرانە پاراستومانە لە هەموو شـەیتانێکی سەرکەش و دەرچوو لـە گوێڕایـەڵی خوای گـەورە، کـە بیانـەوێت هـەواڵی ئاسـمان بـدزن و بـۆ فـاڵچی و جادووگەرانی بێنن ئـەوا بـەو ئەستێرانە لێیان دەدرێت و دەسوتێنرێن.

• لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ [الصافات آية ٨]

ناتوانن گوێ بگرن لە فریشتەکانی سەرەوە کە ئەگەر گوێ بگرن ئەوە لە هەموو لایەکەوە ئەو ئەستێرانەیان تێدەگیرێت.

• دُحُورًا وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ [الصافات آية ٩]

تێکئەشکێندرێن و لەناوئەبرێن وە لە رۆژی قیامەتیش سزایەکی هەمیشەیی و بەئێش و ئازاریان بۆ هەیە.

• إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ [الصافات آية ١٠]

تەنها ئەگەر یەکێک لەو شەیتانانە قسەیەک لە قسەی فریشتەکان برفێنێت و بیداتە شەیتانی خوار خۆی ئەوە دیسانەوە ئەستێرەیەکی گەشی سووتێنەر پێی دەگات و ئەیسووتێنێ.

• اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ [البقرة آية ٢٥٥]

خوا زاتێکە جگە لەو هیچ خوایەکی ترنیە کە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو

سەرپەرشـــتیاری هـــەموو دروســـتکراوەکانیەتی، نـــە وەنـــەوز دەیگرێـــت و نـــە خـــەو چونکـــە ڕاگـــرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە، هـەرچی لـە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیەتی کێیە ئەوەی دەتوانێت تکا بکات لـە لای ئـەو بـەبێ مۆڵـەتی خۆی دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویـداوەو ڕوودەدات. هـیچ کـام لـە دروســتکراوانی زانست و زانیاری تـەواویان نیـە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی مەگـەر بـەوەی کـە خـۆی بیـەوێت فێریـان بکـات ئـەم پێشـکەوتن و زانسـتەی سـەردەم بەشـێکی کەمن لە بەخششەکانی. خوا فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینـــی ئـــەو زاتە هـــەموو ئاســـمانەکان و زەوی گرتۆتـەوە و پارێزگاریـان دەکـات بـەلای خـواوە هـیچ گـران نیـە و مانـدووی ناکـات و هـەر ئـەو خوایـەکی بەرزو بڵند و گەورەیە.

• وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَىٰ شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ [البقرة آية ١٤]

کـاتێکیش دوورِووەکـان دەگـەن بەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە دەڵـێن: ئێمـە ئیمانـدارین و باوەڕمـان هێنـاوە!!، کـەچی کاتێـک بـە تـەنها دەمێننـەوە لـە لای شـەیتانە گـەورە و فێڵبازەکانیـان دەڵـێن: بەڕاسـتی ئێمـە لەگـەڵ ئێوەین، بێگومان ئێمە تەنها گاڵتەیان پێدەکەین و پێیان ڕادەبوێرین!!

• وَإِذْ قُلْنَـا لِلْمَلَائِكَـةِ اسْـجُدُوا لِآدَمَ فَسَـجَدُوا إِلَّا إِبْلِيـسَ أَبَـىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ [البقرة آية ٣٤]

کـاتێکیش بەفریشـتەکانمان وت: سـوژدە بـەرن بـۆ ئـادەم، سـوژدەی ڕێـزو بەفـەرمانی خـوا، وەکـو ڕووگەیـەک سـوژدەیان بـرد، جگـە ئیبلـیس نـەبێت کـە سـەرپێچی کردو خۆی بە گەورەزانی و خۆی خستە ڕیزی کافرەکانەوە.

• وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ [البقرة آية ٣٥]

ئینجـا وتمـان: ئـەی ئـادەم خـۆت و هاوسـەرت لـەم بەهەشتەدا ژیان بەرنەسەرو نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە، بەتێرو تەسـەلی، بـەڵام

نزیکی ئەم درەختە مەکەون، درەختێکی دیاری کراو بۆ تاقی کردنەوە لێیان قەدەغە کرا ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە.

• فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ [البقرة آية ٣٦]

شەیتان فرسەتی لێهێنان و لە خشتەی بردن وای لێکردن لە بەرو بوومی درەختە قەدەغە کراوەکە بخۆن و لەو شوێنە خۆش و پڕ لە نازو نیعمەتە بەدەرکردنی دان، ئەوسا پێمان وتن: مادەم سەرپێچیتان کرد ئیتر لێرە جێتان نابێتەوە، دەبێت دابەزنە خوارەوە بۆ سەر زەوی، جا لەوێ هەنێدکتان دوژمنی هەندێکتانن، شەیتان دوژمنی ئێوەیە و بەردەوام هەوڵ دەدات دوژمنایەتی لە نێوانتاندا بەرپا بکات، تاماوەیەکی دیاری کراو نیشتەجێ دەبن لەزەویداو لە نازو نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن.

• فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ [البقرة آية ٣٧]

پەروەردگار زوڵممان لە نەفسی خۆمان کرد، ئەگەر لیمان خۆش نەبیت و ڕەحممان پێ نەکەی ئەوە ئێمە لە زەرەرمەندان ئەبین کە وای فەرموو خوای گەورەش تەوبەی لێ قبووڵ کرد، بە دڵنیایی هەر خوای گەورەیە زۆر تەوبەی بەندەکان قبووڵ ئەکات و زۆر بە ڕەحم و بەزەییە.

• قُلْنَا اهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُون [البقرة آية ٣٨]

ئینجا وتمان: هەمووتان دەبێ دابەزن بۆ سەر زەوی، جا ئەگەر هەرکاتێک لە لایەن منەوە ڕێنومایيتان بۆهات، هەرکەس شوێن ڕێنوومایی من بکەوێت ئەوە نە ترس ونە غەمگین و دڵتەنگ دەبن.

• وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُنَ [البقرة آية ٣٩]

ئەوانەش بێ باوەڕ بوون و باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە نەبوو، ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن و بۆ هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە.

• يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ [البقرة آية ١٦٨]

ئــەی خەڵکینــە! لــە ڕزق و ڕۆزی حــەڵاڵ و پــاکی زەوی بخــۆن، تــوخنی قەدەغــە کراوەکــان مەکــەون و شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە.

• إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ [البقرة آية ١٦٩]

بێگومـان ئـەو شـەیتانە هـەر فـەرمان بـە خراپـەو گونـاهو تـاوان دەکـات و هـەروەها هانتـان دەدات بـۆ وتنـی هەنـدێک شـت یـان هەڵبەسـتنی هەنـدێک گوفتـار بـەدەم خــواوە بــێ ئــەوەی بــزانن کەســەرئەنجامی کارەکانتان چەندە مەترسیدارە.

• الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ [آل عمران آية ١٦]

ئــەو کەســانەی لــە بــاوەڕداران دوعــا ئەکــەن و ئەپاڕێنەوە ئەی پەروەردگار ئێمە ئیمانمان بەتۆ هێناوە بۆخاتری ئیمان هێنانمان پێت لە تاوانەکانمان خۆشبە وە بمانپارێزە لە ئاگری دۆزەخ.

• إِنَّ الَّـذِينَ كَفَـرُوا بِآيَاتِنَـا سَـوْفَ نُصْـلِيهِمْ نَـارًا كُلَّمَـا نَضِـجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَاهُمْ جُلُـودًا غَيْرَهَـا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ إِنَّ اللَّهَ كَـانَ عَزِيـزًا حَكِيمًا [النساء آية ٥٦]

بە دڵنیایی ئەو کەسانەی کە کوفریان بە ئایەتەکانی ئێمە کردووەو باوەڕیان پێ نەهێناوە ئەوانە ئەیانخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە کە ئاگرێکی یەکجار گەورەیە هەرکاتێک کە پێستەکانیان سووتا ئەوکاتە بۆیان ئەگۆڕین بە پێستەی تری تازە جگە لەو پێستە بۆ ئەوەی سزا بچێژن لەبەر ئەوەی هەست کردن بە ئێش و ئازار زیاتر لە پێستەکەدایە بۆ ئەوەی بەردەوام لە ئێش و ئازاردابن بەدڵنیایی خوای گەورە زۆر بەعیزەت و باڵادەست و کاربەجێیە.

• يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُوا مِنَ النَّارِ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنْهَا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ [المائدة آية ٣٧]

ئەمانە ئەیانەوێ لە ئاگری دۆزەخ دەرچن بەڵام بەهیچ شێوەیەک دەرناچن، واتە: کافران، بەڵام سەرپێچیکارو تاوانباری موسڵمانان کە شەریکیان بۆ خوای گەورە دانەنابێ لە دۆزەخ دەرئەچن، بەڵام

ئەوانەی کافرن لە ئاگری دۆزەخ دەرناچن و بۆ هەمیشەیی تیایدا ئەمێننەوە وە سزایەکی بەردەوام و هەمیشەییان بۆ هەیە.

• وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ [الأنفال آية ٥٠]

ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - کاتێک ببینی کە مەلائیکەت گیانی کافران ئەکێشێ لە جەنگی بەدر کە ئەیانکوژن لە دەموچاو و سمتیان ئەدەن، کە کافران لە غەزای بەدر ڕوویان لە موسڵمانان بکردایا فریشتە بە شمشێر لە ڕوویان دەدان، وە ئەگەر پشتیان هەڵکردایا لە دوایانەوە لێیان دەدان، یاخود فریشتەی گیانکێشان (ملک الموت) ببینی کە گیانی کافران ئەکێشێت بە گشتی ئەوا دیمەنێکی زۆر گەورەو سەرسوڕهێنەرو ترسناک ئەبینی کاتێک کە ڕۆحی کافران ئەکێشن وە لەو کاتەدا لە دەموچاو و دواوەیان دەدەن، وە پێیان ئەڵێن: بچێژن سزایەکی سووتێنەر کە ئەیانخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

• وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا

[الكهف آية ٢٩]

ئەی محمد – صلى الله عليه وسلم – بەو بێ ئاگایانە بڵێ: ئەم دینەی کە من هێناومە حەقەو هیچ گومانی تێدا نیەو لە لایەن خوای گەورەوەیەو لە لایەن کەسی ترەوە نیە جا هەرکەسێک ویستی لێیە با ئیمان بێنێ وە هەرکەسێکیش ویستی لێیە با کوفر بکات، بەڵام ئێمە بۆ ستەمکاران ئەوانەی کە کوفر هەڵئەبژێرن ئاگرێکمان بۆ داناون کە دەوری ماڵیانی گرتووە، وە ئەگەر داوای فریاکەوتن و ئاو بکەن ئەوە ئاوێکیان پێ ئەدرێ وەکو زەیت و مسی تواوە وایە، وە ڕەش و خەست و بۆگەنە بەئاگری دۆزەخ کوڵێنراوەو لەوپەڕی گەرمیدایەو دەموچاو و ڕوویان ئەسووتێنێ لەبەر گەرمی کە ئەمە خراپترین خواردنەوەیە وە خراپترین شوێنە کە تیایدا پشوو بدەن.

• لَوْ يَعْلَمُ الَّذِينَ كَفَرُوا حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ النَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ [الأنبياء آية ٣٩]

ئەگەر کافران بیانزانیایەو یەقینیان هەبوایە کە قیامەت دێت ئەو کاتە ئەبوایە وازیان بهێنایە لەم داواکاریەو پەلەی هاتنی سزایان نەکردایە، چونکە کاتێک کە ئاگری دۆزەخ دەیانگرێتەوە ناتوانن لە ڕوو و پشتی خۆیان ئاگرەکە لادەن چونکە لە هەموو لایەکەوە دەیانگرێتەوە، وە کەسێکیش نیە کە سەریان بخات و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بکات.

• يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ [القمر آية ٤٨]

لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی قیامەتە لەناو ئاگری دۆزەخدا لەسەر ڕوویان ڕائەکێشرێن وە پێیان ئەووترێ: دەی گەرمی و سەختی سزای ئاگری دۆزەخ بچێژن.

# کۆتایی

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

ژمارە :
رۆژ : / /کوردی ٢٧٢٠

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە : ١١٥٩
بەروار : ١٣/ ٧/ ٢٠٢٠

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
رۆیشتوو

بۆ/ ناوەندی سارا
بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ( ١٥٨٩ )ی ساڵی ٢٠٢٠ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (تارماییەک لەم ماڵدا) کە لە نووسینی زانیار محەمەد حەمە ئەمین)ە، بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە، کە بابەتەکەی ( چیرۆک )ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

فەرمانبەری رێپێدراو

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە/ رۆژ / / ٢٠

ئالان محمد رؤوف
بەرێوەبەر

تێبینی:

١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( )ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.
٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتی.

وێنەیەك بۆ/
- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦

تارماییەک لەم ماڵەدا

زانیار محەمەد حەمە ئەمین